دەرسیم پێشەوا

# شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ (١٩٨٠-١٩٨١)

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

دەرسیم پێشەوا

# شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ (١٩٨٠-١٩٨١)

- شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ (١٩٨٠-١٩٨١)
- دەرسیم پێشەوا

» دیزاین: کەمال حامد

» تیراژ: 500 دانە

» ساڵی چاپ: 2025

» چاپ: چاپخانەی پیرەمێرد

» زنجیرە: (560 - 95 )

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی ( ٢١٠١ ) ی ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری- بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

پێشکەشە بە:

- گیانی بەرزەفڕی سەرجەم گیان بەختکردووانی لە سێدارە دراو لە زیندانی موسڵ.

- گیانی بێگەردی سەرجەم ئەو کوردستانییانەی کە لە شارەکانی باشووی کوردستان یان زیندانی ئەبوغرێب گوللە باران کراون، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بەخشیووە یان لە سێدارە دراون.

- گشت ئەو تێکۆشەرانەی کە لە زیندانەکانی داگیرکاراندا ئەشکەنجە دراون و لە ئازادی بێبەشکراون.

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................................................... ٩
چۆنێتیی دەستگیرکردنی ئەو هاوڕێیانەی هەولێر ................................................. ١٣
یەکەم سەردانی زیندان و دیداری زیندانییەکان لە ژووری سێدارە ............................ ٢٥
هەوڵی یەکەمی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ ........................................ ٣٢
ئەو زیندانییانەی لە ماوەی نێوان هەوڵی یەکەم و دووەم لەسێدارە دران ٥٤
ئەو پۆلیس و زیندانییانەی سزاکەیان بۆ سووککرا ................................................. ٦٩
هەوڵی دووەمی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ ........................................ ٧٤
ئەو زیندانییانەی لە ماوەی نێوان (١٩٨١/٢/١-١٩٨١/٦/٢) دا لەسێدارە دران ........ ١٢٨
ئەو زیندانییانەی لە شەوی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری سێدارە بوون ............. ١٥٤
دەستگیرکردنی فازڵ و مەردان و دادگایی کردنیان ................................................ ١٥٨
ئەو زیندانییانەی دوای شکستی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لەسێدارە دران .......... ١٧٣
گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندێکی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ ................................ ١٩٣
گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکی ڕزگاربووی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ ............ ٢٠٢
گفتوگۆ لەگەڵ ئاواز حەمەدئەمین-ی هاوسەری لەسێدارەدراو ئەکرەمی حەپسە . ٢٢٢
دەرئەنجام ........................................................................................................ ٢٣١

# پێشەکی

ئامانجی سەرەکیم لە نووسینەوەی ئەم مێژووە (شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ)، کە ئەم ساڵ (٤٤) ساڵ بەسەر یادی ئەو ئۆپراسیۆن و هەوڵە نەوازەیەدا گوزەری کردووە، یاداشتکردنی ڕاستییەکانە، ڕزگارکردنی ئەم داستان و مێژووەیە لە لەناوچوون، شێواندن و بەلارێدا بردن، لەگەڵ بە دۆکۆمێنتکردنی مێژووی خۆڕاگری و خەباتی بێوچانی دەیان تێکۆشەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ە، کە تەنانەت لە ژووری سێدارەو چاوەڕوانی مەرگی لەناکاویاندا بێئومێد نەبووینە لە خەباتی نەپساوەی چینایەتیی و نەتەوایەتیی.

ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، کە یەکێکە لە گەورەترین سەروەریی زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، خەباتی نەپساوەی خەباتی زیندانییانی سیاسیی باشووری کوردستان، کە تا ئێستاکە هیچ بایەخێکی لە لایەنی پەیوەندیدار پێ نەدراوە، هیچی وایشی لەسەر نەنووسراوە. دەبوایە لەماوەی ئەو (٣٤) ساڵەی دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (١٩٩١) بەدواوە تا ئێستاکە، چەندان فیلمی دۆکۆمێنتاریی بۆ تەلەفزیۆن، دەیان ڕۆمان، سەدان بەرنامە و لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بۆ تەرخان بکرابایە، بەڵام کەم کەس هەبووە بایەخی پێ بدات.

زیندانی کردن و لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی بەعس و سەدام، لەپێناو لاوازکردن و نەهێشتنی هەستی نەتەوەیی، نیشتمانیی و چینایەتیی بوو، لەپێناو بێدەنگ کردنی خەڵکی ستەم دیدەی ئەم نیشتمانە بوو بۆ ئەوەی تا درێژترین ماوە کوردستان بە داگیرکراوی لەژێر دەستی عێراق بمێنێتەوە، بەعس

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، پەنای بردە بەر ئەنفالکردن، بەکۆمەڵکوشتن، سووتماککردنی خاک، لەسێدارەدان، گوللەباران کردن، زیندانیکردن، بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان و ڕاگوێزانی زۆرەملێیانەی کورد لە سەر خاکی خۆیی و نیشتەجێ کردنی عارەبی هاوردە لە سەر خاکی کورد، هەر کەسێکیش دەنگی ناڕەزایی بەرز بکردایەوە ژیانی دەکەوتە مەترسی و لەنێو دەبرا، بەڵام بەعس و سەدام لەم سیاسەتەیاندا بەهەڵەدا چووبوون، چونکە زیندان و خوێنی بەناهەق ڕژاوی زیندانییەکان بڵێسەی ئاگری شۆڕشی کوردیان لە چیاکانی باشووری کوردستان بەرزترو گەشتر دەکرد.

خەباتی شاخ و شار، واتە ڕێکخستن و زیندانییە سیاسییەکان، هەمیشە شانبەشانی شۆڕشی چەکداریی کوردستان هاوکار و تەواوکەری یەکتر بووینە. خەباتی چەکداری پێشمەرگەی شاخ و شۆڕشی کوردستان لەلایەک و خۆڕاگری ڕێکخستنەکان لە شارو زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ڕژێم لەلاکەی ترەوە، بوونەتە دوو دیوی یەک دراو، هەرچەندە خەباتی یەک ڕۆژی زیندان بەساڵێک خەباتی پێشمەرگایەتی و چەکداری هەیە!

ئەوەی لەم پەرتووکەدا باسی دەکەم دوو هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵە، کە هەوڵی یەکەم لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی (١٩٨٠) و بە لەسێدارەدانی ئەکرەمی حەپسە لە مانگی دواتر بەبێ پیادەکردنی هەوڵەکە کۆتایی هات، هەوڵی دووەم لە سەرەتای مانگی دووی ساڵی (١٩٨١) تا سەرەتای مانگی شەشی هەمان ساڵ درێژەی کێشا، دەرگاکانی زیندان شکێنران، بەڵام نەتوانرا بگەنە دەرگای حەوشی زیندانەکە و بیشکێنن یان بیکەنەوە، بەڕێوەبەرێتی زیندان و پاسەوانەکان بەئاگا هاتن، چەکداریان لەسەر تەواوی قوڵغە، حەوش، سەربان، سەردیوار و دەرەوەی زیندان بڵاوکردەوە، بۆیە هەوڵەکە سەرکەوتنی نەهێنا و کەس ڕزگاری نەبوو، بەمشێوەیە

پرۆسـەکە خامـۆش کـرا و شکسـتی پـێ هێنـرا.
بـۆ ئـەوەی هـەوڵـی شـکاندنی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ بـە وردی و دروسـتی بنووسـرێتەوە، بـە دەیـان و سـەدان کاتژمێـر لەگـەڵ مامۆسـتا محەمـەد حەسـەن خورشـید کەرکوکـی کـە خـۆی یەکێـک بـووە لـە زیندانییەکانـی ژووری سـێدارە، گفتوگـۆی چـڕ، سـەخت و جـار جـار توندیشـمان کـردووە، دوای نووسـینەوەی بابەتەکـە ئـەو دوو جـار بـە نووسـینەکەدا چۆتـەوە و تێبینـی و سـەرنجەکانی خـۆی بـە تەلەفـۆن بـۆ باسـکردووم، دوای گفتوگـۆی خـاڵ بەخاڵـی تێبینـی و سـەرنجەکان لەنێوان هەردووکمـان، لـە هـەر شـوێنێک پێویسـتی کردبێـت بـە مەبەسـتی دەوڵەمەنـد کـردن و باشـترکردنی نووسـینەکە بـە بڕیـاری هاوبـەش دووبـارە دارێژراوەتـەوە، بۆیـە بەدڵنیایـی دەڵێـم گـەر هـاوکاری و ماندوبوونـی زۆری ئـەو نەبوایـە ئـەو بەرهەمـە بـەم شـێوەیەی ئێسـتاکە نەدەبوو، لەوانەیـە کۆمەڵێک کەموکـوڕی و هەڵـەی تێدا بوایە. لە بەرانبەر ئـەو هەمـوو دڵسـۆزی، کات بەخشـین و پەرۆشـیەی کـە بـۆ باشـترکردنی ئـەم نووسـینە هـەی بـوو، جگـە لـە سـوپاس شـتێکی دیکـەم نییـە بـەڵام خۆزگـە سـوپاس وەکو مەدالیایـەک دەکرایـە بەرۆکـی مامۆسـتا محەمـەد حەسـەن خورشـید و ئەوانـەی وەکـو ئـەو شایسـتەی سـوپاس، ڕێـز و پێزانیـن دەبـوون.
لـە کۆتاییـدا ئـاوات دەخـوازم کـە بـەم بەرهەمـە نوێیـەم توانیبێتـم خزمەتێکـم بـە مێـژوو، نیشـتمان، چینـی ڕەنجدەرو هەژارانـی باشـووری کوردسـتان کردبێـت، هەروەهـا توانیبێتـم بەهـۆی ئاماژەکـردن بـە نـاو، قارەمانێتـی و هەوڵـی شـکاندنی زیندانەکـە بـزە بخەمـە سـەر لێـوی (کـچ، کـوڕ، دایـک، خوشـک، هاوسـەر و باوکـی) لەسـێدارە دراوەکان، کـە تـا چ ڕادەیـەک دڵسـۆزی نیشـتمان و نەتـەوە بووینـە، تەنانـەت مەرگـی خۆیـان لـە پێنـاودا بەخشـیووە، هەروەهـا وەکـو وەفایـەک بـۆ یەکـە یەکـەی

زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، کە بە گیان و خوێنی خۆیان بەشدارییان کرد لەپێناو ڕزگاری خاک و نیشتمان. هیوادارم بە نووسینەوە و لەچاپ دانی ئەم مێژووە ئاهێکی فێنک بکەمە سینەی یەکە یەکەی کەسوکاری لەسێدارە دراوەکان، کە خۆیشم یەکێکم لەوان، نەک برینی سارێژنەکراویان بکولێنمەوە.

دەرسیم پێشەوا
شەممە، ڕێکەوتی( ٢٠٢٥/٢/١٥)
دانمارک

### چۆنێتیی دەستگیرکردنی ئەو هاوڕێیانەی هەولێر:

جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە (دەرسیم) لەناو زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ ناسراو بە جەمیل هەولێری (١٩٨٠/٧/١٢)، تەحسین ڕەحمان فەرحان ناسراو بە داماو (١٩٨٠/٧/١٢)، مامۆستا سەلیم ڕەشید ساڵح ئەحمەد ناسراو بە دکتۆر سەلیم ڕەشید (١٩٨٠/٧/١٤)، یوسف عومەر حەکیم مستەفا گڕاوی ناسراو بە زریان (١٩٨٠/٧/١٠)، ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا گڕاوی (١٩٨٠/٧/١٣)، حەکیم عوسمان مستەفا حەکیم (١٩٨٠/٧/١٣) و عەزیز تۆفیق قادر لەتیف (١٩٨٠/٧/١٣)، کە هەموویان سەر بە کۆمیتەی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون، دوای ئەنجامدانی چالاکییەک لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٩)دا لەناو شاری هەولێر و بردنی ئامێرێکی ڕۆنیۆ و ئامێرێکی چاپکردن لە ئەمینداریێتیی گشتیی خوێندن و خوێندنی باڵا، لە ڕۆژانی ئاماژە پێکراو لە بەردەم ناوەکانیاندا لەلایەن بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی شاری هەولێر ڕائید عەبدولئیلا عەناز موسڵاوی دەستگیرکران، کە دواتر لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/٩)دا لە موسڵ کوژرا.

تەحسین، لە کاتژمێری (١:٣٠)ی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (١٩٨٠/٧/١٢)دا لەلایەن ئەمنی بەلدەی هەولێرەوە بەهاوکاری (ڕ.م.م) کە ئەمن و ڕەفیق حزبی بەعسیو موختاری دیبەگە بوو لەگەڵ ئەمنێکی عەرەب لە ماڵەوە لە دیبەگە بردیان، دوای نزیکەی (٢) کاتژمێر جەمیل لە ماڵی خۆیان لە (هەولێر/ کوران) گیرا.

ئەوەی شایەنی باسە، دایک و باوکی جەمیل (کافیە مەحمود ئیسماعیل ڕەسوڵ و ئەحمەد مەحمود حەمە)، هەمان ڕۆژ لەسەر

جەمیل دەستگیرکران و بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە لە ئەمنی بەلدە مانەوە و دواتر ئازاد کران. مام ئەحمەد مەحمودی باوکی جەمیل، لە ڕۆژی (١٩٩٥/٨/٢٥)دا و دایکیشی لە ڕۆژی (٢٠١٥/١/٢٣)دا کۆچی دواییان کرد. هەروەها مەجیدی برای، (پێشمەرگەی پدک/ ١٩٥٣)، لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٩)دا لەسەر پردی گەڵاڵە لەگەڵ کۆمەڵێک هاووڵاتی و پێشمەرگە، کە ژمارەیان (٢٩) کەس بوو، بە بۆردومانی فڕۆکەی ڕژێم شەهید بوون. مەحمودی برا گەورەیشی (١٩٤٢/ دیبەگە)، کە پێشتر لەنێوان (١٩٦١/٩/٩ - ١٩٦٥/٧/٩) لەسەر هەڵوێستی کوردانەی خۆیی و بنەماڵەکەی زیندانی کراوە، لەسەر جەمیل زۆر ئازار درا، دواجاریش لە ڕۆژی (٢٠٠٤/١١/٥)دا کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەشکەنجە و ئازاری دڕندانەی ئەو هاوڕێیانە لەلایەن جەللادەکانی بەعس لە ئەمنی بەلدەی هەولێر، گشتیان لە ڕۆژی (١٩٨٠/٧/٢٠)دا، بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک گواسترانەوە، وەلی یوسف عومەر حەکیم مستەفا گڕاوی ناسراو بە زریان (١٩٥٥/ هەولێر/ پیرمام/ گڕاو)، دوای دوو ڕۆژ و لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٧/٢٢)دا، لە ئەنجامی ئەشکەنجەی سەخت و دڕندانەی جەللادانی بەعس لە نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوک گیانی پاکی بە کوردو کوردستان سپاردو تا ئێستاکەش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە کاتی خۆی پێم وابوو، (تەحسین، جەمیل و یوسف گڕاوی)، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٧/١٢)دا گیراون، بەڵام لە لیستی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لیستی زیندانیيانی سیاسیی کوردستان ڕۆژی گرتنەکەی یوسف عومەر بە (١٩٨٠/٧/١٠) نووسراوە، جا نازانم تا چ ڕادەیەک ئەو مێژووە ڕاستە کە لە کەسوکاری یوسف وەرگیراوە!

ئەو پۆلە هاوڕێیە، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (١٩٨٠/١٠/٢٩)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک، کە دادگایەکی قەرەقوشیانە بوو بۆ

دادگاییکردنی شۆڕشگێڕانی باشووری کوردستان لە پێشمەرگەی دیل و ڕێکخستنە نهێنییەکانی شارەکان، دادگایی دەکرێن و جەمیل ئەحمەد مەحمود و تەحسین ڕەحمان فەرحان سزای سێدارەیان بۆ دەرچوو و هەمان ڕۆژ ڕەوانەی ژووری سێدارەی موسڵ کران. مامۆستا سەلیم ڕەشید ساڵح، سەرەتا بە سێدارە و دوای تانەدان لە بڕیارەکە، بە هەتا هەتایە (موئەبەد) و ئەحمەد ئیبراهیم گرِاوی، حەکیم عوسمان مستەفا و عەزیز تۆفیق قادر بە (٥) ساڵ زیندانی کردن سزادران و هەموویان ڕەوانەی بەشی سزا تایبەتییەکان (قسم الأحكام الخاصة) کران لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لە شاری بەغدا، دواتریش هەر چواریان بەر لێبووردنی گشتیی (١٩٨٢/٧/١٧)دا کەوتن و دوای دوو ڕۆژ ئازاد کران.

ئەوەی پێویستە سەبارەت بە دکتۆر سەلیم ڕەشید ساڵح (هەولێر/ ١٩٥٦) بگوترێ، ئەوەیە کە ناوبراو بۆ جاری دووەم لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/٧/٦)دا لەگەڵ سێ پێشمەرگەی هاوڕێیدا لە لایەن جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە (قاسمە کۆر)، سەرۆکجاشی فەرجی (٨٦) ی جاشە سووکەکان، لە نزیک گوندی پیرەر بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (١٩٨٣/١١/١٣)دا لە دادگای سەورە سزای سێدارەی بۆ دەرچووبوو، لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٢/٨)دا بەهۆی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەتی بەعس ئازاد کراوە.

لە یەکێک لە دیدەنییەکان، (م.ع.ڕ) سەر بە ڕێکخستنەکانی هێڵی گشتی لە بەهاری ساڵی (١٩٨١)دا ناسی، کاتێ کە هاتە سەردانی جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزام لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ. ئەو بۆ ئەوە هاتبوو بەر لەوەی بچێتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خواحافیزی بکات. ناوبراو لەگەڵ دەستگیرکردنی ئەوان، فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو، کەچی هەر لە یەکەم ڕۆژی یەکتر ناسینماندا دوای ئەوەی خۆم گوێم لێبوو قسەی بۆ جەمیل دەکرد کە گوایە سەرەتا

خۆی شاردۆتەوە، بەڵام دواتر بە پشتیوانییەکی بەهێز خۆی ڕادەستی ئەمنی بەلدەی هەولێر کردۆتەوە و ئەوانیش لێی خۆشبووینە. دوای بیستنی ئەو قسانە، یەکسەر گومانێکی زۆر گەورە کەوتە ناو دڵم و دەستبەجێ بە (جەمیل و تەحسین)م گوت: مامۆستا (م) جێگای گومانە و باوەڕی پێنەکەن، هاتووە تاوەکو زانیاریتان لێ وەرگرێت و دواتر بیگەیەنێتە ئەمنی هەولێر)، کەچی ئەوان ئەو قسانەی منیان پێناخۆش بوو، بەتایبەت جەمیل لێشم تورەبوو لەسەر ئەوەی کە چۆن دەکرێت هاوڕێیەکی یەکێتیی تۆمەتبار بکەم بەوەی کە پیاوی ڕژێمە. مامۆستا (م)، شاری بەجێهێشت و بووە پێشمەرگە.

دوای یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی لێ هاتە بەرهەم، (م.ع) کرایە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لە نێوان سالآنی (١٩٨٢-١٩٨٥)دا زۆر جار لەگەڵ ناوبراو لە دۆڵی بالیسان و مورتکە بە ڕێکەوت تووشی یەکتر بووین، بەڵام هەردەم جێگای گومان بوو لای من و خۆم لێی لادەدا، یان ڕووم نەدەدایێ و ماوەی ئەوەم نەدەدا باسی سیاسەتم لەگەڵ بکات. بەڵام کاتی کە لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٣/٢)دا لە مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی گیرام، موحسین قسەی زۆری لەسەر کردم لای موقەدەم فازڵ عەلی سلێمان دلێمی جێگری بەڕێوەبەری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و ئەفسەری بەرپرس لە لێکۆڵینەوەم.

مامۆستا (م)، تەواوی هەوڵی خۆی بەزیادەوە لای موقەدەم فازڵی بەکارهێنا، تا ئەو تاوانەی کە تەحسین و جەمیل-ی پێ لە سێدارە درابوون، هەمان تاوان بخاتە ئەستۆی من و بەرەو پەتی سێدارەم ڕەوان بکات، کەچی خەونەکەی نەهاتە دی. ئەوەی ڕاستی بێت من بەقسەی (م) نەگیرابووم، بەڵکو کەسێکی تر منی بەگرت دابوو.

بەدڵنیاییی (م.ع)، لە ساڵی (١٩٨١)دا تەنیا بەناو پێشمەرگە بوو، ئەگینا لە ڕاستیدا سەر بە ڕژێم بووە، ئەمەش لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٥) دا دەرکەوت کاتێ کە گەڕایەوە نێو ڕژێم، بوو بە فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی جاشی مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی و زۆرتر لە (١٥٠) هاوڕێ و هەڤاڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانی ڕەوانەی سێدارە و زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان کرد. هەر ئەو ناپاکیانەی خۆی بوو وایکرد کە لە ڕۆژی (١٩٩٣/٦/٢٣)دا لەناو شاری موسڵ، بکوژرێت.

جەمیل ئەحمەد مەحمود، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/٢١) دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەدا (جەمال قادر جوامێر ماوەتی و عەلی حەمەدئەمین ئەحمەد سەیدسادقی)، کە پێشمەرگەی یەکێتی و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون، لە سێدارە درا.


شۆڕش بازیانی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٤)دا سەبارەت بە لە سێدارە دانی جەمیل گوتی: (ئەوکاتەی مامۆستا جەمیل و هاوڕێکانیان برد بەرەو پەتی سێدارە، ویستیان چاوەکانی مامۆستا جەمیل ببەستنەوە، بەڵام ئەو ڕووبەڕووی جەلادەکان بووەوەو پێی گوتن هەرگیز نامەوێ چاوەکانم ببەستنەوە، بەر لەوەی پەتەکە ماچ بکەم و دواتریش بەدەستی خۆم پەتەکە بخەمە گەردنی خۆم. وەلێ زۆر بەداخەوە، داخوازییەکەی مامۆستا جەمیل یان نەهێنایە دی و بەزۆر پەڕۆیان کردە سەر چاوەکانی).

تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/٢٦)دا بە کۆد یان ژمارەی (١١٥٤٩)، کە هەر کەسێکی لە سێدارە دراو کۆدێک یان ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە، لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەدا (جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی،


سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پیرداود مهاجر و یونس بابەکر حوسێن وسو خۆشناو)، کە یەکەم و سێیەمیان ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پێشمەرگەی یەکێتی بوون، ئەوەی دووەمیان ئەندامی پارتی، لە ژووری سێدارەی موسڵ بردیانن بۆ سەربازگەی غەزلانی نزیک حەمام عەلیل-ی باشووری شاری موسڵ و لەوێ گوللە باران کران.

دوای تێپەڕبوونی (٢٢) ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم) و گوللە باران کردنی تەحسین ڕەحمان فەرحان (داماو)، لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، لەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام و ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی (٢٠٠٣/٩/٤)دا ئێسکوپروسکی هەردووکیان لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٧/٨)دا لە گۆڕستانی (وادی العقاب)ی شاری موسڵ بە هاوکاری هەردوو مەڵبەندی (٣)ی هەولێر و (٧)ی موسڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ زێدی لە دایکبوونیان لە شارەدێی دیبەگەی (٤٢) کیلۆمەتری باشووری شاری هەولێر، گواسترایەوە و لە کەژاوەو مەراسیمێکی جەماوەری شکۆدار و بەفراواندا دووبارە بە خاک سپێردرانەوە.

لە خوارەوەدا تاکە نامەی ڕزگاربووی جەمیل ئەحمەدی ئامۆزام، کە تەنیا (٣) کاتژمێر بەر لە سێدارەدانی نووسراوە، لە خوارەوە دادەنێم. ئەو نامەیە، لە لاپەڕەکانی (١٤٤-١٤٥)ی نامیلکەی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە) وەرگیراوە.



شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە



شەهید تەحسین رەحمان فەرحان (داماو)



شەهید یوسف عومەر حەکیم مستەفا گراوی



دکتۆر سەلیم رەشیدساڵح ئەحمەد

## نامەی ژمارە ٤٠

شەهید : جمیل احمد محمود
تێبینی : چەند ساتێك پێش لە سێدارەدانی نوسراوە

کەم بژی گەل بژی
خەبات کردن تا سەرکەوتن
بو هەڤالی تیکوشەر (( ٠٠٠٠٠٠))
سلاو

بەلی من لە ژوری سیدارەدام ،نزیکەی ( ٢ ) کاتژمیرم ماوە بو ئەوەی دنیا بەجی بهیلم و ریگای راستیم گرتە بەر ، ریگای رزگاری گەل ، و پاش ئەوەی لە خەبات کردن بەردەوام بووم دژی داگیرکەر ، ئەو دوژمنەی کە بە خوینی رولەکانمان تینوە ، و هیوادارم شورش سەرکەوتوبی بەسەر خوینمژی بەعسی ٠٠ و من لە ریکەوتی ١٢ / ٧ / ١٩٨٠ لە هەولیر گیرام بە دەستی دائیرەی ئەمن و لە ریکەوتی ٢٩ / ١٠ / ١٩٨٠ حوکمی سیدارەم درا لە کەرکوك ( هەیئە خاصە ) ، و من لە ریکەوتی ٢٠ / ٥ / ١٩٨١ سیدارە کرام و دەرچوی ( مەعهەدی فەننی ) م لە سالی ١٩٧٨ تەواوم کرد و باوەرنامەی دبلومم وەرگرت ، و لە کاتی خویندنەوەی سیدارەم بەیەك دەنگ هاوارم کرد بژی مردن بمری دوژمن و بە هیچ جوری من لە مردن نە ترساوم بەلکو بە پیچەوانەوە مردن لە ئیمە ترساوە و هەروەها لە گەل خوم دو کەسی تریش سیدارەکران کە ئەمانە ناوەکانیانە :

١ ــ جمیل احمد محمود / ی ٠ ن ٠ ك / ك م ل / هەولیر
٢ ــ جمال قادر جوامیر / ماوەت / سلیمانی / ی ٠ ن ٠ ك

١٤٤

٣ ــعلي حمه امين احمد / سيد صادق/ ى٠ن٠ك

له ماوەی رابردودا دو نامەم بو رەوانه كردی جا نازانم بــــه دەستت گەیشت یا نا وە ئاگادارم كردیەوە له چەند كارەساتیك جا هیوادارم جی به جیی بكەیت ٠

هەزاران سلاو له گشت شەهیدانی ریگەی رزگاری گەل
هەزاران سلاو له شەهیدانی كوردستان

جمیل احمد محمود ( دەرسیم )
زوری سیدارەی مــــوســـــل
٢٠ / ٥ / ١٩٨١

١٤٥

**وزارة الصحة** رقم ٣١ رقم الجلد ط/١

**مديرية الاحصاء الحياتي والصحي**

## شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٢٦/٥/١٩٨١

مديرية شرطة الدراسات الأمنية/اربيل

**المتوفي**

١ ـ اسم المتوفي ولقبه | ٢ ـ عمره | ٣ ـ جنسه ذكر

٤ ـ جنسيته | ٥ ـ دينه أو معتقده مسلم | ٦ ـ حرفته (مهنته)

٧ ـ الحالة الزوجية للمتوفي : اعزب ــــ متزوج ــــ أرمل ــــ مطلق ــــ

٨ ـ اسم والد المتوفي | ٩ ـ اسم والدة المتوفي

١٠ـ تاريخ الوفاة
الساعة | اليوم ٢٦ | الشهر ٥ | السنة ٨١

١١ـ محل الوفاة
المحلة او القرية | الناحية | القضاء | المحافظة

١٢ـ اسم المبلغ عن الوفاة | ١٣ـ صلته بالمتوفي

١٤ـ عنوانه الكامل

١٥ ـ شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفـــاة

| | | المدة التفريبية بين ظهور الاعراض والوفاة |
|---|---|---|
| ١ ـ المرض او الحالة التي أدت مباشرة للوفاة اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة. الحالة المرضية ـ أن وجدت التي أدت للسبب المذكور سابقا مع ذكر السبب الاصلي في النهاية . | أ ـ تسبب عن ( أو نتيجة لما يليهـا ) اطلاقات نارية<br>ب ـ تسبب عن ( أو نتيجة لما يليها ) عملية اعدام<br>جـ ـ (رمياً بالرصاص حتى الموت) | حالاً |
| ٢ـ احوال مرضية اخرى هامة ( ان وجدت ) ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة . | | |

١٦ ـ أشهدّ بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة أعلاه
عنوان اشتغال الطبيب ــــــــ

اسم الطبيب : م اول طبيب
توقيع الطبيب : لؤي معيوف
وختم المؤسسة الصحية

١٦ ـ أ ـ حدثت الوفاة :

في البيت ☐ في المستشفى ☐ مع ذكر اسم المستشفى . في محل آخر ☐
( )

١٧ ـ شـــهادة طبيـــة عدليـة ( تمـلأ من قبل الطبيب العـدلي )

اني الموقع أدناه الدكتور ــــ الطبيب في ــــ قمت بتشريح جثة المتوفي ــــ
والمرسلة من قبل ــــ حسب الاستمارة المرقمة ــــ والمؤرخة في / / وذلك
بتاريخ / / وفي الساعة ــــ فوجدت سبب الوفاة ــــ
توقيع الطبيب : ــــ وختم المؤسسة الصحية

١٨ ـ معلومات خاصـة بمديرية الاحوال المدنية العامـة ( تملأ من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر نفوس المتوفي أو من هوية الاحوال المدنية ) .
صحيفة الاسرة العراقية في السجل المدني : رقم السجل ــــ رقم الصحيفة ــــ المحافظة ــــ
رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي ــــ ( وترفق بالشهادة )

(٣)

**الجمهورية العراقية**
وزارة الصحة
**مديرية الاحصاء**

## صورة قيد وفاة

العـدد / ١٠/٢١٢٧
التاريخ / ٢١/٥/١٩٨١

**الى /** [illegible]

تؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ١٧٩٧ لسنة ١٩٨١

اسم المتوفي [illegible] الجنس [illegible] الجنسية [illegible]
اسم الاب [illegible] الديانة [illegible] الجنسية [illegible] العمر [illegible]
اسم الام [illegible] الديانة [illegible] الجنسية [illegible]
تاريخ الوفاة ٢٠/١٠/١٩٨١
محل الوفاة [illegible]
سبب الوفاة [illegible]
اسم المخبر عن الوفاة [illegible]

[illegible]
شعبة الوفيات
ختم المؤسسة

اسم الدكتور
التوقيع

**یەکەم سەردانی زیندان و دیداری زیندانییەکان لە ژووری سێدارە:**

بەر لە نزیکەی (٤٥) ساڵ، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١١/١)دا یەکەم سەردانی زیندانی موسڵ و دیداری تەحسین-ی برام و جەمیل-ی ئامۆزازامان کرد، یەکەمیان لە سێدارە درا، دووەمیشیان گوللە باران کرا (کەسانی سیڤیل لە سێدارە دەدران و کەسانی سەربازی و پۆلیس گوللە باران دەکران). بەدرێژایی ئەو ماوەیە، تەواوی دیدەنییەکان ئامادە بووم و هەردەم هەوڵم داوە لە کەسە یەکەمەکانی چوونە ژوورەوە و دوا کەسیش بم لە هاتنە دەرەوەدا.

جەمیل و تەحسین، لەنێوان (١٩٨٠/١٠/٢٩-١٩٨١/٥/٢٦)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ مانەوە و لەنێوان (١٩٨٠/١١/١-١٩٨١/٥/٢٦) دا هەموو ڕۆژانی یەک و پازدەی مانگ لە نێوان کاتژمێری (٨-٩)ی بەیانی تا (١٣-١٤)ی دوای نیوەڕۆ، ڕێگەی دیدەنییان دەدایان و نزیکەی (٤-٥) کاتژمێر لایان دەماینەوە. سەرەڕای بردنی خواردنی دوو هەفتە بۆ زیندانییەکان، بە جیاش خواردنی زۆری نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەمان لەگەڵ خۆمان دەبرد، ئەو نیوەڕۆیە لەگەڵ زیندانییەکان و میوانەکان دادەنیشتین و نانمان لەوێ دەخوارد.

لە ماوەی نزیک بە (٧) مانگی سەردانی کردنم بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بە بەردەوامی نزیکەی (٤٠-٧٠) لاوی شۆڕشگێڕی کوردستانی لەژێر هەڕەشەی مەرگ لەو زیندانەدا بووینە و مانگانە لەنێوان (٥-٢٠) شۆڕشگێڕ لە سێدارە دەدران یان گوللە باران دەکران، بە بەردەوامیش شۆڕشگێڕی نوێیان دەهێنا بۆ ژووری سێدارە.

ئەوەی لە بیرم مابێت، لە ماوەی نێوان (١٩٨٠/١١/١-١٩٨١/٥/٢٦)دا کە تەحسین ڕەحمان و جەمیل ئەحمەد لە ماوەی نێوان (١٩٨٠/١٠/٢٩-١٩٨١/٥/٢٦)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون، بە بەردەوامی

نزیکـەی پەنجـا تـا حەفتـا قارەمـان و شۆڕشـگێری چاونەتـرس لـەوێ بـوون، سـەرەڕای ئـەوەی کـە مانگانـە لەنێـوان (٥-٢٠) زیندانـی تێکۆشـەر لـە سـێدارە دەدران، یـان گوللـە بـاران دەکـران. ئەوانـەی سـیڤیل بـوون لـە سـێدارە دەدران، ئەوانەیـش کـە سـەر بـە هێـزی سـوپا، پۆلیـس و بەرگـری شارسـتانی بـوون گوللـە بـاران دەکـران. بـە بەردەوامـی لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک بڕیـاری لـە سـێدارەدان بـۆ شۆڕشـگێڕان و سیاسـەتمەدارانی کوردسـتانی دەردەچـوو، دواتریـش دەگوازرانـەوە بـۆ ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ و لـەوێ دەسـتە دەسـتە یـان تـاک تـاک لـە سـێدارە دەدران.

دوای نزیکـەی چـوار مانـگ بەسـەر تێپەڕبوونـی دەسـتگیرکردنی جەمیل ئەحمـەد مەحمـود (دەرسـیم) و تەحسـین ڕەحمـان فەرحـان (دامـاو)، لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی (١٩٨٠/١١/١)دا تـەواوی ئەندامانـی خێـزان، بنەماڵـە، خـزم و کەسـوکار، دۆسـت و هاوڕێیـان، دراوسـێ، خزمانـی دیبەگـە، خزمانـی هەولێـر و کەرکوک-مـان بـە چەنـدان ئۆتۆمۆبێلـی یـەک بـەدوای یەکدا ڕێگای موسـڵ مـان گرتەبەر. جـاران کـە منداڵ بووم ڕێگای موسـڵ زۆر بـە خێرایـی دەبـڕدراو دەگەیشـتینە نـاو شـار بـۆ خواردنـی ژەمێـک کەبـاب یـان خواردنێکی بەتامـی نیوەڕۆ، لەو سـەریشـەوە بـە دڵێکی شـاد و هەگبـەی پڕ لـە تورشـیات، حەلـوای شـەکری پڕ لـە گوێـز، تەحین، دۆشـاو، سـەیلاو، لوقمـی بـە بـادەم و نوقـڵ دەگەڕاینـەوە، کەچـی ئـەو جارەیـان ڕێگاکە بـۆ ئێمـەی دڵ پڕ لـە خـەم و پەژارە ببوو بە ڕێگای بێ کۆتایی هات و نەهـات، کـە دۆزینـەوە، سـەردان و دیدەنـی دوو زیندانیـی بنەماڵەکەمـان بـوو لـە ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ و بەدڵنیاییش دەمانزانـی دوای ماوەیـەک لـە سـێدارە دەدرێـن، کـە ئەمـەش غەمێکـی بێکۆتایـی بـوو.

ئـای چەنـد بە ئاسـتەنگ گەیشـتینە شـار و ئینجـا زینـدان، کـە دەکەوتـە دەواسـە (بـاب الجدیـد)، کـە گەیشـتینە ئـەوێ ئینجـا زانیمـان بڕیـاری لەسـێدارە دانیـان دەرچـووە و لـە ژووری سـێدارەن، بۆ ماوەیەکـی دوورو

درێژ لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکان ڕیزمان بەستابوو، کە کاتەکە هەر نەدەڕۆیشت. ژنان، کچان، گەنجان، منداڵەکان و پیاوانی بە تەمەن لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکاندا لە هەموو ڕاستێکدا فرمێسکیان بۆ هاوسەر، باوک، برا، کوڕ، خزم و کەسوکاریان دەڕشت، بەتایبەت کە کاتی دیدەنی زیندانییەکانی ژووری سێدارە لەدوای دیدەنی سزا سووک و قورسەکان بە نزیکەی دوو کاتژمێرێک دەستی پێ دەکرد، ئێمەش زوو هاتبووین، چونکە لە کەسوکاری زیندانییەکانی سزا سووک یان قورسەکانمان پرسیبوو کە کەی کاتی دیدەنییە لە زیندانی موسڵ. ئێمەی گەنجانی هەڵگری بیروباوەڕێکی کوردایەتی و مارکسی بەهۆی باوەڕی پتەومان کەمتر بەشێوەی ئەوانی پێشوو فرمێسکمان دەباراند. دوای کردنەوەی دەرگاکان و ناونووسکردنی یەکە بە یەکەمان بە ڕاکردن بەرەو ڕووی خۆشەویستانمان هەنگاومان دەنا، دەنگی هەلهەلەی کچان و ژنانی کورد لە هەموو لایەکدا بەرز بووەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند سەد مەترێک بە ڕێڕەوێکی دوورو درێژی چەند سەد مەتری درێژ، نزیکەی چوار تا پێنج مەتر پان و نزیکەی هەشت تا دە مەتر بەرزی هەر دوو لای دیواری کۆندا، گەیشتینە لای نزیکەی پەنجا بۆ شەست لاوی کوردی ڕەنگ سپی شێر ئاسا، کە بەبێ جیاوازی زۆربەی ژنان و کچان باوەشیان پێدا دەکردن و بەشێوەی کوڕ، باوک و براکانی خۆیان ماچیان دەکردن. ئەوانیش پڵینگ و شێر ئاسا هۆنراوە شۆڕشگێڕیەکانیان بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە لەپێناوی بەرزکردنەوەی ورەیان و لەبیربردنەوەی خەم و پەژارەی دڵیان کە بەهۆی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەوان کەوتۆتە نێو دڵی بنەماڵە، خزم و ناسیاوانیان.

بەدرێژایی نزیکەی ئەو حەوت مانگەی کە ئەوان (جەمیل و تەحسین) لە ژووری سێدارە بوون، هەر مانگەی دوو جار سەردانی

ئەو زیندانەمان دەکرد، ئەو کارانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێیان کرد، لە گشت سەردانێکدا لەلایەن کەسوکاری زیندانییەکان دووبارە و دەبارە دەبوونەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە هەر سەردانێکی نوێدا هەواڵی لە سێدارەدانی پۆلێک ڕۆڵەی قارەمان یان هاتنی چەند تێکۆشەرێکی نوێمان لە پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی شار دەبیست بۆ ژووری سێدارە، کە دڵی هەموومانی دێنا ژان.

ئەوانەی هەرگیز لەیادم ناچنەوەو هەردەم وەکو تارماییەک دێنەوە بەرچاوم، ئەمانەن (دکتۆر ڕێباز، بەکر کەریم سوسەیی و عومەر میرزا شامراد). دوو کەسی یەکەم لەگەڵ یەکەم دیدەنی ڕۆژی (١٩٨٠/١١/١)دا لەوێ بوون، بەڵام عومەر میرزا، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی (١٩٨١/٤/١) دا بینیم و بەهۆی جەمیل و تەحسین ناسیم، کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ جەمیلی ئامۆزام هەبوو، هەروەها خۆیشی خۆشەویستی سەرجەم زیندانییەکان بوو.

دکتۆر ڕێباز و عومەر میرزا، هەمیشە وەکو دوو کەڵەپیاو یان پڵینگی ناو قەفەس دەهاتنە بەرچاوم، کە لە قسەکردن و هەڵسوکەوتیاندا قەڵایەک بوون لە ورە، خۆڕاگری، چاونەترسی، شۆڕشگێڕی و قارەمانێتی، هەرچەندە تەواوی ئەوانەی ژووری سێدارە کەڵەپیاو، پڵینگ ئاسا، خۆڕاگر، بەورە و دلێر بوون، بەڵام خۆیشم نازانم بۆ ئەو دوو مرۆڤەم بەجیا لەوانەی دیکە دەبینی!

بەکر کەریم، هەر لە یەکەم دیداردا زۆر هاتبووە لای پێشەوە بۆ پێشوازیکردنی کەسوکاری و سەردانیکەران، ئەوکاتە ئەوم نەدەناسی، بەڵام چاک و چۆنیمان کردو یەکترمان ماچکرد، پرسیاری تەحسین و جەمیلم لێی کرد و گوتی: (ئەوان تۆزێ لە خوارترن و خەریکی بەتانی ڕاخستنن بۆ میوانان). چەند هەنگاوێک لەو تێپەڕیم، دیاربوو کەسێکی خۆیانی لە دوورەوە بینیبوو کە بەرەو لای ئەو دەهات، بۆیە بە هەموو

دەنگی خۆی هاواری کرد: (ئەرێ ئەسپ و تانجییەکەم ماون؟ خۆ نەتان فەوتاندوون؟ نەکەن بیان فەوتێنن ها، بیانفەوتێنن لێتان تورە دەبم). هەڵوەستەیەکم کردو ئاورێکم دایەوە، ئەو قسەیەی ئەوم زۆر بەلاوە سەیر بوو کە بەمشێوەیە کردی، دەستبەجێ ئەو چەند ڕستە کورتەم لە میمۆری مێشکمدا تۆمار کرد. ئەو لە ژووری سێدارەیە و هەر ڕۆژێک، ساتێک یان چرکەیەک بیانەوێ لە سێدارەی دەدەن، دەبێ چ ئومێدێکی بە ژیان مابێ و بۆ دەبێ ئەوەندە لە خەمی ئەسپ و تانجییەکەی دابێ؟ ئەو پرسیارانەی بەکر تەواو مێشکی سەرقاڵ کردم، دواتر تێگەییشتم کە مرۆڤی شۆڕشگێڕ هەردەم بە هیواو ئاواتەوە دەژی، تا دواهەناسەی ژیان هیواو ئاواتەکانی بە زیندوویی دەمێننەوە، هەر ئەوەشە وایکردووە ژیان بەردەوام بێ! بەکر سوسەیی، کە هەمیشە دەم بە پێکەنین و زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بوو، لە هەموو دیدارەکانی دواتردا دەهاتە لای پێشەوەو یەکێکی خۆیانی بدیبایە هەمان پرسیارەکانی سەرەوەی لێ دووبارە دەکردەوەو چەندان جاری دیکە پرسیارەکانم لەو گوێ لێ بووەوە، ئەو بە بەردەوامی لە هەواڵی تانجی و ئەسپەکەی دەپرسی و لە خەمی ئەوان دابوو! جاری یەکەم کە لە ڕۆژی (٢٠١٣/٦/٢١) دا بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ سلێمان سوسەیی برای کرد، باسی ئەو چەند ڕستەیەی بەکرم بۆ کرد، سلێمان گوتی ڕاست دەکەی تانجی و ئەسپێکی هەبوو کە زۆر لە غەمیان دابوو، هەردەم لە سەرەتای هەموو دیدەنییەکدا ئەو چەند پرسیارەی لێ دەکرێن، ئەسپەکە تا ئەم ساڵانەی دوایی مابوو لەبەر خاتری ئەو پاراستبوومان، بەڵام تانجییەکە زوو مرد.

سەردانی زیندانییانی ژووری سێدارە، تەنیا بۆ ئەوانە بوو کە لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون، ئەوانەی بەغدا دیدەنییان نەبوو، دوای هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ دیدەنی زیندانییەکان ڕاگیرا و لە کۆتایی ساڵی (١٩٨١)دا ئەو زیندانە نیمچە داخرانێک داخراو

جگـە لـە مـەردان ئەلیـاس کـە وەکـو دوا کـەس لـە سـاڵی (١٩٨٢)دا لـەم زیندانـە لەسـێدارە درا، ئەگینـا هەمـوو لـە سـێدارە دانێکـی زیندانیانیـی سیاسـیی کـورد گواسـترایەوە بـۆ زیندانـی ئەبوغرێـب لـە شـاری بەغـدا، کەچی هاوڕێیانی کۆمیتـەی ئاگری کەرکوک و کۆمیتـەی ڕاپەڕینی هەولێر لـەدوای دادگییکردنیـان لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک گواسـترانەوە بـۆ موسـڵ و تـا کۆتایـی سـاڵی (١٩٨٣) لـە ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ بـوون و دیدەنیشـیان دەکـرا، کـە لـەم سـاڵە و دوای سـاڵ و نیوێـک لـە قەدەغەکردن دووبـارە ڕێگـە بـە دیدەنـی و سـەردانی زیندانییـەکان درایـەوە، بـەڵام تەرمـی هیـچ کوردێکـی لـە سـێدارە دراوی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ نەدەدرایـەوە بـە کەسـوکارەکەی بەڵکـو لـە گـوڕسـتانی (وادي العقاب) لەسـەر ڕێـگای موسـڵ - تەلەعفـەر دەنێـژران. هاوڕێیانـی کۆمیتـەی ئاگـر و کۆمیتـەی ڕاپەڕیـن تـا مانگـی دوازدەی سـاڵی (١٩٨٣) لـە موسـڵ بـوون، بـەڵام لەگـەڵ گفتوگـۆی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و ڕژێمـی بەعـس ئەوانەیـان گواسـتەوە بـۆ بەغـداو لـەوێ هەموویان لەسـێدارەدران و (شـهادة وفاة)یـان بـە مێـژووی کۆنتـر و بـە ڕۆژی (١٩٨٣/١٠/٢٨) بـۆ دروسـکردن. هەروەهـا هەمـوو ئـەو کوردانـەی لـە ژوورەکانـی سـێدارەی زیندانـی ئەبوغرێـب لـە بەغـدا بـوون، بەهیـچ شـێوەیەک ڕێگـە بـە دیـدار و سـەردان کردنیـان نـەدەدراو بەشـێکیان تەنانـەت تەرمەکانیشـیان بـە کەسـوکاریان نەدەدرایـەوە، مەگـەر کەسـانێکی دەوڵەمەنـد، پشـتیوانی باشـیان هەبوایـە یـان کەسـێکی بـاڵای بەعسـیان بناسـیبایە، بەهـۆی ئەوانـەوە ڕێگەیـان پـێ بدرابایـە بـەر لـە سـێدارەدانی کوڕەکانیـان بـۆ مـاوەی یـەک تـا دوو کاتژمێر سـەردانی زیندانەکەیـان بکردنایـە و دواتـر هەمـان ڕۆژ تەرمەکانیـان وەربگرتایـەوە.

لـە ڕۆژی (١٩٨١/١/١٥)دا دوای سـەردانی کردنـی هەرەیـەک لـە (تەحسـین و جەمیل) لـە ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ و گەڕانەوەمـان

بۆ شارۆچکەی دیبەگە-ی (٤٢) کیلۆمەتر باشووری شاری هەولێر، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی ئێراق بۆسەیان لە زوورگەکانی دیبەگە دانابووەوە و ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمۆبێلی پڕ لە سەرنشینیان ڕاگرتبوو و کادرێک قسەی بۆ کردبوون و باسی ڕەفتاری دڕندە، فاشییانە و ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعسی بۆ کردبوون، نموونەی ئەوەی هێنابووەوە کە بەر لە نزیکەی یەک کاتژمێر خزمو کەسی چەند زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ لە سەردانی کوڕ، برا، باوک، مێرد، برازا، ئامۆزا و هتد .... گەڕاونەتەوە و بێرەدا تێپەڕیون. هەر لەوێدا کاکل هادی ئەحمەد سەربەشاخی کە بەڕێوەبەری پەرتووکخانەی دیبەگە، ڕەفیق حزبی، جەیشی شەعبی و پاڵێوراوی ناوچەی دووەمی پارێزگای هەولێری هەڵبژاردنەکانی ڕێکەوتی (١٩٨٠/٦/٢٠)ی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بوو، دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن، هەرچەندە کاکل کەسێکی خراپ نەبوو. مەفرەزەکەی شیوعی لەکاتی پەڕینەوەیان لەسەر ڕێگای هەولێر - کەرکوک لە نزیک گوندی دۆڵەبەکرە لە سنووری قوشتەپە دەکەونە بۆسەی ئەمن، جاش و جەیشی شەعبی، پێشمەرگەیەک بە ناوی سابیر جەمیل ئیسماعیل ئەحمەد مامەسێنی (١٩٥٦/ شاخەپیسکە/ دێگەڵە)، کوژرا، هەروەها بەهۆی سەرقاڵی پێشمەرگەکان بە وەڵامدانەوەی بۆسەکە، کاکل هادی بەجێما و ڕزگاری بوو.

### هەوڵی یەکەمی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ:

بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێ ژوور پێک دەهات، کە دوو ژووری ئەم سەرو ئەو سەری زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن. ژوورەکەی ناوەڕاست کرابوو بە چێشتخانە، کۆمەڵێک فلینەی گەورە گەورەی هەردەم پڕ لە سەهۆڵی تیابوو، ڕۆژانە بەفری نوێیان بەهۆی پاسەوانەکانە دەکڕی بۆ پاراستنی ئەو خواردنانەی کە لەلایەن کەسوکاریانەوە لە ڕۆژانی دیدەنی بۆیان دەهات، بۆ ئەوەی خواردنە ئامادەکراوەکان تا دیدەنی داهاتوو بەشیان بکات، ئەوان تەنیا گۆشت و خواردنەکانیان گەرم دەکردەوە و دەیان خوارد. ئەو ژوورەیە ئاودەستێکی بچووکیشی تێدابوو کە وەکو گەرماویش بۆ خۆشووشتن بەکاریان دەهێنا. کە دەچوویتە بەشی سێدارە، بە دەستە ڕاست ژوورێکی گەورە هەبوو کە زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن و بە یەک قادرمە بۆی دەچوویتە خوارەوە. لە دەستە چەپیش ژوورێکی بچووک هەبوو کە ئەویش زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن و دەکەوتە نێوان چێشتخانەکە و ژووری لە سێدارە دان کە دوو سەکۆ چوار ئەلقە و هەر ئەلقەی پەتێکی سێدارەی پێوە بوو، واتە چوار پەت کە پەتەکان بە بنمیچی ژوورەکە هەڵواسرابوو. ژووری لە سێدارەدان دەکەوتە دەستە چەپی ژوورە بچووکەکە. دەرگای ژوورەکانی ئەم سەرو ئەو سەر واتە ژوورە گەورەکە و بچووکەکە، کە زیندانییەکان تیایدا دەخەوتن، بریتی بوو لە شیشی ئەستوور، کە نێوانی شیش و شیشێکی دیکە زۆر کەم بوو، نزیکەی سێ بۆ چوار پەنجە دەبوو. بەدرێژایی ئەم ژوورانە یان ئەم بەشە، حەوشێکی بە پانی نزیکەی دوو مەترو درێژی نزیکەی هەشت بۆ دە مەتر هەبوو، کە ڕۆژانە دەرگای هەر دوو ژوورەکەی خەوتن لە کاتژمێری هەشتی

بەیانی بۆ هەشتی ئێوارە دەکرایەوە، زیندانییەکان دەهاتنە دەرەوە، خۆیان خواردنیان بۆ خۆیان ئامادە دەکرد یان گەرم دەکردەوە، خۆیان دەشۆری و پیاسەیان دەکرد یان خۆیان دەدایە بەر خۆرەکە.

خۆم تەنیا لە دەرەوە یان لە دەرگا بچووکەکەی کە دەچێتە ناو حەوشی ژوورەکانی سێدارە، کە بەردەوام پاسەوانێک لە ڕۆژانی دیدەنیدا لە بەردەم دەرگاکە دەوەستا و جگە لە زیندانییەکان ڕێگەی بە کەس نەدەدا بچێتە ژوورەوە، ژوورەکان و ژووری لەسێدارەدانم دیوە، بەڵام زۆربەی زانیارییەکانم لە مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید وەرگرتووە، کە بۆی باسکردووم، هەم نەخشەی زیندانەکە و ژوورەکانی سێدارەی بۆ کێشام و نەخشەکە لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراوە.

مامۆستا محەمەد، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا لە ڕۆژی (٢٠١٣/١٠/١٧) دا گوتی: (بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ سێ ژوورن، کە دەچیتە ژوورەوە لە دەستە ڕاست ژوورێکی گەورە کە زیندانییەکان تێیدا دەخەوتنو دەرگاکەی ڕووەو دهۆک-ە، ناوەڕاست ژوورێک بوو کە فلینەی تیابوو بۆ پاراستنی خۆراک، هەروەها ئاودەستیشی تیابوو کە دەرگاکەی ڕووەو شەنگال-ە، لە دەستە چەپ ژوورێکی بچووک هەبوو کە ئەویش زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن ئەویش دەرگاکەی ڕووەو شەنگال-ە. لە بەرانبەر ژوورە گەورەکەدا ژووری لە سێدارە دان هەبوو کە دەرگاکەی بەرانبەر دەرگای ژوورە گەورەکەیە. دەرگای ژوورەکانی ئەم سەرو ئەو سەر واتە ژوورە گەورەکە و بچووکەکە، کە ئێمەی زیندانی تیایدا دەخەوتین، بریتی بوو لە شیشی ئەستوور، کە نێوانی شیش و شیشێکی دیکە زۆر کەم بوو، نزیکەی هەر سێ پەنجە دەبوو، دەرگای ژووری لەسێدارە دانیش دەرگایەکی دوو پارچەیی دارێکی کۆنی ڕزیو بوو، بۆیە لە درزی ڕزاوەکان پەتەکانی سێدارەمان دەبینی).

لە بەرانبەر ژوورە گەورەکەدا ژووری لە سێدارە دان هەبوو، کە

دوو سەکۆی تیابوو هەر سەکۆی دوو پەتی بەهۆی ئەلقەی ئاسنین پێ هەڵدەواسرا بۆ لە سێدارە دانی زیندانییەکان، جارێک دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت و یەکێک لە پاسەوانەکان کە کوردێکی ئێزیدی بوو ڕێگای پێدام بەپەلە سەیرێکیان بکەم، کە لە دەرەوە سەیرت بکردبایە دەکەوتە دەستە چەپ. کاتێک لە ژووری سێدارە بهاتبایتە دەرەوە بە دەستە چەپ، دوو دیواری بەرز و دوای نزیکەی (٥) مەترێک، دوو دەرگای دیکە هەبوون، کە تەنیا کارمەندان و پاسەوانەکانی زیندان بۆ هێنان و بردنی زیندانییەکان و خواردن پێدانیان ئەو دوو دەرگایەیان بەکار دەهێنا. دەستە ڕاستیش نێوان دوو دیواری شەش بۆ حەوت مەتر پانی، دیواری بەرز و درێژی چەند سەد مەتری بوو کە دەرگایەکی هەبوو بۆ ئەوانەی دەهاتنە سەردانی زیندانییەکان و پێیدا دەهاتنە ژووریٚ و دەچوونەوە دەریٚ.

بەداخەوە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق لە ڕۆژی (٢٠٠٣/٤/٩) دا، بەرپرس و کاربەدەستانی موسڵ ئەو زیندانەیان بەتەواوی لەگەڵ زەوی تەختکردووەو کردوویانە بە شوێنی سەوزە و میوە فرۆشتن. پێم سەیرە کە حکومەتی هەرێم و بەتایبەت وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان بیریان لەوە نەکردەوە کە بەلای کەمەوە وێنەی ڤیدیۆیی تەواوی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بگرن، بەر لە کاولکردنی!

هەر لە مانگی یازدەی ساڵی (١٩٨٠)دا بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و ڕاکردنی زیندانییەکان لەلایەن ئەکرەمی حەپسە پێشنیار دەکردێت و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، پێشنیارەکە دوو بۆچوون بووە بەمشێوەیە:

یەکەم: ئەکرەمی حەپسە هەوڵ بدات بەهۆی کەسوکارییەوە داوای دەمانچەیەکی بێدەنگ لە مستەفا قادر مەحمود ناسراو بە مستەفا

چاوڕەش (١٩٤٦/ سلێمانی)ی پورزای بکات کە ئەوکات فەرماندەی هەرێمی (٥)ی قەرەداغ و ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەهۆی دایک و هاوسەرەکەی بۆی بنێرێت. دوای ئەوەی ئەکرەم دەمانچەکەی بۆ بێت، لەدوای کاتژمێری دوازدەی شەو کە زۆر جار شەوانە پاسەوانەکە لە کەلێنی شیشەکانە قسەیان لەگەڵ زیندانییەکان دەکرد، پاسەوانەکە بە فیشەکێک بە دەمانچە بێدەنگەکە بکوژن، ئینجا قوفلی دەرگاکە بە فیشەک بشکێنن، سەرەتا پاسەوانە کوژراوەکە بگوازنەوە ژووری فلینەکان، قوفلی ژووری دووەمیش بە فیشەک بشکێنرێت، زیندانییەکان هەموویان بچنەوە دوو ژوورەکەی خۆیان، یەکێک لە بەهێزترین و کارامەترین زیندانی هەڵبژێرن و جلی پاسەوانەکە لەبەر بکات، دەمانچەکە بگرێت بە دەستەوە، لەسەر کورسی ئێشکگرەکە دانیشێت و بەتانی پاسەوانەکە لەخۆی لول بدات، کە هەردەم بۆ خۆ پاراستن لە سەرما هەر پاسەوانێک بەتانییەکی لەخۆی دەپێچا، تا پاسەوانی دووەم کە دێت هەست نەکات ئەوەی لە شوێنی پاسەوانەکە دانیشتووە کەسێکی نامۆیە، دەرگای هاتنە ژوورەوەی پاسەوانەکان زۆر تەسک و بچووک بوو، بەتایبەت پاسەوانە قەڵەوەکان کە زۆربەشیان قەڵەو بوون دەبوایە بە لاری و لەسەر تەنیشت بێنە ژوورەوە، بۆیە زیندانییە دەمانچە بەدەستەکە دەبوایە چاوەڕێ بکات تا پاسەوانی دووەم بە تەواوی دێتە ژوورەوە، ئینجا ئەویش بکوژێت کە هەردەم کلیلی سێ ژووری یەک لەدوای یەکی پێبوو لە حەوشی ژووری سێدارە تا دەگاتە ژووری ئەفسەری ئێشکگر (ضابط الخفر)، چونکە گەر بەتەواوی نەهاتبایە ژوورەوە لە هەر هەڵەیەک شیمانەی گەڕانەوە دواوەی پاسەوانەکە و ڕزگاربوونی، دەرگا داخستن و شکستی هەوڵەکە هەبوو. دوای کوشتنی پاسەوانی دووەم، دەرگای هەردوو ژوورەکە بکرێتەوە بە گوللە بشکێنرێن و ئەوەی دەمانچەکەی لایە لە

پێشـەوەو زیندانییـەکان لـەدواوە بـە ئەسـپایی و بـێ دەنگەدەنـگ بـەرەو ژووری ئەفسـەری ئێشـکگر بڕۆن، بۆ ئەوەی پاسـەوانی سـەر سـێ قوڵغەکە هۆشـیار نەبنـەوە. ئەفسـەری ئێشـکگر ناچـار بکـەن کلیلی هـەر دوو دەرگای لێبسـەنن کـە دەیانگەیەنێتـە دەرەوەی زینـدان و سـەر شـەقامەکە، وەلـێ لـە هـەردوو بـاردا پـاش وەرگرتنـی کلیلـەکان دەم، دەسـت و قاچـی ئەفسـەری ئێشـکگر ببەسـتن و هێڵـی تەلەفۆنیـش ببـڕن.


ئـەوەی پێویسـتە بگوترێـت ئەوەیـە کـە شـەوانە تەنیـا دوو پاسـەوان لـە بەشـی سـێدارە لـە هەشـتی شـەو تـا هەشـتی بەیانی بـە نـۆرە و هـەر یەکـەی دوو کاتژمێـر بەبـێ چـەک دەهاتنـە نـاو حەوشـی بەشـی سـێدارە و لەسـەر کورسـییەک دادەنیشـتن بـۆ ئـەوەی تـا بەیانی چاودێری ژوورەکانی سـێدارە بکـەن، زۆربـەی جارەکانیـش لـەدوای کاتژمێـری دوازدەی شـەو دەچوونـە ژووری فلینـەکان و هـەر یەکـە و لـە کاتـی ئێشـکگری خۆیـدا ئـەو دوو کاتژمێـرە دەخـەوت. واتـە تـا بەیانی چاودێری کردنی ژوورەکانی سـێدارە تەنیـا لەنێوان ئـەم دوو پاسـەوانە لـەدوای هـەر دوو کاتژمێرێـک دەگـۆڕدرا. تەنانـەت بـە ڕۆژیـش هـەر وابـوو کـە تەنیـا دوو پاسـەوان بـە نـۆرە و هـەر یەکـە دوو کاتژمێـری یـەک لـەدوای یـەک لـە کاتژمێـری هەشـتی بەیانـی تـا هەشـتی ئێـوارە ئاڵوگـۆڕی چاودێرییـان دەکـرد.

دووەم: گـەر دەمانچەکـە نەگەیشـت، بەهێزتریـن، چاونەترسـترین و شـارەزاترین زیندانـی کـە توانـای کوشـتنی پاسـەوانەکانی هەبێـت سـەر لـە ئێـوارە و لەکاتـی کردنـە ژوورەوەی زیندانییـەکان خـۆی لـە پەنـا فلینـەکان بشـارێتەوە، لـەدوای کاتژمێـری دوازدە یـان یەکـی شـەو بەئەسـپایی بێتـە دەرەوەو بـە چەقـۆ هـەر لـە خـەو بەخێرایـی ملـی پاسـەوانەکە ببڕێـت و بیکوژێـت کـە زۆربەیـان لـەدوای ئـەم کاتانـەدا دەخەوتـن، جلەکانـی ئـەو لەبەربـکات و خـۆی ئامـادە بـکات بـۆ کوشـتنی پاسـەوانی دووەم، کـە پاسـەوانی دووەم کـوژرا کلیلـی سـێ دەرگای ڕێڕەوەکانیـان دەسـت

دەکەویێت بە ئاراستەی ژووری ئەفسەری ئێشکگر. لە پلانی دووەم کە دەمانچەی تێدا نییە، بەدڵنیایی دەبێ هەوڵی کوشتنی بەلای کەم یەکێک لە سێ پاسەوانی سێ لە تاوەرەکانی پاسەوانی بدرێ کە ئەوان هەردەم لەدوای کاتژمێر دووی شەو خەوتبوون و چەکەکانیان لە تەنیشت خۆیان دادەنا بۆ ئەوەی چەک لەدژی ئەفسەری ئێشکگر بەکاربێنن و ناچاری بکەن کلیلی دوو ژوورەکەی زیندانییەکان و دوو دەرگای دەرەوەی لێوەرگرن، تەلەفۆنەکە ببڕن، ئەفسەرەکە لەگەڵ خۆی بێنی و دەرگای هەردوو ژووری زیندانییەکانی پێبکاتەوە، ئینجا لەوێ دەست، قاچ و دەمی ببەستریێت و جێیبهێڵن، یان بیکوژن، دواتر هەموو زیندانییەکان بەرەو دەرەوەی زیندان و سەرشەقامەکە بڕۆن، کە پێشتر لەگەڵ نۆ هەڤاڵەکەی ڕێکخراوی پێشکەفتنی بەرواری باڵای پارتی وا ڕێککەوتبوون کەسوکاری ئەوان بێن و ئۆتۆمۆبێلەکانیان لە کۆڵانەکانی پشت زیندانەکە ڕاگرن، کە ئەوان گەیشتنە لایان هەوڵی دەرچوون لە موسڵ و ڕزگارکردن و گەیاندنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بدەن.

خۆم بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری پلانی یەکەم نەبوویمە و زانیاریم دەربارەی ئەو نەخشە و پلانە نەبووە، بۆ یەکەم جاریش وتارێکی زاهیر باهیر عارف بە ناونیشانی (یادت و یادەوەریتان بەرز و زیندوو، ئەکرەم حەمەدئەمین (ئەکرەمی حەپسە)م لە ماڵپەڕی (ئەمڕۆ)دا خوێندەوە کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١٢/١٠)دا بڵاوکراوەتەوە، وتارەکە بە سێ دێر ئاماژە بە نامەیەکی ئەکرەمی حەپسە دەدات و دەڵێ: (لە نامەیەکی تریدا بۆ ئێمە، بەداخەوە کە بەرواری لەسەر نییە. پاش ئەوەی کە باس لەوە دەکات کە چاوەڕوانی هەندێک شت دەکەن کە بڕیارە ئەو شەوە پێیان بگات، کە گەر پێیان بگات هەوڵی ڕاکردن دەدەن و ئەگەری زۆریش بۆ ڕزگار بوونیشیان هەیە، گەر دەریش نەچن ئەوە خۆ هەر ئەوان ئیعدام دەکرێن). دوای پەیوەندی کردن بە زاهیر باهیر، لە ڕێکەوتی

(٢٠١٥/٢/١١)دا ئـەو کۆپلەیـەی نامەکـەی ئەکرەمـی حەپسـەی بـۆ نـاردم، کـە پەیوەنـدی بـە شـکاندنی زیندانـی سـێدارەی موسـڵ هەیـە و تیایـدا هاتـووە: (چونکـە بـە ڕاسـتی مـن تـا ئـەو لەحزەیـەی ئەکرێم بـە سـێدارەوە هەمیشـە بیـر لـەوە ئەکەمـەوە و هەوڵئـەدەم کـە خۆمـان ڕزگار بکەیـن. سـبەینێ چاوەڕێـی هەنـدێ شـت ئەکەیـن بگات بەدەسـتمان - هـەر سـبەی شـەو بەگەیشـتن و نەگەیشـتنی هەوڵـی ڕاکـردن ئەدەیـن جا ئەگـەر شـتەکان گەیشـت ئـەوا ئیحتمالـی سـەرکەوتنمان زۆرتـر ئەبێـت ئەگـەر نەگەیشـت کارەکـە ئەبێتـە کارێکـی ئینتحـاری بـەڵام هـەر پێـی هەڵئەسـتین چونکـە ئێمـە وا بیـر ئەکەینـەوە، مـادام هـەر ئیعـدام ئەکرێیـن بـا هـەوڵ بدەیـن بەڵکـو هیـچ نەبێـت). ئەمـەی خـوارەوە کۆپلەیـەک لـە نامەکـەی (ئەکرەمـی حەپسـە)یـە، کـە زاهیـر تەنیـا ئـەو کۆپلـەی بـۆ نـاردم.



هـەر سـەبارەت بـە پلانـی یەکـەم و هەوڵـی شـکاندنی زیندانـی سـێدارەی موسـڵ و ڕاکردنـی زیندانییـەکان، لـە وەڵامـی چەنـد پرسـیارێکدا کـە لـە ڕێگای نووسـەر زاهیـر باهیـر لـە ئـاوازی هاوسـەری ئەکرەمـی حەپسـەم کردبـوو، ئـاواز لـە ڕۆژی (٢٠١٥/٢/١٧)دا وەڵامەکانـی ناردۆتـەوە، سـەرەتا بوونـی پلانـی یەکـەم بـۆ شـکاندنی زیندانەکـە و هەوڵـی ڕاکردنەکـە پشـت ڕاسـت

دەكاتەوە، دواتریش باسی ئەوە دەكات كە لەلایەن مستەفا چاوڕەشەوە دەمانچەیەكی بێدەنگیان بەدەست گەییشتووە و ئاواز هەر خۆیشی دەمانچەكەی گەیاندۆتە شاری موسڵ، بەڵام دەمانچەكەی نەبردووە بۆ ناو ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، چونكە ئەوان بە درەنگەوە ئاگادار كرابوونەوە لەدوا دیداری ئەكرەم كە بۆ شەو لەسێدارە درا.

لەپێناوی كۆكردنەوەی زۆرترین زانیاری دروست و وردەكاری هەوڵی شكاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، هەوڵم دا مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید محێدین ناسراو بە حەمەی سانیە (١٩٥٦/ كەركوك/ ئیمام قاسم)، بدۆزمەوە، ئەوەبوو دوای هەوڵ و سۆراغێكی زۆر توانیم لە ڕێگەی مەهدی خالید غەمباری هەڵبەستوان و هاوڕێی دێرینم، لە ڕۆژی (٢٠١٣/١٠/١٧)دا مامۆستا محەمەد حەسەن بدۆزمەوە و قسەی لەگەڵ بكەم، كە كاتی خۆی جەمیلی ئامۆزازام بە یەكتری ناساندین و پێشتر بە منی گوت ئەوە پشتی بەهێزی هەیە و خۆیشی دانپێدانانی نییە بەدڵنیایی سزاكەی بۆ سووك دەكرێت، لەدوا ڕۆژدا لەوانەیە لە پێشمەرگایەتی ببینیتەوە، كەسێكی ڕۆشنبیرە و سوودی لێ دەبینیت. دوای گفتوگۆیەكی زۆر لەگەڵ مامۆستا محەمەد دەركەوت كە هەوڵی یەكەمی شكاندنی زیندانەكە لە دوو مانگی كۆتایی ساڵی (١٩٨٠)دا لە ئارادا بووە، بەڵام ئەو پلانە بەهۆی نەگەیشتنی دەمانچە بێدەنگەكە بۆ ناو ژووری سێدارە سەری نەگرتووە و نەخراوەتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بۆیە دەكرێت ئەوەیان بە پلانی یەكەم و ئەوەی دیكەشیان بە پلانی دووەم ناوببرێت.

كاتی خۆی تەحسین و جەمیل بۆ من باسی ئەو هەوڵەیان نەكردبوو، جاری یەكەم لە نووسینێكی زاهیر باهیر عارف خوێندمەوە، دووەم كەس مامۆستا محەمەد حەسەن بۆی باسكردن، دواتر ئاوازی هاوسەری ئەكرەم حەپسە و دوا جاریش لە ڕۆژانی (٢٠١٥/١/٣) و (٢٠١٥/١/٦)دا بە

تەلەفۆن قسەم لەگەڵ نیشتمان-ی خوشکی جەمیل ئەحمەدی ئامۆزازام کرد، نیشتمان باسی پلانی یەکەمی بۆ کردم کە جەمیلی برای بۆی باسکردووە، بەڵام نازانم بۆ تەحسینی برام یان جەمیل بۆ منیان باس نەکردووە.

محەمەد حەسەن کەرکوکی، هەر لە ڕۆژی (٢٠١٣/١٠/١٧)دا باسی ئەوەی کرد کە: (لە دوو مانگی کۆتایی ساڵی (١٩٨٠)دا بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ باسی لێوە کراوە، کە خاوەنی بیرۆکەکە هەریەک لە (ئەکرەمی حەپسە، دکتۆر ڕێباز و جەلال مەحمود سورداشی) بووینە. ئەوکاتە ئەکرەمی حەپسە، ئەو بیرۆکەیەی لەگەڵ خۆم و ئاگاداریشم لەگەڵ جەمیل ئەحمەد مەحمود، تەحسین ڕەحمان فەرحان، شێرکۆ حەمید، بەکر کەریم خۆشناو و زۆربەی زیندانییەکان باسکرد، بەڵام دەمانچەکە نەگەیشتبوو. هەر ئەکرەمی حەپسە خۆی یان یەکێک لە دکتۆر ڕێباز و جەلال سورداشی لەگەڵ بادینییەکان و چەندان زیندانی دیکە باسی ئەو بیرۆکە و پلانەیان کرد، کە هەمووومان لەگەڵ بیرۆکەکە و هەوڵی سەرخستنی پلانەکەدا بووین، بەڵام بەر لە گەیشتنی دەمانچەکە، ئەکرەمی حەپسە لە سێدارە درا، بۆیە پلانەکە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت).

مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، باسی ئەوەی کرد، کە بەهۆی ئەوەی ئەمنی سلێمانی بە ئەنقەست ئاگاداری کەسوکاری ئەکرەمی حەپسەی نەکردبوو بۆ دوادیداری بەر لەسێدارەدانی لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٢/١٠)دا، بۆیە کەسوکاری ئەکرەمی حەپسە نەیان زانیبوو ئەو لە سێدارە دەدرێ و لەکاتی دیاری کراودا بۆ دوادیداری نەهاتبوون، بەڵام بەڕێوەبەری زیندان کە دەزانێ خزموکەسی ئەو نەهاتوون، ژمارە تەلیفۆنێک لە ئەکرەم خۆی وەردەگرێت و پەیوەندی بە خزموکەسەکەی دەکات و داوایان لێ دەکات بەپەلە بکەونە ڕێ تا فریای دوادیداری

ئەکرەم بکەون. ئەوان ئەوەندەی بۆیان ڕێک دەکەوێ دەستبەجێ بەرەو موسڵ دەڕۆن و بۆ ماوەی یەک دوو کاتژمێر چاویان بە ئەکرەم دەکەوێ، تا کاتژمێری (١١)ی شەو لای دەمێننەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەهۆی ئاگادارنەکردنەوەی کەسوکاری ئەکرەم بۆ دوادیدەنی، دواتریش ئاگادارکردنەوەی لە پڕیان، ئینجا پەلە پەلی خۆ ئامادەکردن و گەیشتن بە موسڵ نەتوانراوە دۆڵمە دروست بکرێت و بە ڕێگایەکی وا دەمانچەکە بگەیەنرێت کە کارمەندانی زیندان هەستی پێ نەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە هەردەم لەکاتی چوونە ژوورەوە و خواردن بردندا شیشیان لە هەموو خواردنێک وەردەدا بۆ ئەوەی دڵنیابن کە هیچ شتێکی مەترسیداری تێدانییە. هەروەها بەگوێرەی نامەکەی ئەکرەم-یش کە پێ دەچێت شەوی پێش ڕۆژی دوادیدەنی نووسیبێتی، چونکە باسی ئەوە دەکات کە (سبەینێ چاوەڕێی هەندێ شت ئەکەین بگات بەدەستمان - هەر سبەی شەو بەگەیشتن و نەگەیشتنی هەوڵی ڕاکردن ئەدەین)، دڵنیایە کە سبەی کەسوکارەکەی بۆ دوادیدەنی دێن و دەمانچەکەش دەگەیەنن، بەڵام ئەو ئاگاداری ئەوە نییە کە ئەمنی سلێمانی ئاگاداری کەسوکارەکەیان نەکردووە بۆ ئەوەی دوادیدەنی ئەو بکەن.

لە ڕێگەی دیمانەیەکدا لەگەڵ ئاوازی هاوسەری ئەکرەمی حەپسە، کە لە ڕۆژی (٢٠١٥/١٢/١٥)دا پرسیارەکانم بۆی ناردو ئەویش لە ڕۆژی (٢٠١٦/٣/٣١)دا وەڵامی داومەوە، لە هەمان ڕۆژی ناردنەوەی وەڵامەکان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کرد، باسی دەمانچەی بێدەنگ و مستەفا چاوڕەشی پورزای ئەکرەمم لەگەڵ کردەوە، ناوبراو ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە مستەفا چاوەڕەش دەمانچەیەکی بێدەنگی بۆ ناردن بۆ سلێمانی، ئاواز خۆی دەمانچەکەی لە سلێمانی گەیاندۆتە موسڵ، بەڵام نەیبردووە بۆ ناو زیندان! هەرچەندە دەمانچەکەش بگەیشتایە دەستی ئەکرەم و ژووری بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، هەوڵی شکاندنی

زیندانەکـە و ڕزگاربوونیـان یـەک لـە سـەد سـەرکەوتنی نەدەهێنـا، چونکـە شـەوی لەسـێدارەدان هـەردەم کۆمەڵێک بەرپرسـی حکومـی و حزبـی وەکو کۆمیتـەی سـەرپەرشـتی کردنـی لەسـێدارەدانی زیندانییـەکان، خۆیـان و پاسـەوانەکانیان نزیکـەی یـەک دوو کاتژمێـر پێشـتر دەهاتنـە زیندانەکـە و پاسـەوانەکان لـە دەرەوە و نـاوەوە پـەرش و بڵاودەبوونـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش کـە ئەوانـەی لەسـێدارە دەدران لـە کاتژمێـری هەشـتی بەیانـی تـا دوازدەی شـەو دەسـتیان کەلەبچـە دەکـرا و بـۆ یـەک خولەکیش دەسـتیان نەدەکرایـەوە.

زیندانییـەکان وا ڕێککەوتـن و بڕیـار وابـوو ئـەو دەمانچەیـەی کـە ئەکرەم لـە مسـتەفا چاوڕەشـی پوورزای داوای کردبـوو، لـە یەکێـک لـە دیدەنییـەکان بگات، بـەڵام دەمانچەکە دواکـەوت، گـەر دەمانچەکە تەنانـەت یـەک دیدەنـی بـەر لەسـێدارەدانی ئەکـرەم بگەیشـتبایە، کاتـی باشـتر، دەرفەتـی باشـتریان بـۆ دەڕەخسـا کـە بەشـێوەیەکی گونجـاو بڕیـاری هـەوڵی شـکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنیـان بدەن، هەروەهـا گـەر دەمانچەکـە زووتـر بگەیشـتبایە بەدڵنیایی شـیمانەی سـەرکەوتنی هەوڵەکـەی زیاتـر دەکـرد و چاوەڕوانـی ئەنجامـی باشـتر بـۆ سـەرکەوتنی هەوڵەکـە دەکـرا نـەک وەکـو ئـەوەی کـە بیرۆکـە و نەخشـەی هەوڵەکـە هـەر لـە سـەرەتاوە بەهـۆی نەگەیشـتنی دەمانچەکـە شکسـت بهێنێت!

هـەم نامەکـەی ئەکرەمـی حەپسـە، وەڵامەکـەی ئـاوازی هاوسـەری ئەکـرەم و نووسـینەکەی زاهیـر باهیـر، هـەم ئـاگاداری مامۆسـتا محەمـەد حەسـەن خورشـید و نیشـتمانی خوشـکی جەمیـل ئەحمـەد مەحمـود لـە هەوڵـی شـکاندنی زیندانەکـە و پلانـی یەکـەم، بەدڵنیایـی دەیسـەلمێنن کـە بیرۆکە، پلانـی شـکاندنی زینـدان و ڕاکردنـی زیندانییـەکان دوو پلانـی یـەک لـەدوای یـەک بووینـە!

سـەبارەت بـە گواسـتنەوەو دەربازکردنـی زیندانییـەکان لـە بـەردەم

زیندانەکـە لـە موسـڵ بـۆ ناوچـە ئازادکـراوەکان، بـە مامۆسـتا محەمـەد حەسـەن کەرکوکـی-م گـوت: (بـەم دواییـە شـتێکم هاتـەوە بیـر کـە جەمیل و تەحسـین کاتـی خـۆی پێیـان گوتـم، ئەگـەر نەخشـە و پلانەکـە سـەربگرێ، ئەوکاتـە هەڤاڵانـی بادینـی و ڕێکخـراوی پێشـکەفتنی بەرواری بـاڵای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەرکـی دەربازکـردن و گواسـتنەوەیان لـە بـەردەم زیندانەکـەوە بـۆ ناوچـە ئازادکـراوەکان دەگرنـە ئەسـتۆی خۆیـان بەهـۆی کەسـوکاریان، بـەڵام ئەگـەر ئـەوان لـە سـێدارە دران، ئەوکاتـە هەوڵـدەدەن چەنـد کەسـێک لـە هەولێرییـەکان بێـن بـۆ دەربازکردنیـان لەنـاو موسـڵ). ئەوەبـوو دەسـتبەجێ مامۆسـتا محەمـەد گوتـی: (زۆر ڕاسـتە، پلانـی یەکەمیـش هـەر بادینییـەکان و هەڤاڵانـی ڕێکخـراوی پێشـکەفتنی بـەرواری بـاڵای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئـەو ئەرکەیـان گرتبـووە ئەسـتۆ. بـاش بـوو بیـری منیشـت خسـتەوە، کـە نـاوی ئـەو ڕێکخـراوەم بیرچووبـوو، بەڵـێ هـەر ئەندامانـی ڕێکخـراوی پێشـکەفتن بـوون کـە گفتیـان دابـوو بـۆ پلانـی یەکـەم هەوڵـدەن ئەرکـی گواسـتنەوەی زیندانییـەکان بخەنـە ئەسـتۆی خۆیـان). بۆیـە بەدڵنیایـی دەبـێ زیندانییەکانـی ژووری سـێدارەی موسـڵ، نەخشـە و پلانـی شـکاندنی زیندانـی سـێدارەی موسـڵ-یان لـە دیدەنـی ڕۆژی (١٩٨١/٢/١) لەگـەڵ کەسـوکاری نزیکـی خۆیـان بـاس کردبـێ، هەروەهـا (جەمیل و تەحسین)یش لـە هەمـان کاتـدا لەگەڵ منـدا باسـیان کـردووە، کـە هێشـتاکە هەڤاڵانـی ڕێکخـراوی پێشـکەفتنی پارتـی لـە سـێدارە نەدرابـوون، کەچـی دوای کەمتـر لـە مانگێـک لـە شـەوی (١٩٨١/٢/٢٦)دا هـەر نۆیـان پێکـەوە لـە سـێدارە دران.

هەڤاڵانـی ڕێکخـراوی پێشـکەڤتنی بـەرواری بـاڵای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گفتیـان دابـوو بەهـۆی کەسـوکاریان ئەرکـی گواسـتنەوەی زیندانییـەکان بگرنـە ئەسـتۆی خۆیـان دوای جێبەجـێ کردنـی نەخشـە و پلانـی ڕاکردنـی زیندانییەکانـی ژووری سـێدارەی موسـڵ، دەبـێ ئـەوە

باس بکەم کە لە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ تەنیا ژمارەیەک لە کەسوکاری زیندانییەکان ئاگادار کراینەوە، هاوکاری هەوڵەکە بووینە و پشتیوانی دارایی و ورەیی زیندانییەکانیان کردووە، ئەگینا بەهیچ جۆرێک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگادار نەکراونەتەوە و هاوکاریش نەبوون. هۆکاری شکستی ئەم پلانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان کەمی کات و خێرا لەسێدارەدانی ئەکرەمی حەپسە کە هەوڵی یەکەم پابەند بوو بە مانەوەی ئەو، دووەمیان بەڕێوەبەرێتی زیندان هەستی بە شتێک کردبوو کە هەوڵێک هەیە بۆ ڕاکردنی زیندانییەکان، سێیەمیش ئاگادار نەکردنەوەی کەسوکاری ئەکرەمی حەپسە بۆ دوادیداری کوڕەکەیان لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٢/١٠)دا، دواتریش بەڕێکەوتنی بە پەلەیان بۆ موسڵ بۆ ئەوەی فریای دوادیداری ئەکرەم بکەون سەرەڕای ئەوەی کە دەمانچەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ موسڵ، بەڵام بەهۆی شلەژان و پەشۆکاوی لەنێو ئۆتۆمۆبێل جێیان هێشتووە. ئەگەر ئەمنی سلێمانی ئاگاداری کەسوکاری ئەکرەم-یان بکردایە، کە ڕۆژی (١٩٨٠/١٢/١٠) لە موسڵ ئامادەبن بۆ دوادیداری ئەکرەم، بەدڵنیاییی دەرفەتێکی باشتر دەگونجا بۆ ئەوەی وەکو داوایان لێ کرابوو خواردن دروست بکەن و دەمانچەکە بخەنە ژێر مەنجەڵی دۆڵمە. ئەوە ئەگەر لەکاتی پشکنین و بردنە ژوورەوەدا بۆ ناو زیندان لەلایەن پاسەوانەکانەوە دەستی بەسەردا نەگیرایە و ئاشکرا نەبوایە، چونکە ئەوان پشکنینی وردیان بۆ ئەو کەسانە دەکرد کە سەردانی ژووری سێدارەیان دەکرد لەگەڵ پشکنینی هەموو کەلوپەل و خواردنێک کە بۆ زیندانییەکان دەبردرایە ژوورەوە!

هەر بە مەبەستی جەخت کردنەوە لەسەر دروستی هەوڵەکە و زانیاری زیاتر لە چۆنێتی پلانی یەکەم، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٣١)، لە

پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا قسەم لەگەڵ مستەفا قادر مەحمود ناسراو بە مستەفا چاوڕەش، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، ئەو بەم شێوەیە باسی ئەم هەوڵەی کرد، دوای ئەوەی لە ئەکرەمی حەپسەوە نامەیەکی کورتی پێنج شەش دێری بەهۆی مامۆستا ئەحمەد محێدین ناسراو بە ئەحمەدە سوور هاوسەری نەسرین-ی خوشکی ئەکرەم-ی پێ دەگات، کە نامەکە لە شاخ فەوتاوە و نەیتوانیوە بیپارێزێت، ئەکرەم لە نامەکەدا داوای دەمانچەیەکی بێدەنگ دەکات، مستەفا چاوڕەش هەمان ڕۆژ لە گوندی دێلێژە لە سنووری شارۆچکەی قەرەداغ نامەیەک بە خالید عەباس حوسێن (١٩٥٨/ سلێمانی)، پێشمەرگە لە هەرێمی (٥)ی قەرەداغ دەنێرێت بۆ نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل ناسراو بە سالار عەزیز (١٩٤٩/ سلێمانی)، ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و داوای دەمانچەیەکی بێدەنگی لێ دەکات. خالید نامەکە دەبات بۆ سالار عەزیز لە ناوزەنگ و دوای نزیکەی هەفتەیەک یان دە ڕۆژێک بە دەمانچەیەکی بێدەنگ دەگەڕێتەوە لای مستەفا چاوڕەش، ئەویش دەستبەجێ دەمانچەکە بۆ دایکی ئەکرەم واتە پوری خۆی دەنێرێت، کە ئەکرەم و مستەفا چاوڕەش پورزای یەکترن. دەمانچەکە بەهۆی ئاواز حەمەدئەمین هاوسەری ئەکرەم حەپسە و حەپسەی دایکی ئەکرەم دەگاتە موسڵ، بەڵام چونکە دوادیدەنی ئەکرەم دەبێت ناتوانن دەمانچەکە ببەنە ژوورەوە. مستەفا چاوڕەش، دواتر لە ساڵی (١٩٨٤)دا لەکاتی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و میری دەگەڕێتەوە سلێمانی دەمانچەکە لە خزمەکانی وەردەگرێتەوە و لای خۆی دەیپارێزێت تا ڕاپەڕینی زستانی (١٩٩١) و بەڵام دواتر دەمانچەکە فەوتاوە.

سەبارەت بە پلانی یەکەم، دیارە دەزگاکانی ئەمنی ناو زیندان هەستیان بە شتێک کردووە، بۆیە چەند کەسێکیان بانگ کردووە بۆ ئەوەی سەرە داوێکیان بکەوێتە دەست، وەلێ کەس هیچ زانیاری پێ نەداون. یەکێک

لەو کەسانەی کە کە بۆ تەداوی برینی سەر قاچی بانگکراوە محەمەد حەسەن خورشید بووە، کە پێیان وتبوو: (تۆ کەسێکی خزمی شێخ ستار تاهیر شەریفی کۆنە وەزیری و واستەت هەیە، ڕەنگە شانسێکت هەبێ لە سێدارە نەدرێیت. بۆیە پێویستە هاوکارمان بیت و دەنگۆی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە هەیە، بۆمان باسکە کێن ئەوانەی خەریکی ئەو نەخشە و پلانەن؟). محەمەد حەسەن، لە وەڵامدا پێیان ڕادەگەیەنێ: (باوەڕناکەم پلانێکی لەو جۆرە لە ئارادابێ، کەس باسی پلانێکی وای لەگەڵ نەکردووم، گوێشم لە کەسیان نەبووە شتێکی وا باس بکات، تەنانەت هەستیشم بە شتێکی ئاوا نەکردووە. دواتر هەروەکو خۆتان باسی دەکەن کە من واستەیەکی گەورەم هەیە و خزمی شێخ ستارم، ئەوانیش لە ژوورەوە هەموویان ئەوە دەزانن بۆیە نە باوەڕم پێدەکەن و نە قسەشم لەگەڵ دەکەن). دوای ئەوەی محەمەد حەسەن دەگەڕێتەوە، تەواوی ئەو قسانەی بەرپرسانی ئەمنی زیندان بۆ ئەکرەمی حەپسە، دکتۆر ڕێباز و چەند کەسێکی دیکەی ژوورەکەیان باس دەکات. دوای ئەویش چەند کەسێک لە هەڤاڵانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی بەرواری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بانگ کرابوون و هەمان پرسیاریان لێکرابوو.

چەند هۆکارێک بوونە جێبەجێنەکردنی ئەم هەوڵە بێ ئەوەی بخرێتە بواری هەنگاونانی بۆ بنرێت، چونکە:

**یەکەم:** لەسێدارە دانی ئەکرەمی حەپسە و کەمی کات.

**دووەم:** نەگەیشتنی دەمانچەکە لەکاتی پێویستدا.

**سێیەم:** زیندانییەکان نەیانتوانی بوو پاسەوانێک یان کارمەندێکی زیندان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە شکاندنی ژووری سێدارە و ڕاکردنیان هاوکاریان بکات.

**چـوارەم:** هەسـت پێکردنـی هەوڵەکـە لەلایـەن بەڕێوەبەرێتـی زینـدان و ڕۆژێـک لەنـاکاو دێنـە ژوورەوەو تـەواوی ژوورەکانـی بەشـی سـێدارە دەپشـکنن بـۆ گـەڕان بـەدوای هـەر ئامێرێکـی کوشـتن، بریندارکـردن و هەوڵـی شـکاندنی زینـدان لـە دەمانچـە، مشـار، چەقـۆ، گاز و پلایـس بدۆزنـەوە و دەسـتی بەسـەردا بگـرن، نـەوەک هەوڵـی شـکاندنی زینـدان سـەر بگرێت. زیندانییـەکان دوای ئـەم پشـکنینە و لەسـێدارەدانی ئەکرەمـی حەپسـە ساردبوونەوە، بـەردەوام نەبـوون لـە سـەر هەوڵـی شـکاندنەکە و بـۆ ماوەیـەک وازیـان هێنـا.

ئەوکاتـەی باسـی ئـەم هەوڵـە کـراوە، واتـە لەنێـوان (١٩٨٠/١٢/١١/١٠) دا کـە مێـژووی دووەم مێـژووی لەسـێدارەدانی ئەکرەمـی حەپسـەیە، ئـەم زیندانییانـە لـە ژووری سـێدارەی موسـڵ بووینـە:

١. ئەحمەد خدر حوسێن محەمەد هەروتی ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو.
٢. ئەحمەد عەنجە.
٣. ئەحمەد مەحمود عەبدوڵڵا ناسراو بە ئەحمەد سەرشاخی.
٤. ئەکرەم فەتاح مەحمود ئەحمەد.
٥. ئەکرەم محەمەد عەلی مەحمود ناسراو بە ئەکرەم ئاسەنگەر.
٦. ئەکـرەم محەمەدئەمیـن قـادر خـدر ناسـراو بـە ئەکرەمـی حەپسـە یـان بێسـتون.
٧. ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر عەلی.
٨. ئیبراهیم عومەر محەمەد مەعروف.
٩. ئیبراهیم مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە دکتۆر ڕێباز.
١٠. بەرزان عومەر عەلی محەمەد ناسراو بە کاوە.
١١. بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد.
١٢. بەهرام خاڵند محەمەدئەمین نادر گەلاڵی.
١٣. پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ مام ڕەسوڵ.

١٤. تاهير تاهير عەبدولڕەحمان ئیبراهیم.
١٥. تەحسین رەحمان فەرحان حەوێز ناسراو بە داماو.
١٦. جەعفەر شەریف چاڤشین ئەلتەلی.
١٧. جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی.
١٨. جەمال قادر جوامێر.
١٩. جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی ناسراو بە دەرسیم.
٢٠. حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد ناسراو بە حەسەنە سووری مینە ساڵح.
٢١. حەسەن حوسێن حەسەن.
٢٢. حەسەن فەتاح ئەحمەد حەسەن ناسراو بە شینۆ.
٢٣. حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە هەژار.
٢٤. حەمە عەلی ئەحمەد حوسێن ناسراو بە حەمە عەلی سەرشەقام و حەمە عەلی قەڵەو.
٢٥. حەمە هەمزە حەمە حەسەن ناسراو بە حەمە قەجەر.
٢٦. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن ڕەسوڵ.
٢٧. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن وسو نورەدینی.
٢٨. خالید کەریم عەبدوڵڵا داود ناسراو بە سەید خالید.
٢٩. خدر ئیبراهیم نەبی خاڵە.
٣٠. خدر محەمەد مستەفا بابەکر پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی.
٣١. خدر مەحمود مستەفا مەحمود.
٣٢. خورشید ئەمین نعمەت ئەبوبەکر.
٣٣. خورشید حەسەن شاکر.
٣٤. ڕەحیم عۆدە محەمەد ناسراو بە ڕەحیم عوەید.
٣٥. ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵڵا.

٣٦. ساڵح ئیسماعیل قوتاس ئیسماعیل.
٣٧. ساڵح گێندەل نعمەت سلێمان یەعقوب ناسراو بە ساڵح زاخۆیی.
٣٨. سەعید سەعید تاهیر عەبدال.
٣٩. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پیرداود مهاجر.
٤٠. سەلیم درباس حەمەد.
٤١. سەلیم سەعید محەمەد سیان.
٤٢. سیامەند ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد گەردی.
٤٣. شێرکۆ حەمید حەمەساڵح ئەمین ناسراو بە دکتۆر سیروان.
٤٤. عادل تاهیر حەسەن.
٤٥. عەبدولهادی سلێمان حەسەن سلێمان.
٤٦. عزەدین حەسەن ستار حەسەن ناسراو بە شێخ عزەدین.
٤٧. عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح سەعید ناسراو بە چەتۆ.
٤٨. عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە عەبدەلایێ دالێ.
٤٩. عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا یەعقوب ناسراو بە عەبدوڵڵا بێشیری.
٥٠. عەبدوڵڵا عەلی حەمە ناسراو بە عەبە سوور شانەدەری.
٥١. عەلی حەمەدئەمین نەسروڵڵا فەتحوڵڵا.
٥٢. عەلی سەعید عەزیز حەمەد ناسراو بە عەلی پۆلیس هەولێری.
٥٣. عەلی محەمەد ئەمین ئەحمەد نەورۆڵی ناسراو بە عەلی دەلێنی.
٥٤. عەلی محەمەد سەعید موراد.
٥٥. عەونی قوتاس حوسێن قوتاس.
٥٦. عوسمان خدر مستەفا خدر.
٥٧. عوسمان مەحمود ساڵح ناسراو بە مام عوسمان.
٥٨. عومەر ڕەسوڵ عەزیز مستەفا ناسراو بە عومەری شێخ ڕەسوڵ.
٥٩. عومەر عەلی خدر محەمەد ناسراو بە هاوڕێ.
٦٠. فریاد عەرەب.

٦١. فەرخە عەبدوڵڵا فەرخە حوسێن ناسراو بە فاخیر.

٦٢. کەریم ئەحمەد کەریم کەریم.

٦٣. لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم.

٦٤. محەمەد حەسەن خورشید محێدین.

٦٥. محەمەد خدر محەمەد عەلی ناسراو بە محەمەد حاجی خدر.

٦٦. محەمەد سەعید ڕەشید فەتاح ناسراو بە حەمە ماوەتی.

٦٧. محەمەد ڕەشید خەلیفە یوسف ناسراو بە محەمەدئەمین ڕەشۆ سلێڤانی.

٦٨. مەحمود حەمە عەبدوڵڵا بابەکر پاچکاری.

٦٩. هاوار عەبدوڵڵا ئەحمەد.

٧٠. وەیسی حەسەن محەمەد ئەحمەد.

٧١. یونس بابەکر حوسێن وسو ناسراو بە یونس خۆشناو.

چاوەکەم ستوتگیان

[illegible]

ئەمشەو دوا هەناسەمان لە پەنا ئەشکەنجە ، بێ گومان ئەم مردنەی کە هەرگیز
لە ژیانما چاوەڕوانم نەکردوە ئەو خنکاندن بووە .. تاوانم ئەوە بو کە چەکم
بەدەستەوە بڕاییە و بکوژی ڕاماییە نەک بەم شێوە مردنە سەخیفە .

چاوەکەم وانەزانی کە من لەم دوایییەدا هەڵە ڕەنگی کاسپی بووم و
وازم لە تێکۆشان هێنابو .. نەخێر من هەر لەو ڕۆژەوەی کە لە قیادەمەرکەزی
وازم هێنا تا گوشەگیر هەمیشە پەیوەندم بەوانەوەم هەبوە و بڕوایەکی
بێ پاپانم هەبوە بە تێکۆشانی لە پێناوی دروست کردنی پارتی مارکسیستی -
لینینیستی ڕاستەقینەدا و بەتێکۆشانیشم ئەو پارتە فەزینە هەر دروست ئەبێت
و هەر ئەو پارتەشە کە سەرکردایەتی تێکۆشانی جەماوەری گەل ئەکات بۆ
دەستانەوە بەستوڕەی دیکتاتۆری پرولیتاریا لە عیراقدا! .. بەڵام ئەگەرچی من لەژێر
ئەشکەنجەدا نەدا و توڕە کە من پەیوەندیم بە ت.ع ... هەیە و لەو ماوەیەشدا نەوانم
بەڵام بزانن کەسم لێی کاتێ ... بەردەوام نە بە ... نەبێت ... هەیە و نە بەردەوام
... هەیە کە ئێستا شێوە لە پێناویدا خوێنتان ئەدەن بە نوسینی
ئەم ... ڕێگایەی کە شایانی فەوربانی دانە بێت ڕێگای مارکسیزم لینینیزمە

ئەوەش بزانە من تۆڵەسەندنی ستەمدیدەکانمان
بە شێوەیەکی عەشایرانە ئەزانم و بەردەوام پێم وایە لە بەرژەوە بێڕێژە و هەرسلەیە ئەکەرەوە

بەڵام بەنێزە بەدەوڵەی داگیرکەر ، یانە بسپە بە ئێران یانە بەنێزە بەوڵای کادیمانەکەی کورد

بەکرێنیانە بگرن و ئازاری نەدەن .
ئێستر ئەوەندە چاوەکانت ماچ ئەکەم
چاوی خالید و ... ماچ ئەکەم
چاوی ماجید ماچ ئەکەم ئامادەی تۆ و ماجید :

برات
ئادەم
موصل ١١/١٠/١٩٨١

تێبینی

چاوەکەم ئەم چەند قسەم لە لای قاڵەی ... دەرکردبوو لە ماوەی دا لە :
... لە ... و لە ... ، ... لە ... لە ... پێش یان
و ... لە ... خیانەت ... و ... و ...
لە ... ئەم ... حقیقەتە ... بە ... کە ئێستا بۆم
دەرکەوتووە کە باوکیشم ... لەگەڵ حکومەتا بووە و بە غەڵەت کوژراوە . ---
ئەم حقیقەتە ... بە ... لەگەڵ ئەم حقیقەتە دا ... و ...
... ... ، ئەگەر ... لە ناوی بەرن

ئاوێڵکا بێدووە عبدالله خۆشەویستەکەم

ئەمڕۆ ١/١٢/١٩٨٥ سەعات دوانزەی شەو ئاخر نامە هانام لە پەیتی
سێدارەدا، لەگەڵ دنیایەک ئاوات ناسوودا، ئەتانسێنم ...
عبدالله ئازدارە گیانم [illegible] ئێستا منیش تەمەنم ٢٥ ساڵە
لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تاکو ئێستا یانی بۆ بیست ساڵ ئەچێتە منم لە ریزی جولانەوەی
شۆڕشگێڕدا، وە بە تەحەددییەوە لە ڕێگای پیرۆزی مارکسیزم - لینینزم دا تێکۆشاوم
وە هەرگیز بە خەیاڵیشم نەگەڕاوە لە [illegible] بەرژەوەندی شەخسی خۆم و بەشێکی لە گیانم
لە پێناوی ئەو بیروباوەڕە پیرۆزەدا و بەهێز کردنەوەی [illegible] ئاڵای سوری مارکسیزم
خۆشەویستەکانم کاتێ ئەم نامەیە ئەخوێننەوە کاتێکی زۆر بە سەر چووە
بە سەر ئەو هەیەجانی باوکتاندا ... ناتوانم تەقدیری ئەوکاتە بکەم بەڵام بێگومانم
لەوەی کە بۆ ئێوەش هەر جاکێکی فراوانی تێکۆشانە و ئیستیشهاد [illegible] ئەتانبینێت
وە ئاخر وەکاتەش ئێوە بە خۆشەویستی ئاینەسەر سفرەی حازر ... وە ئەنە
لە وەکاتەوەیە کە ئێوە دەرسێکی بۆ مە هەموو شتان بمێنێت ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی
واپەروەردە تانە بکەم کە هەمیشە ئامادە بن بە هەموو شتێکیانەوە تێبکۆشن بۆ سەرخستنی
لە پێناوی مەزن ترین چینی و ڕاستەترین بیروباوەڕ کە ولێکدانەوەشی چینی کرێکارە
بیروباوەڕی مەزنی مارکسیزم - لینینزمە.
[illegible] ئازدارەکانم جیاوازی بە نامەیەک ناوەهەڵ بوانە
بیرکردنەوەیە ... هەروەکو مارکس ئەڵێت بیرکردنەوە دنیایەک زۆر پیرۆزترە
لە بیرنەکردنەوە بیاوێکی جوان کە بیرێ ساکانەوە لەم و ناسنەی مارکسیزم بیرەدالەبەرنیە
بەڵام ئەوە ناوەڕۆکی قسەکەیەتی) بۆیە دوا نامەی ئێمەکە کە هەموکات
هەڵبجە بیلەنەوە و بنووسن و بیرکەنەوە وە وە بەڕاستی هەبێت بە بیروباوەڕی
ڕاستەقینەی مارکسیزم - لینینزم

ناوەڕاستی شەوی لە سێدارەدانی بۆ
عبدالله کانی . [illegible] سەنگەر و ڕۆژنا ١٤/١٢/١٩٨٠

**ئـەو زیندانییانـەی لـە مـاوەی نێـوان هەوڵـی یەکـەم و دووەم لەسـێدارەدران:**

هەوڵی یەکەمی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە مانگی یـازدەی سـاڵی (١٩٨٠) بـووە، هەوڵـی دووەمیـش لـە ڕۆژی (١٩٨١/٢/١) دا خـۆم ئـاگادار کرایمـەوە، ئـەو تێکۆشـەرانەی لەنێـوان (١٩٨٠/١١/١-١٩٨١/٢/١)دا واتـە لـە هەوڵـی یەکـەم لـەم زیندانـە لەسـێدارە دراون، یـان سزاکەیان سـووککراوە بۆ زیندانـی هەتاهەتایە ئەمانـەی خـوارەوە بـوون:

**یەکـەم:** لـە ڕێکەوتـی (١٩٨٠/١١/١٣)دا هەشـت ڕۆڵـەی کورد لـە سـێدارە دران کـە ئەمانـە بـوون:

١. ئیبراهیـم ڕەسـوڵ قـادر عەلـی (١٩٥٥/٧/١/ سـلێمانی/ ڕانیـە/ نورەدیـن). پێشـمەرگەی یەکێتـی لـە دەسـتەی پاسـەوانی سـکرتاریەتی مـام جـەلال، لـە ڕۆژی (١٩٧٩/٥/٦)دا لەگـەڵ پیـرۆت ئیبراهیـم ڕەسـوڵ و محەمـەد خـدر محەمـەد لـە شـارۆچکەی چوارقوڕنـە بەدیـل دەگیرێـن و لـە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١)دا لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک بڕیـاری لـە سـێدارە دانیـان درابـوو.

٢. ئیبراهیـم شـێخ مەحمـود محەمـەد عەبدولڕەحمـان بـاخ ناسـراو بـە دکتـۆر ڕێبـاز (١٩٥٦/ سـلێمانی/ پیرەمەگـرون/ گونـدی بـاخ). پێشـمەرگەی هەرێمـی (٢)ی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، کادیـری کۆمەڵـە و بـرای شـەهید شـەماڵ (محەمـەد شـێخ مەحمـود محەمـەد)ی فەرمانـدەی تیپـی (٩٣)ی کۆیـە، کـە لەگـەڵ پێشـمەرگەیەکی دیکـەدا بەنـاوی جـەلال مەحمـود ئەحمـەد سورداشـی لـە ڕێکەوتـی (١٩٧٩/١٢/٥)دا لـە شـەڕێکدا لـە گونـدی کڵێسـەی سـەر بـە شـارۆچکەی کۆیـە لەلایـەن سـوپا و جاشـەکان دەسـتگیر کرابوون، لـە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١٦)دا لـە هەیئـە خاسـەی کەرکوک بڕیـاری لە

سێداره دانی دراوه و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە.
٣. پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ مام ڕەسوڵ (١٩٥٤/ سلێمانی/ چوارقوڕنه). پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال. لە ڕۆژی (١٩٧٩/٥/٦)دا لەگەڵ ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر و محەمەد خدر محەمەد لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو.
٤. حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە هەژار (١٩٥٤/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). کادیری کۆمەڵە و یەکێتی، لە شەوی (١٩٨٠/٣/٢٦) دا لەگەڵ عوسمان خدر مەستەفا عەسکەری لەلایەن جاشەکانی (ع، گ) و ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١٦)دا هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە. (ع، گ) ، دواتر خۆیشی لە مانگی تەموزی ساڵی (١٩٨٢)دا لەلایەن پیاوانی بەعس کوژرا.
٥. خدر ئیبراهیم نەبی خاڵە (١٩٥٩/٧/١٤/ هەولێر/ گەڵاڵە/ ماونان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٨)دا بەدیل دەگیرێ.
٦. عوسمان خدر مستەفا خدر (١٩٥٧/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (١٩٨٠/٣/٢٦)دا لەگەڵ حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا عەسکەری لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور و ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١٦)دا هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچووە.
٧. محەمەد خدر محەمەد عەلی ناسراو بە محەمەد حاجی خدر (١٩٥٠/٧/١/ سلێمانی/ ڕانیە/ چوارقوڕنە). پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال، لە ڕۆژی (١٩٧٩/٥/٦)دا لەگەڵ ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر و پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن و لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو.

٨. هاوار عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرگەلی/ ئامێدی/ دهۆک).

**دووەم:** لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/١١/٢٥)دا هەشت هاوڕێ لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون:

١. ئەحمەد خدر حوسێن محەمەد هەروتی ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو (١٩٥١/ هەولێر/ قوشتەپە/ گردەڕەشە)، ڕێکخستنی حزبی شیوعی ئێراق، لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٩/٢٢)دا لەناو بازاڕی ئیسکانی هەولێر دەستگیرکراوە، لەناو ئۆتۆمۆبێلە )لادا)کەیدا کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تێدابووە، هەروەها لە سێگرتکان لە سنووری قوشتەپە چەند چەکێکی شاردبووەوە، چەکەکان دەگرن و دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتریش فەرمانی کۆماری ژمارە (٣٩٩) ی لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٦/١٦)دا بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی دەرچووە.

٢. ئەکرەم محەمەد عەلی مەحمود ناسراو بە ئەکرەم ئاسەنگەر (١٩٥٠/١١/٩/ سلێمانی). پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١/١)دا لەناو سلێمانی دەگیرێ، لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە. سەلام محەمەد عەلی، پێشمەرگەی حزبی شیوعی و برایەکی دوای خۆی بە پێنج شەش ساڵێک گیراو لە ئەبوغرێب لە سێدارە درا.

٣. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن وسو نورەدینی (١٩٥٥/ قەڵادزە/ گردباغ). پێشمەرگەی پارتی.

٤. عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح سەعید ناسراو بە چەتۆ (١٩٥١/٧/١/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/١٥)دا لەگەڵ عومەر عەلی خدر مستەفا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١٦)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە.

٥. عوسمان مەحمود ساڵح ناسراو بە مام عوسمان (١٩٢٦/ کۆیە/ هەولێر). ئەندامی حشع و نیشتەجێی سلێمانی، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١/١)دا گیراوە.

٦. عومەر عەلی خدر محەمەد ناسراو بە هاوڕێ (١٩٥٦/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/١٥)دا لەگەڵ عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح لەلایەن جاشەکانەوە بەدیل گیراون، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١٦)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە.

٧. فەرخە عەبدوڵڵا فەرخە حوسێن ناسراو بە فاخیر (١٩٤٧/٧/١/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ هەڵشۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (١٩٧٩)دا گیرابوو.

٨. لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەبوبەکر ئیبراهیم میرزا ڕۆستەمی ناسراو بە هەژار (١٩٥٧/ سلێمانی/ سەنگەسەر)، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەرێمی (٧)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ڕۆژی (١٩٧٦/٧/٢٢)دا بۆتە پێشمەرگە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/١/١٧)دا لە نزیک ئاوایی بەستەستێن لەلایەن (ع، هـ) مەفرەزە خاسەی ژمارە (٩)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (٩١)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیراوە و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کراوە، پاشان لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٦/١)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە.

**سێیەم:** لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/١٢/١١)دا، شەش هاوڕێ لە سێدارە دران کە بریتیبوون لە:

١. ئەکرەم محەمەدئەمین قادر خدر ناسراو بە ئەکرەمی حەپسە یان بێستون (١٩٤٥/ سلێمانی)، هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم/ دواتر کرا بە شەهیدی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی، لەلایەن ئەمنی سلێمانی بەهۆی کەسێکەوە بەناوی (ع، م) لە ڕۆژی (١٩٨٠/٣/٢٨)

دا بەگرتن دراوە. لە یەکەم دادگاییکردندا لە هەیئە خاسەی کەرکوک لە ڕۆژی (١٩٨٠/٤/٢٢)دا بڕیاری بێتاوانی دەرچووە، بەڵام (ع، م) دیسان ڕاپۆرتی لەسەر داوەو بۆ جاری دووەم دەیگەڕێننەوە بۆ لێکۆڵینەوە و ئازادی ناکەن. دواتر دەیخەنەوە ژێر ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوەی سەخت، وەلێ دووبارە هیچ سوودێکی لێ نابینن. لە هەیئە خاسە کوڕێکی خەڵکی سلێمانی بەناوی (ق، م، ن) کە خۆی فرۆشتبوو دەنێرنە ژوورەکەی ئەکرەمی حەپسە، ئەویش باوەڕی پێ دەکات، هەندێک نهێنی لای ئەو خۆفرۆشە دەدرکێنێ، ئەویش تەواوی زانیاریی و نهێنییەکان دەگەیەنێتە بەرپرسانی هەیئە خاسە. بەهۆی گەیاندنی ئەو زانیاری و نهێنیانەی کە ئەکرەمی حەپسە لای (ق)ی خۆفرۆش باسی کردبوو، چارەنووسی ئەکرەم لە دووەم دادگاییکردندا لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥)دا دەگەیەنێتە سێدارە. (ق، م، ن) ، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢١) لەلایەن مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لەناو سلێمانی کوژرا.

٢. بەهرام خاڵند محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (١٩٥٢/ هەولێر/ دێگەڵە/ چەمرگە). پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٨/١٦)دا لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی فاروق نامیق محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (١٩٥٢/ چەمرگە)، ڕێکخستنی حسک، لەلایەن مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دەستگیرکران، ڕادەستی هەیئە خاسەی کەرکوک کران. لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٩)دا لە هەیئە خاسە دادگاییکران و بەهرام چەمرگە سزای سێدارە و فاروق سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایە درا.

٣. خالید کەریم عەبدوڵڵا داود ناسراو بە سەید خالید (١٩٥٠/ هەولێر/ دیبەگە/ حەسارۆک). پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و لە لیستی شەهیدانی پارتی تۆمارکراوە، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١١)دا لەنێوان بانیماران و شاخەپیسکە لە سنووری دێگەڵە بە بریینداری بەدیل

گیرابـوو، لـە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥) لـە هەیئـە خاسـەی کەرکوک بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ دەرچـووە.

٤. ڕەحیـم عـۆدە محەمـەد ناسـراو بـە ڕەحیـم عوەیـد (١٩٥٠/ بەغـدا/ مدینة الثورة)، پێشمەرگەی حزبی شیوعی و عارەب بوو، لە شەڕێکدا لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٦/١١)دا لە گوندی شاخەپیسکە بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥)دا لـە هەیئـە خاسـەی کەرکوک بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ دەرچووە.

٥. سـەلیم سـەعید محەمەد سیان (١٩٣١/ هەولێر/ قوشتەپە/ ئۆمەراوە). ئەندامـی حشـع، لـە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥)دا لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک بڕیاری لـە سـێدارەدانی بۆ دەرچووە.

٦. سیامەند ئەحمـەد عەبدولڕەحمـان ئەحمـەد گـەردی (١٩٤٨/ هەولێر/ مەسیف/ شێخان)، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥)دا لە هەیئە خاسـەی کەرکوک بڕیاری لـە سـێداره دانی دەرچووە.

چـوارەم: لـە ڕێکەوتـی (١٩٨٠/١٢/٣٠)دا، نـۆ پێشـمەرگەی حسـک لـە سـێداره دران، کـە لـە ڕێکەوتـی (٥/٥/١٩٨٠)دا لـە گونـدی (دووگۆمـان) ی پشـدەر لەلایـەن مەفـرەزە خاسـەی ژمـارە (٩)ی سـەر بـە مەنزومـەی ئیسـتخباراتی شـیمالی، دواتـر سـەرۆکجاشـی فەوجـی (٩١)ی جاشـە سـووکەکان و جاشـەکانی بەدیل گیرابـوون، لـە ڕۆژی (١٩٨٠/٦/١٥)دا لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک فەرمانـی خنکاندنیـان دەرچـوو، کـە ئەمانـەی خـوارەوە بـوون:

١. حەسـەن ئەمین سـاڵح ئەحمـەد ناسـراو بـە حەسـەنە سووری مینـە سـاڵح (١٩٥٦/ سلێمانی/ قـەڵادزە/ ژاراوە).

٢. حەسەن حوسێن حەسەن (سلێمانی/ پشدەر).

٣. حەمـە هەمـزە حەمـە حەسـەن ناسـراو بـە حەمـە قەجـەر (١٩٥٧/ قـەڵادزێ/ هەڵشـۆ/ ئـاڵاوە).

٤. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن ڕەسوڵ (١٩٣٢/٧/١/ سلێمانی/ پشدەر).

٥. خدر محەمەد مستەفا بابەکر پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی (١٩٦٠/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ بادینێ).

٦. ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵڵا (سلێمانی/ سەنگەسەر).

٧. عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا یەعقوب ناسراو بە عەبدوڵڵا بێشیری (١٩٣٢/ سلێمانی/ قەڵادزێ).

٨. عەلی حەمەدئەمین نەسروڵڵا فەتحوڵڵا (١٩٥٧/ سلێمانی/ سەنگەسەر/ سوڵتانەدێ).


٩. مەحمود حەمە عەبدوڵڵا بابەکر پاچکاری (١٩٢٢/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ بادین).

پێنجەم: لە ڕێکەوتی (١٩٨١/١/٣)دا ئەو پێشمەرگەیەکی خوارەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لەسێدارە درا:

عومەر ڕەسوڵ عەزیز مستەفا ناسراو بە عومەری شێخ ڕەسوڵ (١٩٥٧/٧/١/ سلێمانی/ سەیدسادق/ کەڵوەڕان)، پێشمەرگەی یەکێتی لە کەرتی (٣)ی شەهید هاوار لە هەرێمی (١)، لە شەڕێکدا لە ڕۆژی (١٩٨٠/٣/٢٦)دا لە گوندی کەڵوەڕانی شارەزوور بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٠/٨/١٦)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی درابوو.

شەشەم: لە ڕێکەوتی (١٩٨١/١/١٩)دا ئەو پێشمەرگەیەکی خوارەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لەسێدارە درا:

کەریم ئەحمەد کەریم کەریم ناسراو بە حەمە کەریم قیادة واحدة یان سەربەست (١٩٤٧/٧/١/ زەروان/ دیانا/ هەولێر/ دانیشتووی قەڵادزێ)، پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١/١٠)دا گیرابوو، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو.




شەهید ئیبراهیم مەحمود محەمەد (دکتۆر رێباز)




ئەکرەم محەمەد عەلی محمود ناسراو
به ئەکرەم ئاسنگەر



شەهید لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم (لەتیف سەنگەسەری)




شەهید ئەکرەم محەمەد ئەمین قادر خدر (ئەکرەمی حەپسە)



شەهید خدر محەمەد مستەفا بادین ی



شەهید عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا بێشیری



شەهید کەریم ئەحمەد کەریم کەریم

الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم ١٦ رقم الجلد ط/١ ١٠٤٥

**شهادة وفاة**

تاريخ التنظيم ١٩٨٠/١١/١٢

المتوفي
١ – اسم المتوفي ولقبه ابراهيم ٢ – عمره ٢٢ سنة ٣ – جنسه ذكر
٤ – جنسيته عراقي ٥ – دينه او معتقده مسلم ٦ – حرفته (مهنته) [illegible]
٧ – الحالة الزوجية للمتوفي : اعزب ✓ متزوج ــــ ارمل ــــ مطلق ــــ

٨ – اسم والد المتوفي محمود محمد ٩ – اسم والدة المتوفي هيبة احمد

١٠ – تاريخ الوفاة
الساعة ١٢ اليوم ١٢ الشهر ١١ السنة ١٩٨٠

١١ – محل الوفاة
المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة
قسم الاصلاح الاجتماعي للكبار [illegible]

١٢ – اسم المبلغ عن الوفاة قسم الاصلاح الاجتماعي ١٣ – صلته بالمتوفي قسم الاصلاح الاجتماعي

١٤ – عنوانه الكامل قسم الاصلاح الاجتماعي للكبار [illegible]

١٥ – شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفـــاة

المدة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

١ – المرض او الحالة التي ادت مباشرة للوفاة
اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة.
الحالة المرضية – ان وجدت التي ادت للسبب المذكور سابقا مع ذكر السبب الاصلي في النهاية.

أ – تسبب عن داء او نتيجة لما يليها ) اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم الجمهوري
ب – او نتيجة لما يليها ) [illegible] في ١٩٨٠/٧/١٥
جـ –

٢ – احوال مرضية اخرى هامة ( ان وجدت ) ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة.

طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد/ ٢٦٦٢
التاريخ ١٩٨٠/١١/١٣

١٦ – اشهد بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه
عنوان اشتغال الطبيب ــــــــ
اسم الطبيب :
توقيع الطبيب :
وختم المؤسسة الصحية
التاريخ / / ١٩


١٦ – أ – حدثت الوفاة :
في البيت ☐ في المستشفى ☐ مع ذكر اسم المستشفى . في محل آخر ☐
( )

١٧ – شـــهادة طبيـــة عدليـــة ( تملأ من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور ــــــــ الطبيب في ــــــــ قمت بتشريح جثة المتوفي ــــــــ
والمرسلة من قبل ــــــــ حسب الاستمارة المرقمة ــــــــ والمؤرخة في / / وذلك
بتاريخ / / وفي الساعة ــــــــ فوجدت سبب الوفاة ــــــــ
توقيع الطبيب : ــــــــ وختم المؤسسة الصحية

١٨ – معلومات خاصــة بمديرية الاحوال المدنية العامـــة ( تملأ من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر نفوس المتوفي او من هوية الاحوال المدنية ).
صحيفة الاسرة العراقية في السجل المدني : رقم السجل ــــــــ رقم الصحيفة ــــــــ المحافظة ــــــــ
رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي ــــــــ ( وترفق بالشهادة )

نسخة دائرة الاحوال المدنية (٢)



الجمهورية العراقية

وزارة الصحة

رقم الجلد ط/١    ١٠٤٥

# شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٤/١١/١٩٨

١ ـ الاسم ولقبه

٢ ـ عمره ٤٩

٦ ـ مهنته

حالته الزوجية : اعزب    متزوج    ارمل

٩ ـ اسم والدة المتوفى

١١ ـ محل الوفاة

| اليوم | الشهر | السنة | المحلة او القرية | الناحية | القضاء | المحافظة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | ١١ | ١٩٨٠ | | | | |

١٣ ـ صلته بالمتوفى

الطبيب عن ( او نتيجة لما يليها )

الطبيب عن ( او نتيجة لما يليها )

١٩٨١/٦/١

رئاسة صحة ذي قار

والمؤسسات الاجتماعية

اسم الطبيب

ختم المؤسسة الصحية

اشغال الطبيب

حدثت الوفاة

في محل آخر

١٧ ـ شهادة طبية عدلية ( تملأ من قبل الطبيب العدلي )

الطبيب في    قمت بتشريح جثة المتوفى

حسب الاستمارة المرقمة    والمؤرخة في

في الساعة    في    سبب الوفاة

ختم المؤسسة الصحية



## ئەو پۆلیس و زیندانییانەی سزاکەیان بۆ سووککرا:

لە ماوەی نێوان (١٩٨٠/١١/١ - ١٩٨١/٢/١)، شازدە پۆلیس و مامۆستایەک سزاکەیان بۆ سووک کراو گواسترانەوە زیندانی ئەبوغرێب، تا بە لێبووردنی ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٧)ی حکومەتی بەعس ئازاد کران.

لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (١٩٨١/١/٢٦)دا شازدە زیندانی ژووری سێدارە سزاکەیان بۆ سووککرا بۆ سزای زیندانی هەتاهەتایە، دواتریش لە هەفتەی یەکەم یان دووەمی مانگی داهاتوودا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی سزاکەی بۆ سوککرا، کە پێشتر لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە، ئێستاکە لە فنلەندا دەژی و خوشکەزای ئەبو شەهاب (ئیحسان نەجم محێدین کەرکوکی) ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. لە شازدە زیندانییەکە گشتیانم دۆزیوەتەوە، بەدڵنیاییی زۆربەیان پۆلیس بوون، لەپێناوی دەرکردنیان لە پۆلیسی ڕایان کردبوو، یان بۆ ماوەی چەند مانگێک خۆیان شاردبووەوە تا لە خزمەتی پۆلیسی ببەخشرێن، بەڵام دوای خۆڕادەست کردنەوەیان و تۆمارکردنی ناوی خۆیان بە پێشمەرگە تا لە خزمەتی پۆلیسی بیان بەخشن و ڕەوانەی ماڵەوەیان بکەن، کەچی ڕژێم سزای گوللە باران کردنی بۆ دەرکردبوون، ڕەوانەی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ-ی کردن، نزیکەی ساڵێک لەوێ مانەوە و دواتریش بە مەرسومێک سزاکەی بۆ زیندانی کردنی هەتاهەتایە گۆڕین، ئەمەش ناوی شازدە پۆلیسەکەیە:

١. ئەحمەد مەحمود عەبدوڵڵا ناسراو بە ئەحمەد سەرشاخی (١٩٥٢/ سلێمانی - یەکێتی)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١٠/٢٠)دا گیرابوو، لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٢/٦)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەی

درابوو. لە ساڵی (٢٠٢٣)دا لە کەرکوک بۆمبی پیادا تەقیەوە و کوژرا.

٢. ئەکرەم فەتاح مەحمود ئەحمەد (١٩٥٧/ سلێمانی)، لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/١٠/١٠)دا گیرا، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٢)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی دەدرێت، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٩)دا ئازاد دەکرێت، دواتر لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە پێشمەرگایەتی بەدیل گیراو لە زیندانی ئەبوغرێب لەسێدارە درا.

٣. ئیبراهیم عومەر محەمەد مەعروف (١٩٥٥/ سلێمانی)، لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/١٠/١٠)دا گیرا، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٥)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ.

٤. جەعفەر شەریف چاڤشین ئەلتەلی (١٩٤٣/ کورکا/ زاخۆ/ دهۆک)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/٢٣)دا گیراوە و لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٢٤)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، دواتر لە ڕۆژی (٢٠١٤/٣/٢٥)دا کۆچی دوایی کردووە.

٥. حەسەن فەتاح ئەحمەد حەسەن ناسراو بە حەسەن هەولێری یان شینۆ (١٩٥٩/ خۆران/ پیرمام)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/١١)دا گیراوە، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٢)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی دەدرێت، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٩)دا ئازاد دەکرێت.

٦. حەمە عەلی ئەحمەد حوسێن ناسراو بە حەمە عەلی سەرشەقام و حەمە عەلی قەڵەو (١٩٥٧/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (٢٥/١٠/١٩٧٩)دا گیراوە، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٢)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی دەدرێت، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٩)دا ئازاد دەکرێت.

٧. خورشید ئەمین نعمەت ئەبوبەکر (١٩٣٧/ دهۆک/ زاخۆ/ باتیفا/ سۆریا)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/٢٥)دا لە زاخۆ گیرابوو، لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٢/٢٤)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، دواتر لە ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٢)دا کۆچی دوایی کردووە.

٨. خورشید حەسەن شاکر (١٩٥٣/ کورکا/ زاخۆ/ دهۆک)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/٢٣)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٢/٢٤)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، دواتر لە ڕۆژی (٢٠٠٤/١١/٢)دا کۆچی دوایی کردووە.

٩. ساڵح ئیسماعیل قوتاس ئیسماعیل (١٩٥١/ دهۆک/ زاخۆ/ باتیفا/ بلێجان)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/٢٥)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٢/٢٤)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو.

١٠. سەلیم درباس حەمەد (١٩٣١/ کورکا/ زاخۆ/ دهۆک)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/٢٣)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٢/٢٤)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، دواتر لە ساڵی (١٩٨٧)دا کۆچی دوایی کردووە.

١١. عەبدوڵڵا عەلی حەمە ناسراو بە عەبە سوور شانەدەری.

١٢. عزەدین حەسەن ستار ناسراو بە شێخ عزەدین (هەولێر/ ١٩٥٨)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/٢/١٥)دا گیراوە، لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٢)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی دەدرێت، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٩)دا ئازاد دەکرێت.

١٣. عەلی سەعید عەزیز حەمەد ناسراو بە عەلی پۆلیس هەولێری (١٩٥٨/ هەولێر/ دیبەگە)، لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٤/١٦)دا گیراوە، لە ڕۆژی (١٨/٣/١٩٨٠)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو.

١٤. عەلی محەمەد سەعید موراد (١٩٥٢/ سلێمانی/ سەیدسادق)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/٩/٢١)دا گیراوە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/١/١٠)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەی درابوو.

١٥. عەونی قوتاس حوسێن قوتاس (١٩٥٠/ دهۆک/ زاخۆ/ باتیفا/ بلێجان)، لە ڕۆژی (١٩٧٩/١١/٢٣)دا گیراوە و لە ڕۆژی (١٩٨٠/٢/٢٤)دا لە

هەیئـە خاسـەی کەرکوک بڕیـاری گولـلـە بـاران کردنـی درابـوو.

١٦. محەمـەد سـەعید ڕەشـید فەتـاح ناسـراو بـە حەمـە ماوەتـی (١٩٥٧/ سـلێمانی/ مـاوەت)، لـە ڕێکەوتـی (١٥/١٠/١٩٧٩)دا گیـراوە و لـە ڕێکەوتـی (١٠/١/١٩٨٠)دا لـە دادگای هەیئـە خاسـەی کەرکوک بڕیـاری گوللـە بـاران کردنـی درابـوو.

دوای دابەزینیـان بـە دوو مانگێـک ڕەوانـەی زیندانـی سـزا تایبەتییـەکان (الأحـکام الخاصـة)ی ئەبوغرێـب کـران، تـا دواتـر بـەر لێبووردنـی گشـتی ڕۆژی (١٧/٧/١٩٨٢) کەوتـن و لـە ڕۆژی (٢٧/٧/١٩٨٢)دا هەموویـان ئازادکـران.

دەمـەوێ باسـی ئـەوە بکـەم، ئـەو کاتـەی کە هەواڵی سـووککردنی سـزای ئـەو شـازدە کەسـەم لـە سـێدارەوە بـۆ سـزای هەتاهەتایـە زانـی، دوای نانخواردنـی ئێـوارە بـوو، خـۆم ئـەو شـەوە لـە هەولێـر بـووم. هەواڵەکـە، کەسـوکاری چەنـد زیندانییەکـی سـزا قورسـەکانی زیندانـی موسـڵ کـە ئـەو ڕۆژە دیدەنـی زیندانییەکانـی خۆیـان کردبـوو، هێنایـان و گوتیـان تـەواوی ئەوانـەی لـە ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ بـوون سـزاکەیان بـۆ گـۆڕدراوە بـە سـزای هەتاهەتایـە. دوابـەدوای بیسـتنی هەواڵەکـە هـەر بـەو شـەوە ڕێـگای دیبەگـەم گرتـە بـەر و هەواڵەکـەم بـەماڵـی خۆمـان و خزمـەکان گەیانـد، هـەر ئـەو شـەوە گەڕامـەوە هەولێـر. بـۆ بەیانـی دوای بەدواداچوونـی هەواڵەکـە دەرکـەوت تەنیـا ئـەو پۆلیسـانەی بـۆ ماوەیـەک ڕایانکـردووە و بەنـاوی پێشـمەرگە خۆیـان ڕادەسـت کردۆتـەوە، یـان ئـەو پۆلیسـانەی بـۆ ماوەیـەک بووینـە بـە پێشـمەرگە و گەڕاونەتـەوەو سـزای سـێدارەیان درابـوو، سـزاکەیان بـۆ سـووککراوە، نـەک ئەوانـەی پێوەنـدی ڕێکخسـتنیان بـە پارتێـک هەبـووە، یـان پێشـمەرگە بووبـن!



محەمەد حەسەن خورشید - تەیب سیدەکانی - عەلی هەولێری ( دوای سوککردنی سزاکەیان)



دوای سوککردنی سزای مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید لە سێدارەوە
بۆ زیندانی هەتا هەتایی
(زیندانی موسڵ)، خوشکەزای مامۆستا محەمەد - مامۆستا محەمەد حەسەن- گەیلانی برای -
ئاسۆی پورزای

## هەوڵی دووەمی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ:

هەوڵی دووەمی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، کە هەریەک لە جەمیل ئەحمەد مەحمود، بەرزان عومەر عەلی و جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی خاوەنی بیرۆکەکە و قسەکردن لەگەڵ پاسەوانێکی زیندانەکە بووینە بە ناوی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس عەبدی، کە بەرزان عومەر عەلی بەناوی زیندانییەکانی ژووری سێدارە داوای لێدەکات خۆیی و مەردانی برای هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی زیندانەکە بشکێنن و ڕابکەن، باوەڕ بە فازڵ دەهێنن، ئەویش قسە لەگەڵ مەردانی برای دەکات وەڵامی مەردان-یش ئەرێنی دەبێت. دیارە ئەو سێ زیندانییەی کە لە سەرەوە ناوم هێناون لە ماوەی نێوان (١/١٥-١٩٨١/٢/١)دا نەخشە و پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ-یان بە سوودوەرگرتن لە هەوڵی یەکەم داڕشتووە و یەکلاکردۆتەوە کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەوەی یەکەم هەبووە، چونکە لە یەکەم هیچ پاسەوانێک یان کارمەندێک هاوکار نەبووە، بەڵام لەوەی دووەم دوو پاسەوان کە برا بووینە هاوکار بووینە، هەر ئەوانیش مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسیان بۆ بردبوونە ژوورەوە، ئەوەی یەکەم پشتی بە دەمانچەی بێدەنگ و تواناو هاوکاری زیندانییەکان بەستبوو، هەمان کات نەتوانرا دەمانچەکە بگەیەننە ژووری سێدارە، هەوڵی دووەم دەمانچەی تێدا نەبووە کە بردنە ژوورەوەی چەک کارێکی زۆر سەخت بوو یان هەر سەری نەدەگرت و شکستی دێناو چەند کەسێکی دیکەی تێدا دەگەیاندە سێدارە. نەگەیشتنی دەمانچە بێدەنگەکە بووە هۆی شکستی پلانی یەکەم، پێم وایە ئەوان بۆیە بیریان لە شکاندنی زیندانەکە بە جۆرێکی دیکە کردەوە کە بە هاوکاری ناوخۆی

پاسەوان یان کارمەندانی ناوخۆی زیندانەکە هەوڵی بۆ بدەن، لەمەشیان سەرکەوتوو بوون توانیان باوەڕ بە فازڵ و مەردان بێنن، هەر ئەوانیش بوون مشار، چەقۆ و گوریسیان بە ئاسانی بۆ بردنە ژوورەوە، دواتریش بە ڕۆژ لەکاتی ئێشکگری فازڵ و مەردان شیشەکانیان دەبڕیەوە. پاشان عومەر میرزا شاموراد لەدوای ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی (١٩٨١)، لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی دراو گواسترایەوە ئەم زیندانە، ئەوان وەکو ڕێزلێنانێک بۆ خەبات و تەمەنی ئەو، ئەویشیان وەکو یەکێک لە نەخشەکێش و سەرپەرشتی کردنی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە دەست نیشان کرد.

سەرەتا لە ڕۆژی (١٩٨١/٢/١)، لەلایەن تەحسین ڕەحمان فەرحان-ی برام و دیدەنی دواتریش لەلایەن جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام ئاگادار کرامەوە کە نیازی شکاندنی دەرگاکانی ژووری سێدارەو ڕاکردنیان هەیە. هەردووکیان باسی ئەوەیان کرد کە بە هاوکاری دوو پاسەوانی ژووری سێدارە کە کوردی ئێزیدین و بران، دەیانەوێ ئەم هەوڵە بدەن. هەوڵەکە بەمشێوەیە بوو کە دەبوایە دوای بڕینەوەی شیشی هەردوو دەرگاکە، لەدوای کاتژمێری دوازدەی شەو، دوای ئەوەی پاسەوانەکە دەچێتە ژووری فلینەکان بۆ خەوتن و دڵنیا دەبن کە خەوی لێکەوتووە، یەک یان دوو لە زیندانییەکان لە یەکێک لە ژوورەکان بێنە دەرەوە و پەلاماری بدەن و چەقۆی لەسەر ملی دابنێن و هەڕەشەی لێبکەن گەر هاوار بکات بیکوژن، گەرنا بیبەنە ژوور و لەوێ زیندانییەکان دەمودەست و قاچی ببەستنەوە، یەکێک لە بەهێزترین و چالاکترین زیندانی جلی پاسەوانەکە بکاتە بەرو چەقۆکەی بەدەستەوە بێت و بەتانییەک بەسەر خۆیدا بدات و لەسەر ئەو کورسییەی کە بۆ پاسەوانەکان دانرابوو دانیشێت، بەتانییەکە وا بەخۆیدا بدات کە دەموچاوی دیار نەبێت نەوەک بناسرێت، چاوەڕێی هاتنی پاسەوانی دووەم بکات، کە بە تەواوی هاتە ژوورەوەو ویستی

کلیلـەکان بداتـە بەنـاو پاسـەوانەکە ئینجـا بەهـۆی چەقۆکـە هەڕەشـەی ئـەوەی لێبکات کـە بـەرەو ژوورەوەی ببـات و لـەوێ دوای ئـەوەی جلـی پۆلیسـی لەبەردەکەنـەوە دەمودەسـت و قاچـی ئەویـش ببەسـتن. یەکێکـی دیکە لـە زیندانییەکان جلی پاسـەوانی دووەم لەبـەر بکات و هەردووکیان بـەرەو ژووری ئەفسـەری ئێشـکگر بـڕۆن کـە کلیلـی هـەر سـێ دەرگای ڕێڕەوەکەیـان لـە پاسـەوانی دووەم وەرگرتـووە، لەوێـش بـە هەردووکیـان ئەفسـەری ئێشکگر ناچـار بکەن کلیلی هـەردوو دەرگای دەرەوە و چەکی خۆیـی و هـی دیکـەش گـەر هەبـێ بیانداتـێ، پاشـان ئەفسـەری ئێشـکگر لەگـەڵ خۆیـان ببـەن بـۆ ژووری سـێدارەو لـەوێ وەکـو دوو پاسـەوانەکە ببەستنەوەو ئەوەندەی بۆیان بکرێت پەنا نەبەنـە بـەر تەقەکردن، چونکـە سـەدا سـەد دەبێتـە هـۆی شکسـتی پلانەکەیـان. ئینجـا یـەک لـەدوای یـەک و بـە ئەسـپایی بێنـە دەرەوە و بـەرەو دەرەوە هەنـگاو بنێـن بـۆ گەیشـنە دەرەوە و کۆڵانەکانی تەنیشـت و پشـت زیندانەکە کـە کەسـوکاریان لـەوێ بـە ئۆتۆمۆبێلـەوە چاوەڕێیان دەکـەن. لـەم هەوڵـە ئەوەنـدە گرنگـی نەدرابوو بـە گرتنـی پاسـەوانی تـاوەرەکان و بەدەسـتهێنانی چـەک، مەگـەر سـەدا سـەد چوونیـان بـەرەو ژووری ئەفسـەری ئێشـکگر بەبـێ بوونـی چـەک سـەرنەگرێ، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەوان دەیانزانـی کـە زۆربـەی شـەوەکان ئەفسـەرەکان خەریکـی خواردنـەوە بـوون و دوای کاتژمێـری دووی شـەو ئینجـا دەخـەوتن.

ئـەوان نـاوی هیـچ کام لـە پاسـەوانەکانیان پـێ نەگوتـم، بـەڵام دوای نزیکـەی دوو مانگێک باسـی ئەوەیان کرد کە ناوەکانیـان و (شـێخ مـەردان و شـێخ فـازڵ)ە. دوا بـەدوای ئاگادارکردنەوەکە واتـە لـە یەکـەم ڕۆژ کە ئـەم هەواڵـەم پـێ گوتـرا پـارە کۆکرایـەوە، دواتریـش هـەر لـە مانگـی شـوباتی هەمـان سـاڵدا مشـاری ئاسـن بـڕ، چەقـۆ و گوریـس لـە ڕێـگای مـەردان یوسـف شـێخ ئەلیـاس و فازڵـی بـرای بـۆ زیندانییـەکان بردراوەتـە نـاو

ژووری سـێداره و زیندانییـەکان هـەر لـەو مانگـەوه بـەره بـەره دەسـت کـراوه بـە بڕینـەوەی شیشـی دەرگای یەکێـک لـە ژوورەکان کـە ژووره بچووکەکـە بـووه.

دەبوایـە فـازڵ بدۆزمـەوه وەکـو کەسـێکی بەشـداربووی یارمەتیـدەر و هەوڵـی شکاندنی زیندانەکە، دوای هەوڵێکـی زۆر لـە ڕێگای (عەزیـز شـەمۆ ئەلیـاس) توانیـم فـازڵ یوسـف شـێخ ئەلیـاس یوسـف بدۆزمـەوه، بۆ یەکـەم جـار لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٠/١٠/٢١)دا قسـەم لەگـەڵ شـێخ فـازڵ کـرد، سـەرەتا کـە پرسـیاری فـازڵ-م لـە عەزیـز شـەمۆ کـرد، نـاوی باوکـی شـێخ فـازڵ-م بـە یونـس بـرد، ئـەو گوتـی: (نـاوی باوکـی یوسـف-ە نـەک یونـس کـە ئێمـە وەکـو کـوردی ئێزیـدی نـاوی یونس-مـان نییـە، هەروەهـا نـاوی باپیریشـی شـێخ ئەلیاسـە وەکـو باپیـری مـن)، کـە تـا ئەوکاتـە نـاوی باپیـری فـازڵ-م نەدەزانـی.

ئـەو ڕۆژەی کـە تەحسـین ئـاگاداری کردمـەوه، داوایکـرد هەرچەنـد پـارەی لـە گیرفانمـە بیدەمـێ. پارەکـەم هەمـووی دەرهێنـاو نزیکـەی سـی و پێنـج دینـار دەبـوو، بڕێکیشـم لـە دایکـم و باوکـم وەرگـرت، پارەکـەی ئەوانیشـم پێـی دا. بـۆ دیدەنـی دواتریـش پـارەی زۆرتـرم بـۆی هێنـاو پارەکانـم دایـە، لـە یەکێـک لـە دیدەنییەکانـی مانگـی ئـادار یـان نیسـان بـوو تەحسین داوای پارچـە زێڕێکـی منداڵانـەی لـە هاوسـەرەکەی کـرد بـۆ کچـی یەکێـک لـە پاسـەوانەکان، ئەویـش چەناغێکـی زێـڕی لەسـەری دڵپـاک-ی کچـی کـردەوەو پێـی دا، بـەڵام نەمانزانـی بـۆ کچـی کام پاسـەوان بـوو چونکە نەمانپرسـی. لـەم دیدەنییـەدا سـەبارەت بـە هەوڵـی شـکاندنی زیندان و پـارە کۆکردنـەوه لەگـەڵ جەمیـل قسـەم نەکـرد. بـەڵام دیدەنـی دواتـر (١٩٨١/٢/١٥)، کـە نیـازم وابـوو قسـەی لەگـەڵ بکـەم، وەلـێ بـەر لـەوەی قسـەی لەگـەڵ بکـەم، ئـەو خـۆی قسـەی لەگـەڵ کـردم و باسـی ئـەوەی کـرد کـە تەحسـین بـۆی باسـکردووه لـە دیدەنـی ڕابـردوو منـی لـە هەوڵەکـە

ئـاگادار کردۆتـەوە. بـە هەمـوو شـێوەیەک ئامادەیـی خـۆم بـۆ هـەر جـۆرە هاوکارییـەک دەربـڕی. جەمیـل دوو داواکاری هەبـوو:

یەکـەم: هـەر لـە ئێسـتاوە لـە شـەوانی پێنجشـەممە و هەینـی لـە ماڵـەوە نەخـەوم نـەوەک لەنـاکاو ئۆپراسـیۆنی شـکاندنی زینـدان ئەنجـام بـدرێ و پێشـتر منیـان لـە ڕۆژی شـکاندنی زیندان ئـاگادار نەکردبێتـەوە، هەرچەنـدە ئـەو گفتـی ئـەوەی دا خۆیـی و تەحسـین لـە دوا دیدەنـی پێـش جێبەجێکردنـی هەوڵـی شـکاندنی زینـدان ئـاگادارم بکەنـەوە. تەحسـینی براشـم ئـاگاداری کردمـەوە کـە لـەم دوو شـەوەدا لـە ماڵـەوە نەخـەوم چونکـە ئـەوان لـە یەکێـک لـەم دوو شـەوەدا هەوڵـی ڕاکەنەکـە دەدەن، چونکـە زۆرێـک لـە ئەفسـەر و پاسـەوانەکان لـەو دوو شـەوەدا دەچنـەوە مـاڵ و ژمـارەی پاسـەوانەکان لـەم دوو شـەوەدا بـە بـەراورد بـە شـەوانی دیکـە کەمتـرن. هـەر بۆیـە تـا ماوەیەکـی بـاش لـەو دوو شـەوەدا نەدەگەڕامـەوە ماڵـی خۆمـان.

دووەم: بـە بیسـتنی سـەرکەوتنی ئۆپراسـیۆنەکە، هەوڵـدەم خـۆم ڕزگار بکـەم و نیشـتمانی خوشـکی ئەویـش لەگـەڵ خـۆم بێنمـە شـاخ بـۆ لای ئـەو، کـە زۆر غەمـی ئـەوی بـوو نـەوەک بکەوێتـە بـەر دەسـتی ڕژێـم و بگیرێـت، هـەر چواریشـمان ببیـن بـە پێشـمەرگە. گفتـم بـە جەمیـل دا کـە هـەردوو داواکارییەکـەی جێبەجـێ بکـەم. باسـی ئەوەشـی بـۆ کـردم کـە هـەوڵ نـەدەم بزانـم کـێ هاوکاریانـە، چونکـە نایـەوێ ئێسـتاکە باسـی بکات.

سـەبارەت بـە دەربازبوونیـان لەنـاو موسـڵ بـۆ دەرەوەی موسـڵ و ناوچـە ئازادکـراوەکان، هـەر ئـەو ڕۆژە پرسـیارم لـە تەحسـین کـرد، داوایکـرد ئـەو پرسـیارە لـە جەمیل بکـەم و وەڵامەکـە لای ئـەوە. پرسـیارم لـە جەمیـل کـرد، سـەرەتا گوتـی: (خەمـی ئـەوەت نەبـێ، هەمـوو شـتێکمان ڕێکخسـتووە)، کـە زانـی نیگـەران و بەپەرۆشـم، گوتـی: (دڵنیابـە هەمـوو شـتێکمان ئامادەکـردووە، بـەڵام ئەوەیـان تەنیـا لای خـۆت بمێنـێ و نەکـەی بـۆ کەسـی تـری بـاس بکەیـت، برادەرانـی ڕێکخـراوی پێشـکەفتنی بـەرواری

باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوەی قسەمان لەگەڵیان کرد، ئەوان گفتیان پێداین بەهۆی کەسوکاریانەوە هەموومان لەناو موسڵ بگوازنەوە و بمان گەیەننە ناوچە ئازادکراوەکان). بەڵام هەڤاڵانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی کە ژمارەیان نۆ کەس بوو هەر لەو مانگە و ڕۆژی (١٩٨١/٢/٢٥)دا لە سێدارە دران. دوای لە سێدارەدانی ئەوان، واتە لە دیدەنی داهاتوو (١٩٨١/٣/١)، کە ئەو ڕۆژە هەواڵی لەسێدارە دانیانم بیست، قسەم کردەوە لەگەڵ جەمیل، ئەو گوتی: (تۆ خەمی ئەو کێشەیەت نەبێ و خۆمان چارەی دەکەین، هەندێک خزم و هاوڕێ دەدۆزینەوە کە ئۆتۆمۆبێلیان هەبێ و جێگەی بڕواو متمانەی ئێمە بن. تۆ بەس ئاگاداری خۆت بە). سەبارەت بەو کێشەیە چیتر قسەم لەگەڵ هیچ کامێکیان نەکردەوە، بەڵام هەستم کرد جەمیل قسەی لەگەڵ تەحسین ئەحمەد عەزیز ئەحمەد و موحسین ئەحمەد عەزیز ناسراو بە موحسینی عەتۆل-ی برای کرد، کە یەکەمیان هاوسەری ڕازیەی خوشکی جەمیل-ە. بەڵام دواتر موحسین عەتۆل، لە ڕۆژی (١٩٨٦/٢/٢) دا لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بەتۆمەتی ڕێکخستن و هاوکاریکردنی سەرداری سەعید سۆفی گیراو لە ڕۆژی (١٩٨٦/٩/١٠) دا لەگەڵ کامەران پۆلیس لە زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا لە سێدارە دران. لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/٢٤)دا دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە قسە لەگەڵ تەحسین ئەحمەد عەزیز (تەحسین عەتۆل) بکەم و ئەو پرسیارەم لێیکرد، لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ جەمیل قسەی لەگەڵ هەردووکمان کرد، بەڵام من خۆم لێ بەدوور گرت، چونکە پێشتر من ئامێری چاپەکەم لە ماڵی جەمیل دەربازکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست ئەمنی بەلدە و دەترسام شتێک ڕووبدات، ئەوەشم بێتەوە سەر، بۆیە موحسینی برام ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆی، لە شەوی شکاندنی زیندانەکە کە پێشتر دیاری کرابێت ئەو لە دەوروبەر یان کۆڵانەکانی

پشتی زیندانی موسڵ چاوەڕێیان بکات، پاشان بە ئۆتۆمۆبێلی خۆی لە موسڵ بیانگوازێتەوە دەرەوەی شار و ڕزگاریان بکات).

سەبارەت بە هەوڵی دووەمی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، بە خەیاڵمدا هات و بە پێویستم زانی یەکێک لە زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ بەناوی محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی بدۆزمەوە و قسەی لەگەڵ بکەم، دوای هەوڵ و سۆراغێکی زۆر توانیم لە ڕۆژی (٢٠١٣/١٠/١٧)دا لە فنلەندا بدۆزمەوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر بۆم دەرکەوت بەر لەم هەوڵە لە مانگی یازدەی ساڵی (١٩٨٠)، پلانێکی دیکە هەبووە بۆ شکاندنی زیندانەکە، بەڵام ئەو پلانە سەری نەگرتووە و نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە دەکرێت ئەوەی ساڵی (١٩٨٠) بە پلانی یەکەم و ئەوەی شوباتی (١٩٨١)، بە پلانی دووەم ناوببرێت، کە مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید زۆر گرێ کوێرەی هەردوو پلانەکەی بۆ کردمەوە و هاوکاری باشی کردم، سەرەڕای پێدانی ناوی ژمارەیەک لەسێدارەدراو، ناوی ئەوانەی لە ژووری سێدارە دابەزیبوون، کە بەهۆی لیستی شەهیدان توانیم ناوی تەواوی لەسێدارە دراوەکان و بەهۆی لیستی زیندانییانی سیاسی توانیم ناوی تەواوی ئەوانەی وەکو خۆی لە ژووری سێدارە دابەزیبوون بدۆزمەوە و بە تەلەفۆن پێوەندییان پێوە بکەم، زانیاری زۆر ورد و یەکلاکەرەوەم دەست کەوت.

سەبارەت بەم هەوڵەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، شۆڕش محەمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی ناسراو بە شۆڕش بازیانی (١٩٦٥/ بازیان/ سلێمانی)، لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٢/١)دا گیراوە و یەکێکە لەو (١٣) هاوڕێیەی بازیان کە لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/١٧)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچووە، ڕۆژی دواتر (١٩٨١/٥/١٩) گواستراونەتەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بەڵام دواتر لەگەڵ تۆفیق ئەحمەد تۆفیق محەمەد ئامۆزای و حەمەڕەشید

ئەحمەد وەلی پوورزای لە مانگی ئەیلول یان تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بە مەرسومێکی کۆماری سزاکەیان لە سێدارەوە گۆڕدراوە بۆ زیندانی هەتاهەتایە، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیم دا لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٤)دا، شۆڕش گوتی: (لەڕاستیدا ئێمە چووینە سەر سفرەیەکی ئامادە، چونکە مامۆستا جەمیل، جەلال سورداشی، بەرزانی عومەر عەلی و عومەر میرزا بە ئیشوکارەکە هەڵسابوون). کاتێک کە شۆڕش بازیانی، باسی ئەوە دەکات کە ئەوان چووینە سەر سفرەیەکی ئامادە، ئەوە بەدڵنیایی سەروەری پلان دانان و هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بۆ ئەو چوار کەسەی سەرەوە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەم بە ناوەکانیان داوە.

دوای پارە کۆکردنەوە (مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ) کران و بەهۆی شێخ مەردان و شێخ فازڵ گەیەنرانە نێو زیندان، کە شێخ فازڵ باسی ئەوەی بۆ کردم کە مەردانی برای بە چەند جارێک مشار، چەقۆ و چەند مەترێک گوریسی لەژێر جلوبەرگ لەخۆی بەستابوو ئینجا بردبوونیە ژوورەوە، ئەوانیش بەرە بەرە دەستیان کرد بە بڕینەوەی شیشەکان. سەبارەت بە کۆکردنەوەی پارە، هەر لە سەرەتا و ناوەڕاستی مانگی شوبات پارە کۆکرایەوە، ئیتر هیچی تر داوای پارەیان نەکردەوە، مەگەر تەنیا بۆ گیرفان، خەرجی ڕۆژانەی خۆیان کە بەهۆی پاسەوانەکان هەندێک شتیان بۆ دەکڕدرا، یان بە هۆی پارە دان بە ئەفسەر و پاسەوانەکان دەیانتوانی خزم و هاوڕێیانی خۆیان لە بەشی سزا سووک و قورسەکان داوا بکەن و بیانبینن. دوای ئەوەی زیندانییەکان نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانیان بۆ بەشێکی کەم لە کەسوکاریان باسکرد و پارەیان کۆکردەوە، دواتر هەر زیندانییەکی نوێ هاتبێتە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ پارەی لێ وەرنەگیراوە. بۆ نموونە سەبارەت بە پارە کۆکردنەوە پرسیارم لە شۆڕش بازیانی

کـرد، ئـەو باسـی ئـەوەی کـرد کـە ئـەوان بەدرەنگـەوە هاتـوون بـۆ ئـەو زیندانـە و بـە ماوەیەکـی زۆر کـەم دوای گەیشـتنی ئـەوان بـەو زیندانـە، ئۆپراسیۆنەکە جێبەجێ کرا، بۆیە ئەوان (سێزدە هاورێکەی بازیان) هیچ پارەیان نـەداوە بۆ کڕینی کەرەستەی شکاندنی زیندانەکە، یان بە شێخ فـازڵ و مەردانـی بـرای ناوبـراو. شـۆڕش باسـی ئەوەیشـی کـرد کـە لـە یەکـەم ڕۆژی هێنانیـان بـۆ ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ، هـەر بـۆ شـەوەکەی باسـی هەوڵـی شـکاندنی زیندانیـان لەگـەڵ کـردوون و کەسـیش داوای پـارەی لـێ نەکـردوون.

دوای یـەک دوو دیدەنـی پـاش ئاگادارکردنـەوەم لـە هەوڵـی شـکاندنی ژووری سـێدارە، لەگەڵ جەمیلی ئامۆزازام قسـەم کـردو پرسـیاری ئـەوەم لێکـرد کـە ڕێکخـراوی هەولێـری کۆمەڵـە یـان سـەرکردایەتی (کـۆڕەک)ی لـێ ئاگادارکردۆتـەوە، لـە وەڵامـدا گوتـی: (نەخێر پێویست ناکات و خۆمـان دەتوانیـن کارەکـە ئەنجـام بدەیـن). داوام لێیکـرد کـە خـۆم پەیوەنـدی بکـەم بـە هاوڕێیانـی ڕێکخستنەکانی خۆمـان کـە هاوکارییـان بکـەن، قایـل نەبـوو. هـەر بـۆ دڵنیایـی خـۆم بـۆ ئـەوەی بزانـم، کـە ئایـە هیـچ کـەس و لایەنێـک بـە مەبەسـتی ئاگادارکـردن یـان هاوکاریکـردن لـەم ئۆپراسـیۆنەی هەوڵـی شـکاندنی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ، نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن سـکرتێری کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان و جێگـری سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی ئەوکاتـی ئاگادارکردۆتـەوە. لـە ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێکەوتـی (٢٠١٧/٤/٢) پەیوەندیـم کـرد بـە گوڵسـتان سـەعید محەمـەد سـەعید، ئەندامـی جڤاتـی نیشـتمانیی بزووتنـەوەی گـۆڕان، کـە کچـە خوشـکی عومـەر میـرزا شـامراد و هاوسـەری هـەژاری کـوڕی عومـەر میرزا-یـە، بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە نەوشـیروان مسـتەفا بـکات و لێـی بپرسـێ، کـە ئایـە ئـەو وەکـو سـکرتێری ئەوکاتـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان، لـەم هەوڵـی شـکاندنەی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ

لـە سـالّی (١٩٨١)دا ئـاگادار کراوەتـەوە؟ ئەگـەر ئـاگادار کراوەتـەوە، ئاگادارکردنەوەکـە لـە ڕێگـەی کـێ بـووە و داواکارییـان چـی بـووە لـەو، هەروەهـا هـەر زانیارییەکـی دیکـەی هەبێ.

گوڵستان سـەعید، لە ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێکەوتـی (٢٠١٧/٤/٩) وەڵامـی دامـەوە کـە نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین، سـکرتێری کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان، بێئـاگا بـووە لـە هەوڵـێ شـکاندنی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ لـە سـاڵی (١٩٨١) و هیـچ کەسـێک لـەم هەوڵـە ئـەوی ئـاگادار نەکردۆتـەوە.

مەبەسـتی سـەرەکیم لـەم بەدواچـوون و پرسـیارکردنە لـە نەوشـیروان مسـتەفا ئەوەبـوو، نـەوەک ڕۆژێـک دابـێ و کەسـانێک هـەر لەخۆیانـەوە بـاس بکـەن یـان بنووسـن کـە سـکرتێری کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان لـە هەوڵـی شـکاندنی زیندانیی موسـڵ ئـاگادار بووەو ڕێنمایـی و هـاوکاری کـردوون، بەتایبـەت کـە ناوبـراو لـە ڕۆژی هەینـی، ڕێکەوتـی (٢٠١٧/٥/١٩) دا کۆچـی دوایـی کـرد. لـە خـوارەوە سـەیری وەڵامەکـەی گوڵسـتان سـەعید بکـە:




زیندانییەکان، شەوانە و تەنیا لە کاتی ئێشکگری شێخ مەردان و شێخ فازڵ خەریکی برینەوەی شیشە ئەستوورەکانی ژوورە بچووکەکە دەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی شیشەکان هەم زۆر و هەم ئەستوور بوون بۆیە برینەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو و کاتی زۆری دەویست، هەروەها دەبوایە زۆر بەشێنەیی کارەکە بکەن نەوەک ئاشکرا بن و هەوڵەکەیان هەر لە سەرەتاوە شکست بێنێ!

بەپێی قسەکانی تەحسین و جەمیل کە بۆ خۆم باسیان کردووە، دوای برینەوەی هەر شیشێک شوێنی برینەوەکەیان بە سابونی رەقی پڕدەکردەوەو دادەپۆشی، بە مەبەستی دیار نەبوونی شوێنەکە، هەست پێ نەکردنی پاسەوانەکان کە ببێتە هۆکاری ئاشکرا بوونی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە، ریسی هەوڵ و ماندوو بوونی ڕاکرنیان لێ نەبێتەوە بە خوری مانەوەو زووتر لە سێدارە دانیان!

بەڵام بەر لە کۆتا هەنگاو بۆ هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی

زیندانی موسڵ بە هەفتەیەک بۆ دوازدە ڕۆژ، سێ کەس لە نەخشەدانەرانی شکاندنی زیندانەکە لە سێدارە دران، کە پێم وایە لە سێدارەدانی ئەوان بەر لە جێبەجێکردنی هەوڵەکە هۆکارێکی سەرەکی سەرنەکەوتنی نەخشە و کەلێنێکی گەورەی خستە نێو چۆنێتی پیادەکردنی نەخشەکەیان، یان ئەگەر ئەوان لە ژیاندا بوونایە، دوور نەبوو ئەنجامی هەوڵەکە بە شێوەیەکی تر و لە بەرژەوەندی زیندانییەکان بێ، ئەمەش ناوی سێ زیندانییە سەرپەرشتیاری هەوڵی شکاندنەکەی زیندانە.

١. جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە ناسراو بە دەرسیم، کە لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢١)دا لەگەڵ هەر یەک لە جەمال قادر جوامێر و عەلی محەمەدئەمین ئەحمەد نەوڕۆڵی.

٢. جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد ناسراو بە جەلال سورداشی، کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٦)دا لەگەڵ (تەحسین ڕەحمان فەرحان، سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل و یونس بابەکر حوسێن ناسراو بە یونس خۆشناو) گوللە باران کران.

٣. عومەر میرزا شاموراد ناسراو بە نەبەز، کە لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٧) دا لەگەڵ (تاهیر عەبدوڵڵا، دارا حەمید عەزیز، عەلی تۆفیق عەبدولقادر ناسراو بە عەلائەدین و مەجید عیسا عەبدی)دا لە سێدارە دران.

بە لە سێدارەدانی ئەو پۆلە هاوڕێیەی سەرەوە کە ژمارەیان دوازدە هاوڕێیە و لەنێویاندا سێ هاوڕێ خاوەنی بیرۆکە و پلاندانەری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون، بەمەش بەرزانی عومەر عەلی بەتەنیا دەمێنێتەوە، دەتوانم بڵێم بەتەواوی پەشۆکاوە و شۆک گرتوویەتی، بۆیە بەبێ دانانی بەرنامە و ڕێوشوێنی نوێی گونجاو بۆ دەربازبوونیان هەوڵەکە لە شەوی (١٩٨١/٦/٢)دا جێبەجێ دەکەن، بەڵام سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، ناتوانن لەناو زیندانەکە دەرچن و هەموویان دەگیرێنەوە.

له نامەیەکدا کە محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/٤)دا بۆی ناردووم، باسی ئەوە دەکات کە شۆرش محەمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی، بەم شێوەیە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ دەگێرێتەوە: (لەپاش لە سێدارە دانی سێ قارەمان بە ناوەکانی جەمیل و تەحسین، کە خەڵکی هەولێر بوون، هەروەها عومەر میرزا، کە خەڵکی سلێمانی بوو، ئیتر لەناو زیندانی سێدارەی موسڵ کەسی پلان دارێژەر لەو هاوڕێیانەی پێشوو نەما جگە لە بەرزانی عومەر عەلی. بەرزانی عومەر عەلی لەگەڵ عارەبێک، کە ناوی (ئەحمەد عەنچە) دەبێت، زۆر بەهێز بوو و لەسەر کوشتن سزای سێدارەی بەسەردا درابوو، لەگەڵ دوو برا کە زیندانەوان بوون بە ناوەکانی مەردان و فازڵ ڕێک دەکەون تا هاوکاریان بکەن بۆ شکاندنی زیندان، لە هەمان کاتدا پەیمانی ئەوەیان دەدەنێ هەر کاتێک لە شکاندنی زیندان سەرکەوتوو بوون، هاوکاریان بکەن بۆ گەیاندنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، پاداشتیان بدەنەوە، ئەوانیش واتە مەردان و فازڵ پەیمانی هاوکاریان پێ دەدەن و مشاری ئاسن برینەوەو چەقۆیان بۆ دەهێنن بۆ ناو زیندانی سێدارەی موسڵ لە هەمان کاتدا پێیان دەڵێن ئۆتۆمۆبیلیش ئامادە دەکەین بۆ گەیاندنتان بە ناوچە ئازادکراوەکان).

شۆڕش بازیانی، لەبری جەلال مەحمود سورداشی ناوی تەحسین-ی هێناوە، وەلێ لە ڕاستیدا ئەم چوار زیندانییە (جەمیل ئەحمەد مەحمود، بەرزان عومەر عەلی، جەلال مەحمود سورداشی و عومەر میرزا شامراد)، نەخشەدانەر و سەرپەرشتیاری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووینە.

سەبارەت بە ژمارەی زیندانییەکانی ژووری سێدارە لە شەوی (١٩٨١/٦/٢)دا، کە ئایە ژمارەیان چەند بووە، ئایە (١٣) هاوڕێکەی بازیان هەموویان ئاگادارکراینەوە، ئایە هیچ زیندانییەک هەبووە نەیەوێ

بەشداری ئەو هەوڵە بکات، کە خۆم پێم وابوو چەند کەسێک خۆیان نەیانویستووە بەشداری ئۆپراسیۆنەکە بن چونکە گفتی سووککردنی سزاکەیان پێ درابوو. لەپێناوی زیاتر تیشک خستنە سەر ژمارەی زیندانییەکان، ئاگادارکردنەوە و بەشداری کردنی هەموویان یان بەشداری نەکردنی چەند دانەیەکیان و ئاگادار نەکردنەوەیان، بەگوێرەی نامەیەکی عومەر میرزا شاموراد، کە لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٦)دا نووسیویێتی و نامەکە لە لاپەڕەکانی (١٤٦–١٤٨)ی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە) بڵاوکراوەتەوە، ئەو نووسیویێتی: (گیڤارای گەرمیان کە لەم بەینەدا گیرا نامە دەنووسێ. سڵاو لە هەموو لایەک دەکات، ئێستا لەگەڵ (٣٤) قارەمانی تر لە ژووری سێدارەی موسڵ ماون). بۆیە ژمارەی زیندانییەکان لە شەوی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ لەم شەوەدا (٣٥) زیندانیی و بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی کە خۆی لە شەوی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووە و دوای نزیکەی سێ مانگێک لەگەڵ (ت، ح) بەهۆی (ک) ئامۆزای کە پێشتر پێشمەرگە بوو خۆی ڕادەستی ڕژێم کردبووەوەو کرایە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی سەربازی سزای سێدارەیان بۆ سووککرا، دەبێ ژمارەی زیندانییەکان لەم شەوەدا (٣٥) زیندانی بوو بێت و هەموویان ئاگادارکرابنەوە، کەچی شاکر تەها لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٣٠)دا لە هەیئە خاسە بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچووەو لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١)دا کەسوکارەکەی یەکەم دیدەنییان کردووە دەبێ بەلای کەم (٣٦) زیندانی بن گەر زیندانی زیاتر لە هەیئەوە ڕەوانەی سێدارەی موسڵ نەکرابن! بەڵام (ت، ش، ح) بەشدار نەبووینە چونکە ئەوان لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١)دا لەلایەن کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی ئاگادار کرابوونەوە کە لە بەرانبەر گەڕانەوەی ئەو بۆ نێو ڕژێم و چەکهەڵگرتنی بۆ حکومەت، بە فەرمانێکی کۆماری سزای لەسێدارەدانی

هەرسێکیان دەگۆڕدرێت بۆ زیندانی کردن، هەروەها شۆڕش بازیانی خۆی لەدوای سووککردنی سزاکەیان و گواستنەوەیان بۆ ئەبوغرێب لای مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید باسی ئەوەی کردبوو کە ئەوان (هەرسێکیان) بەشداری هەوڵی شکاندنی زیندانیان نەکردووە چونکە لە یەکەم دیدەنیدا لەلایەن کەسوکاریان ئاگادار کرابوونەوە کە بەم نزیکانە سزای سێدارەیان بۆ دەگۆڕدرێت و لە ژووری سێدارە دەگوازرێنەوە بۆ ئەبوغرێب.

بەگوێرەی نامەکەی محەمەد حەسەن خورشید، کە لە ڕۆژی (٢٠١٧/٥/٤)دا بۆی ناردووم و بۆچوونی شۆرش بازیانی بۆ نووسیوم، کە شۆڕش باسی ئەوە دەکات، دوای ئەوەی لە مانگی مایسی ساڵی (١٩٨١)دا کە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان لە سێدارە دران، بەتایبەت دوای لە سێدارە دانی (جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود محەمەد سورداشی، تەحسین ڕەحمان فەرحان و عومەر میرزا شامراد)، کە هەر چواریان لە کۆتایی مانگی پێنج لە سێدارە دران، دیارە بەرزانی عومەر عەلی کە تەنیا ماوەتەوە و تا ڕادەیەکی زۆریش پەشۆکاوی و بێئومێدی پێوە دیار بووە، داوای هاوکاری لە ئەحمەد عەنچە کردووە بۆ بەردەوام بوون لەسەر پلانەکە و ئەنجام دانی هەوڵەکەیان و ئەویش قایل بووە. بۆیە دەڵێم بەرزان بێئومێد و پەشۆکاو بووە، چونکە هەست دەکەم هیچ بەرنامەیەکی نوێیان بۆ شێوەی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکەیان دانەڕشتووە، هیچ ڕێوشوێن و پلانێکیان نەبووە بۆ چۆنێتیی پەلاماردانی قولغەکان، بەدەستهێنانی چەکێک و دواتریش هۆکاری گواستنەوەیان لە بەردەم زیندانەوە بۆ دەرەوەی موسڵ و ناوچە ئازادکراوەکان. بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی، بەرزان عومەر عەلی قسەی لەگەڵ هەریەک لە ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەب کردیە بۆ دەربازکردنیان لە موسڵ، ئەوانیش گفتیان پێداوە کە هەر دووکیان خەڵکی موسڵ بوون، بەڵام

چۆن هاوکارییان بکەن و ڕزگاریان بکەن، ئەوە تەنیا بەرزان عومەر عەلی، ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەب دەیزانن، قسەیان بۆ ئەوانی دیکە نەکردووە. بەدووری دەزانم ئەوان هەوڵی ئامادەکردنی ئۆتۆمۆبێلیان دابێ بۆ ئەوەی لە بەردەم زیندان لە چاوەڕوانی زیندانییەکان بێ تا دوای دەرچوونیان لە زیندانەکە، دەستبەجێ هەوڵی گواستنەوەیان بدەن بۆ دەرەوەی موسڵ و ناوچە ڕزگارکراوەکان، چونکە ئەوان (ئەحمەد عەنچە و فریاد) عەرەب بوون و شارەزای ناوچە ئازاد کراوەکان نەبوون، هەروەها پێم وایە فریاد هەواڵەکەی دەگەیاندە بەڕێوەبەرێتی زیندان و خۆی ڕزگار دەکرد لە سێدارە بەتایبەت کە ئەو بەهۆی کوشتنی کچە مامێکی خۆی سزای سێدارەی هەبوو، کە شووی بە فریاد نەکردبوو، شووی بە کەسێکی دیکە کردبوو.

لەو باوەڕەدام گەر ئەو (١٥) زیندانییەی کە لە مانگی مایسی ساڵی (١٩٨١)دا لە سێدارە دران، تا شەوی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە لە نیوەشەوی ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/٢)دا لە ژیاندا بان، ئەنجامی هەوڵەکە بەشێوەیەکی دیکە و لە بەرژەوەندی زیندانییەکان دەبوو، بەتایبەت کە جەمیل ئەحمەد مەحمود کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، بۆ ڕێنماییکردن و سەرپەرشتی کردنی هەوڵی شکاندنەکە بە ڕاوێژ لەگەڵ جەلال مەحمود سورداشی، عومەر میزا، بارزان عومەر عەلی و زیندانییەکانی دیکە سوودی دەبوو، بەدڵنیایی ئەنجامی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بەشێوەیەکی دیکە و ئومێدی سەرکەوتنی زۆرتر دەبوو. ئەو بۆچوونەی خۆمم لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٤)دا بە تەلەفۆن بۆ شۆڕش محەمەد بازیانی پێشتریش بۆ مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید باسکردبوو، ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، هەروەها شۆڕش بازیانی باسی ئەوەی کرد، کە هەوڵی شکاندنەکەی ئەو شەوە زیاتر لە هەوڵێکی بێ بەرنامەی ناڕێکوپێک دەچوو، کە

بێ سەرکردەیی و سەرپەرشتیاری ئێجگار زۆری پێوە دیار بوو، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ لە سێدارەدانی ئەوانەی سەرەوە. هەروەها بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد (بەکر سوسەیی)، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی، جەوهەر حوسێن هەشەزینی، عەلی محەمەد ئەمین نەسروڵڵا سەید سادقی، عومەر میرزا شاموراد و تەحسین ڕەحمان فەرحان ئەزمونی شەڕ، بەکارهێنانی چەک، بەرگری و هێرشکردنە سەر دوژمنیان لە پێشمەرگایەتیەوە هەبووە، ئەگەر چەکیان بکەوتایە دەست، سەدا سەد ئۆپراسیۆنەکە ئەنجامێکی دیکەی دەبوو، ئەوە بۆچوونی مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید-یش بوو. هەروەها لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٤)دا بە تەلەفۆن هەمان شتم بۆ شۆڕش بازیانی باسکرد، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو، سەرەڕای ئەوەش گوتی: (هەوڵی شکاندنەکەی ئەو شەوە کە خۆم لەوێ بووم، لە هەوڵێکی ناڕێکوپێک دەچوو، کەس نەبوو سەرپەرشتی ئۆپراسیۆنەکە بکات. منیش دڵنیام ئەگەر ئەوانەی ئەو پلانەیان داڕشتبوو خۆیان لەکاتی شکاندنی زیندانەکە لە ژیاندا بوونایە، ئەنجامەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو).

زوو لەسێدارەدانی ئەندامانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی (١٩٨١/٢/٢٥)دا ئەویش هۆکارێکی سەرنەکەوتنی هەوڵەکە بوو، چونکە ئەوان دەیانتوانی لەدوای شکاندنی زیندانەکە بەهۆی کەسوکاریان بەئاسانی زیندانییەکان لە کۆڵانەکانی پشت زیندانی موسڵ بگوازنەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، کە کەس وەکو ئەوان شارەزای ناو شاری موسڵ نەبوو.

هەرچەندە سەرەتای هێنانی فریاد عەرەب و ئەحمەد عەنچە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بەشێکی زۆر لە زیندانییەکان زۆر ناڕەحەت بوون و پێیان وابوو ئەو دوو عەرەبەیان لەبەر دوو هۆکار بۆ لای ئەوانیان هێناون. هۆکاری یەکەم بۆ سووککردنی پێشمەرگە و زیندانییانی

سیاسیی کورد بەهۆی تێکەڵ کردنی چەند کەسێکی دزو مرۆڤکوژی وەکو ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەب، هەروەها هۆکاری دووەمیشیان بۆ کاری سیخوڕی کردن بەسەر ئەوانەوە، بەتایبەت کە ئەو دوو عەرەبە هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتەوە نەبوو، دواتریش بەشێک لە زیندانییەکان پێیان وابوو کە حکومەت دواتر سزاکەی فریاد عەرەب و ئەحمەد عەنچە سووک دەکات!

سەبارەت بە فریاد عەرەب، ئەوە دەزانم کە بەهۆی کوشتنی کچە مامێکی کە ئامادە نەبووە شووی پێ بکات سزای سێدارەی بۆ دەرکراوەو هێنابوویان بۆ ژووری سێدارەی موسڵ. فریاد پێشتر لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم یان سەرەتای شوباتی ساڵی (١٩٨١)، دوای ئەوەی بەیانییەکەی دەرگای ژوورەکانیان لێ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بێنە دەرەوە، بەهۆی بۆڕی ئاوی سەر ئاودەستەکە یان ژووری فلینەکان سەر دەکەوێت و دەیەوێت ڕابکات. ئەو وا دەزانێ کە سەر دیوارەکە کەوت و دەتوانێ خۆی فڕێ بداتە دەرەوەی زیندان و ڕزگاری بێت، ئەو نازانێت کە ژووری سێدارە کەوتۆتە نێو حەوشی زیندانی سزا سووک و قورسەکان، بۆیە زیندانییانی بەشی سزا قورسەکان دەیبینن، دەیکەن بە هات و هاوار، پاسەوانەکان دێن، دەیهێننە خوارەوە و دەیبەنە ژوورەوە. هەر هەمان ڕۆژ لەسەر ئاودەستەکە و شوێنی فلینەکان چەند ڕیزێک دیوار بە بلۆک دروست دەکەن لەم شوێنەی ئەو پێیدا هەڵگەڕابوو، نەوەک کەسێکی دیکە هەمان هەوڵ دووبارە بکاتەوە. محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، ئەوکاتە خۆی لە ژووری سێدارە بوو ئەم بەسەرهاتەی ڕاکردنی ناوبراوی بۆ گێڕامەوە، باسی ئەوەیشی کرد لە کاتێکدا کە وەستاکە خەریکی دروستکردنی ئەم چەند ڕیز دیوارە بوو، هەژینی زەوی ڕوویدا.

هەروەها سەبارەت بە ئەحمەد عەنچە، خۆیشم لە ساڵی (١٩٨١)

ژمارەیەکی هەفتەنامەی هاوکاری یان (الراصد)م پاراستبوو، ئەو هەفتەنامەیەم تا ساڵی (٢٠١٠) لە شاری هەولێر مابوو، کە لە ڕیپۆرتاژێکدا باسی ئەحمەد عەنچە، باندە دزی و پیاوکوژییەکەی دەکەن، کە خۆی بڕیاری لە سێدارە دانی هەیە و وێنەیەکی ناوبراویشیان لەگەڵ ڕیپۆرتاژەکەدا دانابوو، کەچی نازانم بۆ لە گەڕانەوەمدا بۆ دانمارک ئەو ژمارەیەی (هاوکاری یان الراصد)م لەگەڵ خۆم نەهێنا! کاتێک لە سەرەتای مانگی ئاداری (٢٠١٧)ەوە تاوەکو ئێستاکە کە کۆتایی مانگی نیسانە چەند جارێک داوام لە کەسوکارم کرد بۆ ئەوەی لەنێو ڕۆژنامە کۆنەکانم دا بەدوای ئەو ڕیپۆرتاژەی ئەحمەد عەنچە بگەڕێن، گەر دۆزیانەوە بۆمی ڕەوان بکات، کەچی وەڵامیان دامەوە کە ئەو ڕۆژنامەیە نەماوە. هەروەها داوام لە چەندان هاوڕێم کردووە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامەیەم بۆ پەیدا بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون!

دوای ماوەی هەفتەیەک بۆ دوازدە ڕۆژ بەسەر لە سێدارە دان و گوللە باران کردنی ئەم هاوڕێیانەی سەرەوە (جەمیل ئەحمەد مەحمود، تەحسین ڕەحمان فەرحان، جەلال مەحمود سورداشی و عومەر میرزا)، بەگوێرەی قسەی شێخ فازڵ لە کاتژمێری (١٢:٢٠) خولەکی شەوی (١٩٨١/٦/٢) و بەپێی قسەی شۆڕش بازیانی، لەدوای کاتژمێری دوازدە و نیوی هەمان شەو هەوڵی شکاندنی زیندان دراوە. ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لەلایەن ئەو زیندانییانەی کە بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو، لە چاوەڕێی مەرگ دا بوون، ژمارەیان (٣٦) زیندانی بوو، سی و چوار کورد، دوو عەرەب دەست پێکرا، کە شاکر یاسین تەها یەک ڕۆژ بەر لە شکاندنی زیندان گواسترابووەوە ئەویٚ، وەلیٚ هەوڵەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، کە هۆکاری سەرنەکەوتن و شکستهێنانەکە بەپلەی یەک دەگەڕێنمەوە بۆ لە سێدارەدانی سیٚ هاوڕێی خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی

زیندان و پۆلێک لە هاوڕێیان کە لە مانگی مایس لە سێدارە دران.

مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، لە نامەکەدا دەڵێ: (پاش ئەوەی من سزاکەم سووککرا بۆ زیندانی هەتاهەتایی، لە زیندانی ئەبوغرێب بیستم کە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ سەری هەڵداوەتەوەو بە هاوکاری دوو برا کە ناویان مەردان و فازڵ بوو، لەوێدا زیندانەوان بوون هاوکاری زیندانیەکانیان کردبوو بە هێنانی چەقۆ، مشاری ئاسنبڕ و گوریس. هەرچەندە هەوڵەکە ئەنجامدراو پاسەوانێک بە ناوی (ڕەشۆ حەیدەر)ەوە کوژراو یەکێکی تریش بریندار بوو، بەڵام وەک شۆڕش بازیانی یەکێک لەوانەی کە سزای لە سێدارەدانی بۆ کرا بە زیندانی هەتاهەتایی لەپاش هەوڵەکە من لە زیندانی ئەبوغرێب بینیم، گوتی: (کەسمان لەو هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ ڕزگارمان نەبوو، بەڵکو ئەوەی ڕایکردە ناو حەوشی بەشی سێدارە یان گۆڕەپانی دیدەنی هەر هەموویان گیرانەوە دواوە بۆ ناو ژوورەکان پێش ئەوەی هەنگاو بنێین بۆ دەرەوەی زیندان).

بەگوێرەی ئاگاداری خۆم، کە کاتی خۆی لە ڕێگەی جەمیل-ی ئامۆزازام و تەحسین-ی برام، جار لەدوای جار لە هەوڵی شکاندنی زیندانەکە ئاگادار دەکرامەوە، کە لە هەموو دیدەنییەک واتە دوای هەر (١٥) ڕۆژێک، بڕینەوەی شیشی دەرگاکانی ژوورەکانی بەشی سێدارە کە دوو ژوور بوون، هەر لە مانگی شوباتەوە دەستی پێکراوە، بەپێی کات و دەرفەتی گونجاو بەرە بەرە شیشی ژوورە بچووکەکە بڕاوەتەوە، لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگ خەریکی بڕینەوەی شیشەکانی دەرگای ژوورێک بووینە! لەکاتی ڕۆژانی ئێشکگرتنی فازڵ و مەردان کە شیشەکانیان دەبڕیەوە هەردەم کردویانە بە گۆرانی، سروود و هەڵپەڕکێ بۆ ئەوەی زیندانەوانییەکان و پاسەوانانی دیکە گوێیان لە خشوهۆڕی بڕینەوەی شیشەکان نەبێت، دواتریش هەر جارەی وەستابن

خێرا بە سابونی ڕەقی شوێنی شیشە بڕاوەکەیان پڕکردۆتەوە نەوەک ئەفسەری ئێشکگر یان پاسەوانەکان شوێنەواری بڕینەوەی شیشەکان ببینن، هەست بە هەوڵی شکاندنی زیندان بکەن و بەڕێوەبەریتی زیندانی لێ ئاگادار بکەنەوە، چونکە بەتایبەت پاسەوانەکان ڕۆژانە دەهاتنە ناو زیندانەکە و بەیانیان دەرگاکانیان بۆ دەکردنەوە تا زیندانییەکان بێنە ناو حەوشەکە بۆ پیاسە، خۆدانە بەر خۆر، لە چێشتخانەکە نان ئامادە بکەن، ئاودەستەکە بۆ سەراو، خۆشووشتن و جل شووشتن بەکاربێنن، ئێوارانیش دووبارە پاسەوانەکان دەهاتنەوە و دەیانکردنەوە ژوورەکانیان، دەرگاکانیان لەسەر دادەخستنەوە. هەروەها شێخ فازڵ خۆیشی باسی ئەوەی بۆم کردووە کە هەر دوا بەدوای گەیشتنی مشاری ئاسنبڕو کەرەستەکانی دیکە، زیندانییەکان دەستیان کردووە بە بڕینەوەی شیشە ئەستوورەکانی ژوورەکانی خۆیان.

پێ دەچێت تا شەوی ئەنجام دانی ئۆپراسیۆنەکە، تەنیا شیشی ژوورە بچووکەکەی دەستە چەپ بڕابنەوە، هەروەکو پێشتر تەحسین و جەمیل سەبارەت بە بڕینەوەی شیشەکانی ژوورەکان قسەیان بۆ کردبووم، بەڵام ئەوەم لە هیچیان نەپرسیبوو کە جاری یەکەم شیشی دەرگای کام ژوور دەبڕنەوە و خۆیشیان بۆیان باس نەکردم کە لە کام ژوورەوە دەستیان پێکردووە. وەلێ هەست دەکەم بەئەنقەست بڕینەوەی ژوورە بچووکەکەیان هەڵبژاردبێ کە لە دەرگای هاتووچۆی هاتنە ناو بەشی سێدارە دوورترە بە بەراورد لەگەڵ ژوورە گەورەکە، تاوەکو نەوەک لەکاتی هاتنی لە ناکاوی ئەفسەری ئێشکگر و پاسەوانەکان ئەوان خەریکی بڕینەوەی شیشەکان بن، ئەفسەر یان پاسەوانێک گوێیان لە دەنگی خشوهۆڕی بڕینەوەی شیشەکان بێ و پلانەکەیان ئاشکرابێ.

لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/١٩)دا، سێزدە زیندانی لە هەیئە خاسەی کەرکوک دەگەنە ژووری سێدارەی موسڵ کە سزای سێدارەیان بۆ دەرچوو

بـوو، بـەر لـە گەیشـتنی زیندانییەکانـی بازیـان شیشـی ژووره بچووکەکـە بڕاوەتـەوە، دواتریش لـە ڕۆژی گەیشـتنی ئـەوان هیـچ کاری دیکـە نەکراوە، تـا لـە کاتژمێری دەو نیوی کۆتایی شـەوی (١٩٨١/٦/١)دا ئەحمـەد عەنچـە لە ژووره بچووکەکە، واتە ژووری دەستە چەپی ژووری فلینەی پاراسـتنی خـواردن، کـە بـە ژووره بچووکەکـە ناسـرابوو و بەشـێک لـە زیندانییـەکان تێیـدا دەخەوتـن، دەرچـووەو سـەرەتا ڕەشـۆ حەیـدەر بیبـۆ-ی پاسـەوانی لـە ژووری ناوەڕاسـت واتـە ژووری فلینـە و خـۆراک کوشـتووە، دواتـر هـەر خـۆی بەتەنیا و لـە دەرەوەڕا نزیکـەی (٤٥) خولـەک تـا یـەک کاتژمێر خەریکـی بڕینـەوەی شیشـەکانی دەرگای ژووره گەورەکـە بـووە، ئینجـا وەسـتاون تـا دەوروبـەری کاتژمێـری دوای دوازدە و نیـوی سـەرەتای شـەوی (١٩٨١/٦/٢)، تـا عەتـۆ خەڵـەف عەلـی زندینـی ناسـراو بـە عەتـۆ شـەنگالی پاسـەوانی دوای ڕەشـۆ هاتۆتە ژوورەوە بەنیازی ئەوەی شـوێنی ڕەشـۆ بگرێتـەوە و ئـەو بـەڕێ بکات، کەچـی ئەحمـەد عەنچـە پەلـە دەکات و پەلامـاری دەدات و بـە چەقـۆ دەیـەوێ ئەویـش بکوژێـت، بـەڵام عەتـۆ بـە برینداری خـۆی لەدەسـتی ئەحمـەد عەنچـە ڕزگار دەکات، هـاواری یارمەتـی و بەهانـەوە هاتـن دەکات لـە پاسـەوانەکانی زینـدان و هۆشـیاریان دەکاتـەوە. عەتۆ شـەنگالی، سـەرەڕای بریندار بوونی دەرگاکان دادەخاتەوەو پاسـەوانی دیکـەی چەکدار بەهانایـەوە دێن و نایەڵن هیـچ زیندانییـەک ڕێگـەی دەرەوە بگرێـت و ڕزگاری بێـت، دیـارە عەتـۆ هـەر بـەو برینـەوە مـردووە.

بەگەیشـتنی ئـەو (١٣) زیندانییـەی بازیـان، سـەرەتا خەریـک بـوو نەخشـە و پلانەکـە هەڵوەشـێتەوە، دوو بۆچـوون لەنـاو زیندانییـەکان دروسـت بـوو. بەشـی یەکـەم کـە زۆرینـە بوون، داوای هەڵوەشـاندنەوەی پلانەکەیان دەکرد و دەیانویسـت وازی لـێ بێنن بەهـۆی کێشـەی نێوان ئـەو (١٣) کەسـە، کـە دواتـر (١٠)یـان لـە سـێدارە دران و (٣) کەسیشـیان سـزاکەیان بـۆ زیندانـی هەتـا هەتایـە گـۆڕدرا، کـە ئـەوە پێشـبینی زیندانییەکانیـش بـوو بـە (١٠)

لەسێدارە دراوەکەی بازیانەوە کە ئەو (٣) کەسە سزاکەیان بۆ سووک دەکرێت و لە سێدارە نادرێن، شۆڕش بازیانی کە یەکێک بووە لە سێ کەسەکە کە سزاکەی بۆ سووک کراوە، خۆیشی لای مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید باسی ئەوەی کردووە کە (خۆی، تۆفیقی ئامۆزایی و حەمەڕەشید-ی پورزایان) بەشداری شکاندنی زیندانی موسڵ یان نەکردووەو لە ژوورەوە دانیشتوون، چونکە ئەوان بەهۆی (ک.ب) گفتی سووککردنی سزاکەیان پێ ڕاگەیەندرابوو، سووککردنی سزای ئەو سێ کەسە و قسەکانی شۆڕش لای مامۆستا محەمەد بەڵگەن بۆ هەبوونی کێشەی نێوانیان و بەشداری نەکردنی سێ کەسەکە لە هەوڵی شکاندنی زیندان. بەڵام بەشەکەی دیکە سووربوون لەسەر ئەنجام دانی ئەو هەوڵە و بە مەرجێک درەنگ ئەو (١٠) هاوڕێیەی بازیانی لێ ئاگادار بکرێتەوە و بە هیچ شێوەیەکیش ئەو (٣) کەسەی تری بازیانی کە خزمی (ک.ب)ی بوون لێ ئاگادار نەکرێنەوە تا کاتی کردنەوەی دەرگاکان و ڕاکردنیان، ئەوکاتەش سەربەستیان بکەن لەوەی کە ڕادەکەن یان دەمێننەوە، ئەگەر ویستیان بمێننەوە دەست و قاچیان بە گوریس ببەستنەوە و جێیان بهێڵن نەوەک دوای ڕاکردنی ئەوان بەرپرسان و پاسەوانەکانی زیندان ئاگادار بکەنەوە، کە تەحسین-ی برام لە دوا دیدەنی ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٥) دا دروستبوونی ئەو دوو بۆچوونەی بۆ باسکردم بەهۆی گەیشتنی زیندانییەکانی بازیان. منیش گوتم: (مادام ئەو هاوڕێیانەی ژووری سێدارە هەر لە سێدارە دەدرێن و مردن چاوەڕێیانە، کەواتە بۆچوونی دووەم بەڕاستتر دەزانم، بە هاوڕێکانی ژوورەوە بەتایبەت عومەر میرزا و بەرزان عومەر عەلی بڵێ با بۆچوونی دووەم جێبەجێ بکەن، چونکە دەرفەتێکی دیکەی ژیان و ڕزگاربوونیان بۆ ڕێک دەکەوێت). من هەتا ئێرە لە هەوڵی شکاندنەکە ئاگادار بوویمە، دیارە دواتر بۆچوونی دووەم سەرکەوتووە و بڕیاری لە سەر دراوە، بەڵگەش ئەوەیە کە نەخشە و

پلانەکە هەنگاوی بۆ نرا.

پلاندانەرانی شکاندنی زیندانەکە وا لەگەڵ شێخ فازڵ و مەردانی برای ڕێککەوتبوون بە هیچ شێوەیەک زیندانییەکان لە ڕۆژی جێبەجێکردنی نەخشەکە، هەوڵی کوشتنی پاسەوانەکان نەدەن کە ئەمە مەرجی فازڵ و مەردان بوو، بەڵکو تەنیا بیانگرن، بە گوریس دەست و قاچی پاسەوانەکان ببەستنەوە لەگەڵ ئەو زیندانییانەی کە لەگەڵ هەوڵەکەدا نین و نایانەوێت ڕابکەن، لە ژوورێکی سێدارە دەرگایان لەسەر دابخەن و بەجێیان بهێڵن، بەڵام ئەو مەرجەی ئەوان لەلایەن زیندانییەکان پشتگوێ خراو دوو پاسەوانی کوردی ئێزیدی کوژران.

سەبارەت بە بڕینەوەی شیشی دەرگای ژوورە گەورەکە، ئەوەندەی بیرم بێ (بەرزان عومەر عەلی، جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود سورداشی، عومەر میرزا و تەحسین ڕەحمان فەرحان) لەو ژوورەدا بوون، هەروەها بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی هەر (١٣) زیندانییەکەی بازیان لەو ژوورە دانرابوون، شۆڕش بازیانی گوتی: (دوای ئەوەی کاتژمێری دەی شەو پاسەوانەکان گۆڕدران و ڕەشۆ شوێنی ئەوەی دیکە گرتەوە، هەر چارەگێک یان بیست خولەکی پێچوو ئەحمەد عەنچە بەبێ هەست لە ژوورە بچووکەکە هاتە دەرەوەو بەرەو ژووری فلینەکان ڕۆیشت، لەوێ هەر لەخەو ڕەشۆی کوشت. ئەو شەوە دیاربوو ڕەشۆ زۆر خەوی دەهات، چونکە کە ئاڵوگۆڕی پاسەوانێتی کرد، دەستبەجێ چووە ژووری فلینەکان و لێی خەوت. دوای کوشتنی ڕەشۆ، ئەحمەد عەنچە مشارەکەی هێناو لە ماوەی سێ چارەگ بۆ کەمتر لە کاتژمێرێک هەموو شیشەکانی ژوورە گەورەکەی ئێمەشی بەتەنیا بڕییەوە. دواتر هەر خۆی شیشەکانی خوارکردەوەو ئێمەش یەک لەدوای یەک هاتینە دەرەوە)، کە ئەحمەد عەنجە لە ژوورە بچووکەکە هاتبێتە دەرەوە و بەرەو ژووری فلینەکان ڕۆیشتبێت کە ڕەشۆ لێی خەوتبێت، کەواتە

بەدڵنیایی دەبێت لە ماوەی مانگی شوبات بۆ کۆتایی مانگی مایس شیشی دەرگای ژووره بچووکەکە بڕابێتەوە بەتایبەت کە زیندانییەکان بەر لە کاتژمێر دەی ئەم شەوە گوێیان لە بڕینەوەی شیشەکانی دەرگای ژووره بچووکەکە نەبووە، هەروەها دیارە کەمێک دەستکاری پلانەکەشیان کردووە کە دەبوایە کەسێک لەدوای کاتژمێری هەشتی ئێوارە کە دەیانکەنە ژوورەکان، خۆی لە ژووری فلینەکان بشارێتەوە، کە ئەمەشیان تۆزێک سەخت بوو، چونکە لەوانەبوو پاسەوانەکە گەر خەویشی لێکەوتبێت لەکاتی هاتنە دەرەوەی ئەو کەسەی کە خۆی لەپەنا فلینەکان شاردبێتەوە بەئاگابێتەوە، ئەوکاتە بەدڵنیایی هاوار دەکات و پاسەوانی سەر قوڵغەکان هۆشیار دەبنەوە، هەوڵەکە شکست دێنێ هەتا گەر ئەو پاسەوانە بشکوژرێت، یان کێ دەڵێ پاسەوانەکە سەرکەوتوو نابێت لە بەرانبەر بە زیندانییە چەقۆ بەدەست و هێرش بەرەکە و چەقۆکەی لەدەست ناستێنێ، دەبێ لە دۆخی وادا هەژمار بۆ هەموو پێشهاتێک بکرێت. بۆیە ئەو گۆڕانکارییە بە ژیربێژی و زیرەکانە دادەنێم.

لەم شەوەدا دوو پاسەوانی کوردی ئێزیدی کوژران، یەکەمیان ڕەشۆ حەیدەر بیبۆ ناسراو بە ڕەشۆ شێخانی و دووەمیان عەتۆ خەڵەف عەلی زندینی ناسراو بە عەتۆ شەنگالی بوون، سەبارەت بە کوژرانی یەکەمیان لەدوای کاتژمێری دەی شەوی (١٩٨١/٦/١)دا بەدەستی ئەحمەد عەنچە کوژراوە، سەبارەت بە عەتۆ خەڵەف عەلی زندینی (عطو خلف علي زنديني) ناسراو بە عەتۆ شەنگالی خەڵکی شارەدێی تەل عوزێری سەر بە قەزای شەنگال. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، بە بڕیاری ژمارە (١٥٥٤)ی ڕۆژی (١٩٨١/١١/١٨)دا پەنجا دینار خانەنشینی مانگانەی بۆ کەسوکاری هەر یەک لە ڕەشۆ حەیدەر بیبۆ و عەتۆ خەلەف عەلی بڕیوەتەوە.

سەبارەت بە بڕینەوەی شیشی ژووره بچووکەکە پرسیارم لە

شۆڕش بازیانی کرد، کە ئایە گوێیان لە بڕینەوەی شیشەکانی ژوورە بچووکەکە بووە کە ئەو شەوە بڕدرابنەوە؟ خۆ ئەگەر لەو شەوەدا بڕابنەوە، کە نێوانی ئەو دوو ژوورە ئەوپەڕی شەش بۆ حەوت مەترە، دەبوایە گوێتان لە خشوهۆڕی بڕینەوەکان بوایە؟ شۆڕش بازیانی، لە وەڵامدا گوتی: (بەدڵنیاییی دەبوایە گوێمان لێبوایە، بەڵام ئێمە گوێمان لە هیچ نەبوو، کە ماوەی نێوانیشمان تەنیا چوار بۆ پێنج مەترێک دەبوو نەک حەوت مەتر. بۆیە هەروەکو تۆ دەیڵێی مادام گوێمان لە هیچ خشوهۆڕێکی بڕینەوەی شیشەکان نەبووبێ، دەبێ پێشتر بڕدرابنەوە).

دەرگای سەرەکی زیندانی سێدارە، دەرگایەکی گەورە بوو، کە دەرگایەکی بچووک لەنێو ئەو دەرگا گەورەیە هەبوو، کە هەر یەک کەس بە خۆ لارکردنەوەو لەسەر تەنیشت دەیتوانی پێیدا تێپەڕێت، شەوانە پاسەوانەکان لەو دەرگا بچوکەوە ئاڵوگۆری ئێشکگریان دەکرد، هەروەها هێنانی زیندانیی زیندانیی نوێ بۆ ژووری سێدارە، بانگکردنی زیندانییانی ژووری سێدارەش بۆ بەڕێوەبەرێتیی زیندان، بۆ لای دکتۆر هەر لە ڕێگای ئەو دەرگا بچووکەوە دەکرا و دەرگا گەورەکەیان بەکارنەدەهێنا. بەڵام بۆ ڕۆژانی دیدەنی دەرگا گەورەکە دەکرایەوە، دەرگا بچووکەکەی ناو ئەم دەرگا گەورەیە نەدەکرایەوە و داخرابوو، چونکە زیندانییەکان هەم خواردن، خواردنەوە، جلوبەرگ و فلینەی گەورە گەورەیان بە دەرگا گەورەکەدا دەبردە ژوورەوە کە نەدەکرا ئەو کەلوپەلانە لە دەرگا بچووکەکەوە ببەنە ژوورەوە.

هەر بە پشتبەستن بە قسەکانی شۆڕش بازیانی و بەگوێرەی نامەکەی محەمەد حەسەن، دوای کوشتنی ڕەشۆ حەیدەر بیبۆ-ی ئێشکگر لەلایەن ئەحمەد عەنچە، زیندانییەکان لە چاوەڕوانی هاتنی ئێشکگری داهاتوودا دەبن، ئەوەبوو بۆ ئاڵوگۆڕی ئێشکگرتن، عەتۆ شەنگالی دێت و دەرگا بچووکەکەی ناو دەرگا گەورەکە دەکاتەوە، شۆرش لەسەر گێڕانەوەکە

بـەردەوام دەبـێ و دەڵێـت: (هـەر کـە دەنگـی قوفڵـی دەرگا بچووکەکـە هـات، ئەحمـەد عەنچـە خـۆی مەڵاسـدا لـە پاڵیـدا، پاسـەوانەکە لـە دەرگا بچووکەکـەوە پێیەکـی هێنایـە ژوورەوەو ناوبـراو بەخێرایـی پەلامـاری دا، گرتـی و بـەر چەقـۆی دا، عەتـۆ بەشـێوەیەک قیژانـدی و هـەر چۆنـی بێـت خـۆی لـە دەسـتی ئەحمـەد عەنچـە ڕاپسـکاندو بـە بریـنداری خـۆی ڕزگار کـردو ڕایکـرد. هەمـوو زیندانییـەکان هێرشـیان کـرد بـۆ ئـەوەی عەتـۆ بگـرن و کلیلەکانـی لـێ بسـەنن، بـەڵام ئـەو سـەرەڕای بریـندار بوونیشـی بـە هـەر شـێوەیەک بـێ کیلۆنـی دەرگای دووەم و سـێیەمی داخسـت، کـە دەڕوات بـەرەو ژووری ئێشـکگرتن، بەڕێوەبەرێتیـی زینـدان، گۆرەپانـی هاتنـە ژوورەوەو چونـە دەرەوەی زیندانـی موسـڵ. ئـەم جـارە زیندانییـەکان تێکـڕا دەیانویسـت دەرگا بچووکەکـە بـەرەو دەرەوە بشـکێنین، وەلـێ سـەرکەوتوو نەبـوون، بۆیـە بەناچـاری لـەو دەرگا بچووکـەوە یـەک لـەدوای یـەک دەربـازی گۆڕەپانـی دیدەنـی بـوون، لـە هـاوارو قیـژەی پاسـەوانی بریـندار، زیندانیانـی زیندانـی سـزای قـورس و سـوک، کـە پێشـیان دەگـوت (زیندانـی قـەڵا) ئـاگادار بوونـەوە، ئێشـکگری تاوەرەکانیـش ئـاگادار بوونـەوەو دەسـتیانکرد بـە تەقـە کـردن بـە ئاراسـتەی ژوورەکان و حەوشـی سـێدارە. ئێمـەش هـەر ئەوەندەمـان بۆکـرا خۆمـان لـە پەنـا دیـوارەکان مـەڵاس دەیـن، دواتریـش هەمووومـان گەڕاینـەوە ژوورەکانـی خۆمـان، بـێ ئـەوەی کەسـێکمان بریـندار یـان بکوژرێـت. بۆیـە گەڕاینـەوە ژوورەکانـی خۆمـان، چونکـە بـێ هیـوا بوویـن لـەوەی دەربـازی دەرەوە بیـن بەتایبـەت کـە لـە هەمـوو لایـەک بـوو بـە تەقـە و پاسـەوانی نـاو تاوەرەکانیـش تەقەیـان لـە ژوورەکانـی بەشـی سـێدارە دەکـرد. لـەم کاتـەدا بەهـۆی زۆری دەنگـە دەنگـی دەرەوە زانیمـان کـە هێزیـان هێنـاوە بـەرەو زینـدان بـۆ کۆنتـڕۆڵ کردنمـان و بەهـۆی دەنگـە دەنگـی بەردەوامیـان زانیمـان کـە تـا بەیانـی لـە تاوەرەکانـەوە، سـەربان، نـاو تـەواوی زینـدان و دەوروبـەری زینـدان هێزێکـی زۆری پڕچـەک دامـەزراون،

بەڵام بەهیچ شێوەیەک تاکو بەیانی درەنگ نەیانوێرا پەلاماری ئێمە بدەن چونکە وایان زانیبوو ئێمە چەکمان پێیە، بۆیە هەر کە ڕۆژ بووەوە و دەوروبەری کاتژمێری هەشت بۆ نۆی بەیانی، سەرەتا زیندانیانی ناو قەڵایان بە کێبڵ، تێلا، بەردو دارەوە ناردە سەرمان، ئەشکەنجەی زۆریان داین. دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرێتیی زیندان تەواو دڵنیابوون و زانیان چەکمان لا نیە، ئەوجا هێزی ئەمن و پۆلیس دابارییە سەرمان و کەوتنە لێدانمان بۆ ماوەیەکی زۆر. دەمودەست دەرگا شکاوەکان کە دەرگای شیشی ئەستور بوون تەنیا لەحیمیان کردەوەو ئامادەیان کردین بۆ لێپرسینەوە. بەدرێژایی گۆڕەپانی دیدەنی زیندانیانی سێدارە، پۆلیسی زیندان، ئەمن و بەشێک لە زیندانیانی قەڵا ئامادە کرابوون بە بەرد، تێلاو کێبڵ هەر کەسێکیان بانگ دەکرد بۆ لێپرسینەوە دەبوایە بەنێو ئەو هێزەدا تێپەڕێت، یەک لەدوای یەک بردیانین و ئەشکەنجەی زۆریان داین. لە کاتی تێپەر بوونماندا بەنێو پۆلیس، ئەمن و زیندانیانی قەڵا تاکو ژووری لێپرسینەوە بە کێبڵ، دارو بەرد لێیان دەداین، کەس بە سەلامەتی دەربازی ژووری لێپرسینەوە نەدەبوو. بەڵام لای ئەفسەری لێکۆڵەر لە ژوورەوە لە هیچ کەسێکیان نەداو ئەشکەنجە نەدراین، بەڵکو تەنیا پرسیارکردن بوو لەسەر چۆنێتیی هەوڵی شکاندنی دەرگاکانی ژووری سێدارەی زیندان، چۆن و بە چی هەوڵیان داوە، کێ لە پاسەوانەکان هاوکاری کردوون).

بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی کە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٤)دا کردی، ئەو بە پێکەنینەوە گوتی: (هەر هەموومان لە لێپرسینەوە گوتمان ئێمە ئاگاداری هیچ نین و ئەحمەد عەنچە بەتەنیا ئەم کارەی کردووە، ئیتر پاش یەک دوو ڕۆژ ئەحمەد عەنچە و بەرزانی عومەر عەلی لە سێدارە دران و چەند وەجبەیەکی زیندانی تریان هێناو، پاشان من حوکمەکەم لەگەڵ دوو کەسی تردا بە مەرسومی کۆماری

سوککرایەوە بۆ سزای هەتاهەتایی و گوازراینەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب).
بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ئەشکەنجەی زۆر سەختی یەکە بە یەکەی هەموو زیندانییەکانیان دابوو، بۆ ئەوەی سەرەداوی نەخشە و پلانی هەوڵی ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندانەکە بدۆزنەوە. سەرجەم زیندانییەکان بێئاگایی خۆیان دەردەبڕن و هەوڵەکە دەخەنە سەر ئەحمەد عەنچە، بۆیە ئەو زۆر بە سەختی و چڕی ئەشکەنجە دەدرێت، بەپلەی دووش بەرزانی عومەر عەلی، کە ئەحمەد عەنچە پلانەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری لە سێدارەدانی بەرزانی عومەر عەلی و ئەحمەد عەنچە پێکەوەو بەیەک ڕۆژ. بەرزانیش بەهۆی ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەر قورس و بەناچاری قسەی لەسەر سێ کەس کرد کە چەند ڕۆژێک پێشتر لە سێدارە درابوون، کە ئەمەش زۆر ئاساییە و بەرزان هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی لە بەردەم دا نەبووە، ئەوە هەرگیز ناچێتە خانەی خاڵی لاوازی ئەو، نەوەک کەسانێک وا لێکی بدەنەوە. دواتریش، ڕۆژانە و بۆ ماوەی نزیکەی یەک مانگ ئەشکەنجەی سەختی ئەو زیندانییانە دراوە، کە لە ژیاندا مابوون و لەماوەی ئەو مانگەدا لە سێدارە نەدرابوون.
قسەکردنی ئەحمەد عەنچە لەسەر بەرزانی عومەر عەلی، بۆمان دەردەخات کە بەرزان یەکێک بووە لە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری نەخشەی دووەمی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، هەروەها قسەکردنی بەرزان لەسەر ئەوانەی لەسێدارە دراون، دەیسەلمێنی جگە لەوان کەسی دیکە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نەبووە. بەڵام ئەو قسەیەی شۆڕش بازیانی سەبارەت بە ڕۆژی لە سێدارە دانی بەرزانی عومەر عەلی بە یەک دوو ڕۆژ دوای شکستی ئۆپراسیۆنەکە لەگەڵ زانیارییەکانی لیستی شەهیدان و بنەماڵەی بەرزان یەکناگرێتەوە، کە ئەوان لە لیستی

شـەهیدان و زیندانییانیی سیاسیی نووسیویانە لـە ڕێکەوتی (١٩٨١/٨/١٦) دا لـە سـێدارە دراوە، واتـە دوای دوو مانـگ و چـواردە ڕۆژ!

لـەدوای ئەنجـام دانـی ئۆپراسـیۆنەکە، هیـچ کام لـە زیندانییـەکان نەیـان توانیـوە ڕابکـەن، چونکـە عەتـۆ شـەنگالی پاسـەوان بـە بریـنداری خـۆی ڕزگار دەکات و جگـە لـە دەرگای یەکـەم، توانیوێتـی هـەم دوو دەرگاکـەی تـر دابخاتـەوەو هـەم پاسـەوان و تـەواوی کارمەندانـی زینـدان لـەو هـەوڵ و ئۆپراسـیۆنە هۆشـیار بکاتـەوە. کەواتـە تەنیـا دەرگا بچووکەکـەی کـە دەکەوێتـە سـەر ڕێڕەوە بەرزەکـەی شـوێنی دیدەنـی و ژوورەکانـی خۆیـان بەدەسـتەوە بـووە بـۆ ئـەوەی تیایدا بسـووڕێنەوە، بـەڵام دوای تەقەکردنـی زۆر و چـڕی پاسـەوان و هێـزە بەهانـا هاتووەکـەی ڕژێـم بـە ئاراسـتەی ژووری سـێدارە، هـەر (٣٦) زیندانییەکـە چوونەتـەوە نـاو دوو ژوورەکـەی پێشـووی خۆیـان نـەوەک بریندار یـان بکوژرێـن. پێشـتریش باسـم کـردووە و ئێسـتاکەش دووبـارەی دەکەمـەوە کـە هیـچ زیندانییـەک لـەم شـەوەدا بریـندار یـان نەکوژراوە، کـە شـۆڕش بازیانـی لەپێش ئۆپراسـیۆنەکە و تـا کۆتایـی مانگـی ئەیلـول یـان سـەرەتای مانگـی ئۆکتۆبـەری ئـەو سـاڵە لـە ژووری سـێدارە بـووە، لەگـەڵ تـەواوی (١٣) زیندانییەکـەی بازیـان پێکـەوە بووینـە. شـۆڕش بازیانـی، جەخـت لەسـەر ئـەوەش دەکاتـەوە کـە تەنانـەت شـەوی هەوڵـی شکاندنی زیندانەکە هیچ کام لـە شـێخ فـازڵ و شـێخ مەردان لـە زینـدان نەبووینـە!

خۆیشـم هـاوڕام لەگـەڵ ئـەو قسـانەی سـەرەوەی شـۆڕش، بەتایبـەت کـە هیـچ زیندانییـەک مردننامەکـەی لەسـێدارەدانی بـە مێـژووی (١٩٨١/٦/٢)دا بۆ نەکراوە، کـە ئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی هیچیـان لـەم شـەوەدا نەکوژراون. بـەڵام شـێخ مـەردان و شـێخ فـازڵ، کـە هـەر دووکیـان کارمەنـدو پاسـەوانی ژووری سـێدارە بووینـە و هـاوکاری زیندانییەکانـی ژووری سـێدارە بووینـە بـۆ بـە ئامانـج گەیشـتنی پـلان و ئۆپراسـیۆنی شـکاندنی زیندانەکـە،

لە دەرەوەی زیندان گیراینەوە، چونکە ئەوان لەم شەوەدا لە زیندانەکە نەبووینە!

ئەو زیندانییانەی کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ژووری سێدارە بوون، ژمارەیان (٣٦) زیندانی بوو، پێشتر تەحسینی برام و جەمیلی ئامۆزازام باسی ئەوەیان بۆ کردبووم کە لەکاتی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنیان نایانەوێت هیچ پاسەوانێک بکوژن، چونکە زۆربەی زۆرینەیان کوردی ئێزیدین و فازڵ و مەردان داوایان کردووە کە کەس نەکوژن نەوەک دواتر کێشەی کۆمەڵایەتی و دوژمنایەتی لەنێوان بنەماڵەی ئەوان و کوژراوەکان دروست بێت، بۆیە دەبوایە هەر پاسەوانێک کە دەکەوێتە بەردەست لەم شەوەدا لەکاتی شکاندنی زیندانەکە بە گوریس دەست و قاچەکانیان ببەستن، لە ژوورەکان جێیانبهێڵن و دەرگایان لەسەر داخەن. سەرەتا نەمدەزانی ئەو دوو برا پاسەوانە ناویان چییە، کە دەیانەوێت یارمەتی زیندانییەکان بدەن بۆ دەرباز بوونیان. بەڵام دوای ماوەیەک زانیم کە هەریەک لە جووتە برا مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بوون، کە هاوکار و یارمەتیدەری زیندانییەکان بوون بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان.

کاتێک کە برا و ئامۆزازاکەم (تەحسین و جەمیل) لە سێدارە دران هێشتاکە تەواوی شیشی دەرگاکان نەبڕدرابوونەوە، بەڵکو تەنیا شیشەکانی ژوورە بچووکەکە بڕدرابوونەوە، هەروەها ڕێوشوێنی پێویست بە تەواوی ئامادە نەکرابوو بۆ هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنیان. بەر لە سێدارەدانی براکەم، کوڕە پوڕێکم بەناوی (ئەنوەر قادر عەلی مەعروف/ ١٩٦٤/ هەولێر/ توڕەق)، کە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٤/٢٩)دا لەگەڵ ئەوانەی بێتەوە یادم (کاکل ئەحمەد مەعروف کاکل (کاکلە ڕەش)، دکتۆر بەدر ڕەزا ئەمین، فازڵ سابیر ڕەسوڵ عەدێ، محەمەد سەیدە

ڕەشید، محەمەد عوسمان عەزیز حەسەن تورەقی، نامیق خدر عەبدوڵڵا قادر تورەقی، سدیق عوسمان مەولود تورەقی و چەند کەسێکی دیکە گیران) و ڕەوانەی هەیئە خاسەی کەرکوک کرابوون. ئەنوەر قادری پوررزام، لە ژووری ژمارە (٥)ی هەیئە خاسە بووە، کە دوای بردنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردانی برای لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/٢٨) دا بۆ هەیئەی کەرکوک، فازڵ دەبەنە ژووری (٥) و بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لەگەڵ ئەنوەری پوررزام پێکەوە دەبن. ئەنوەر و هاوڕێکانی، لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٩/٢٩)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کران و ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێبی شاری بەغدا دەکرێن، تا لە ڕێکەوتی (١٩٨٢/٧/١٩)دا بە لێبووردنی گشتی ئازاد دەکرێن، بەڵام (س، ع، م) کە هەر خۆی هۆکاری بەگرتدانی ئەو پۆلە هاوڕێیە بوو، دوای ئازادبوونی بووە جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (٢٨)ی جاشە سووکەکانی عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی و هەر لە ئەنجامی خۆفرۆشی خۆیدا لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/١٢/٩)دا کوژرا.

بەڵام دیارە دوای لە سێدارەدانی ئەوان، زیندانییەکانی دیکە ئەوەندە پەیوەست نەبووینە بە دوو خاڵ، یەکەم: هیچ پاسەوانێک نەکوژن، دووەم: هەوڵی ڕاکردنەکە بخەنە شەوانی پێنجشەممە یان هەینی، بۆیە دوو پاسەوان کوژران و لەبری شەوانی پێنجشەممە و هەینی، لە شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/٢)دا بە هاوکاری هەریەک لە مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵی برای نەخشەی شکاندنی زیندانەکەیان خستە واری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام نەخشەکە شکستی هێناو زیندانییەکان هەر هەموویان گیرانەوە و دواتریش لە چەند شەوێکدا تا کۆتایی ئەم ساڵە یەک لە دوای یەک هەموویان لە سێدارە دران.

هەروەکو پێشتر ئاماژەم بەوەدا بەر لە هەوڵی جێبەجێ کردنی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، ڕۆژانە زیندانییەکان لە

کاتژمێری هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە دەرگایان لێ دەکرایەوەو دەهاتنە ناو حەوشەکە و ئازاد بوون لە خواردن دروستکردن، وەرزش کردن، پیاسەکردن، خۆشۆرین، خۆدانە بەر خۆر، تێکەڵاوبوونی زیندانییانی هەردوو ژوورەکە و گفتوگۆکردنیان، بەڵام دوای ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندان، دەرگاکانیان لەسەر داخستن و هەموو ئەمانەیان بە دیدەنی کەسوکاریشیانەوە لێ قەدەغە کردن. سەرەڕای نەمان و قەدەغەکردنی هەموو ئەمانەش، لەگەڵ پێدانی هەر ژەمێک خواردنی ڕۆژانە، کە بەیانیان و ئێواران خواردنیان دەدانێ و بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک، واتە هەر ڕۆژەی دوو جار بە بەردەوامی ئەشکەنجە دەدران. زیندانییەکان حەزیان دەکرد ڕۆژانە کەمترین ژەمی خواردنیان بدەنێ و لەبری دوو ژەم تەنیا ژەمێکیان بدەنێ، چونکە زۆر نامرۆڤانە و بێویژدانانە لەگەڵ پێدانی هەر ژەمە خواردنێک بەڕیز و یەک لەدوای یەک ئەشکەنجەیان دەدان. هەر لەگەڵ دەرگاکردنەوە بۆ پێدانی خواردن، بەلێدان بۆ ئاودەستیان دەبردن و دواتر لە ژووریان دەکردنەوە، واتە لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا دوو جار ڕێگەیان پێ دەدرا بۆ چوونە سەر ئاودەست. لە گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٤)دا، شۆڕش بازیانی باسی ئەوەی کرد کە خۆشۆرین بەتەواوی نەماو تا ڕۆژی سووککردنی سزاکەیان لە کۆتایی مانگی ئەیلول یان سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، هیچ کامێک لە زیندانییەکان خۆیان نەشۆریوە و دەرگای حەوشی زیندانیان بۆ نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی بێنە ناو حەوشەکە بە مەبەستی خۆدانە بەر خۆر یان وەرزش کردن.

لە ڕۆژانی دیدەنی و بەتایبەت کە دوادیدەنی و ڕۆژی بەر لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە، هەر یەکەی شێر و پڵینگ ئاسا دەهێنرانە ناو ڕێڕەوی دیدەنییەکەو بۆ ماوەی (٣-٤) کاتژمێر ئەم جارەیان بەدەستی کەلەپچەوە کاتیان لەگەڵ ئەندامانی خێزان، کەسوکار، هاوڕێ

و ناسیاوانی خۆیان بەسەر دەبرد و بە دەیان دروشم و هەڵبەستیان دەخوێندەوە، بە نهێنی دوانامەیان دەدایە کەسوکاریان بۆ ئەوەی بیگەیەننە سەرکردایەتی و بەرپرسانی ڕێکخستن.

لەم ماوەیەدا، ئەوان بە بەردەوامی قسەیان بۆ ئەو خەڵکە دەکرد و ورەیان بەرزدەکردنەوە، هۆنراوەی شۆڕشگێڕیان دەگوتەوە، یان باسی سیاسەتی شۆڤێنییانەو ڕەفتاری دڕندانەی بەعس، ڕێبازی شۆڕش و کوردایەتیی پێشمەرگەیان بۆ دەکردن.

لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٦/٢١)دا بە تەلەفۆن پێوەندیم کرد بە پارێزەر سلێمان کەریم سوسەیی (برای بەکر کەریم محەمەد سوسەیی، کە لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/١٤)دا لە سێدارە دراوە)، ناوبراو بۆی باسکردم کە ئەویش لە ڕێگای بەکری برای ئاگادار کرابووەوە کە هەرکاتێ ڕۆژی شکاندنی زیندانی موسڵ دیاریکرا، خۆیی و ئۆتۆمۆبێلەکەی لە کۆڵانەکانی پشت یان تەنیشت زیندان ڕابگرێت بۆ دەربازکردنی بەکر و چەند زیندانییەکی دیکە و بردنیان بۆ دەرەوەی موسڵ، ئەویش ئامادەیی خۆی بۆ ئەو ئەرکە نیشان دابوو. ئاگاداری سلێمان کەریم سوسەیی لە هەوڵی شکاندنی زیندانی موسڵ، بەتایبەت کە بەکر کەریم سوسەیی لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/١٤)دا لە سێدارە دراوە، دەیسەلمێنێ کە هەوڵەکە کۆن بووە، هەروەها سلێمان سوسەیی لەگەڵمدا هاوڕابوو بەوەی کە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بەلای کەمەوە سێ بۆ چوار مانگی پێچوو، کە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس-یش هاوڕامە و پێی وابوو هەوڵەکە سێ تا چوار مانگی پێچوو، گەر زۆرتری پێ نەچووبێت!

بۆ زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکان لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٥)دا کە دوا دیدەنی تەحسینی برام کردو بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٦) گوللە باران دەکرا، گوتی: (بەیانی کە دێن بمبەن بۆ گوللە باران کردن، بەرلەوەی کەلەپچە بخەنە دەستم، بە چەقۆ دەبێ یەک تا دوو لە

جەلـلادەکان بکـوژم). پێم گـوت: (نەکـەی، ئـەو کارە بکـەی، چونکـە ئەگـەر تـۆ ئـەو کارە بکـەی بەرپرسـانی زینـدان دەسـتبەجێ هـەر سـێ ژوورەکـە دەگەڕێـن و مشـار، گوریـس و چەقۆکانییـش دەدۆزنـەوە و نەخشـەی شـکاندنی زینـدان لـە هاوڕێکانـت تێـک دەدەی. ئەگـەر ژیانـی هاوڕێکانـت بـەلاوە گرنـگ نییـە کارەکـە بکـە). دوای ئـەوەی هەندێـک قسـەمان کـرد، ئەویـش لەپێنـاوی پاراسـتنی گیانـی هاوڕێکانـی و دەرفەتـی سـەرکەوتنی هەوڵـی شـکاندنی ژووری سـێدارەی موسـڵ، گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی بـەو چەقۆیـەی کـە لای خـۆی بـوو هەوڵـی کوشـتنی هیـچ یەکێـک لـە پاسـەوان و جەلـلادەکان نـەدات.

لـە دوا دیدەنـی تەحسـین لـە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٥)دا، پرسـیاری ئـەوەم لێیکـرد کـە کەسـی دیکەیـان لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک هێنـاوە، ئـەو باسـی هێنانـی ژمارەیەکـی زۆر کەسـی نوێـی بـۆ کـردم کـە زۆرتـر بـوو لـە ژمـارەی ئـەو (١٣) کەسـە، بۆیـە گواسـتنەوەی ئـەو (١٣) سـزادراوە نوێیـە زیاتـر دەبـێ لـە ڕۆژی (١٩٨١/٥/١٩)دا بـوو بێـت. هەروەهـا لـە دوو دوانامـەی تەحسـین کـە بـۆ مـن نووسـرابوون، نامـەی یەکـەم لـە شـەوی لەسـێدارەدانی جەمیـل و نامـەی دووەم لـە شـەوی (١٩٨١/٥/٢٥/٢٤)دا نووسـرابوو، چونکە ئەوەم لە بیرە لە نامـەی یەکـەم نووسـیبووی (جەمیل ١٢ خولـەک بـە پەتەکـە مایـەوە)، باسـی هاتنـی کۆمەڵێـک هاوڕێـی نوێـی کردبـوو بـۆ ژووری سـێدارەی موسـڵ و نـاوی تـەواوی ئـەو هاوڕێیانـەی نووسـیبوو، کـە لـەو ماوەیـەدا لـە سـێدارە درابـوون، ئـەو نامانـەو چەنـد نامەیەکـی دیکـەی جەمیـل ئەحمـەد مەحمـود، کـە ژمارەیـان نزیکـەی (٨-١٠) نامـە دەبـوو، لـە مانگـی (١٢)ی سـاڵی (١٩٨٣)دا، یـان لـە مانگـی یەکـی سـاڵی (١٩٨٤)دا لـە گونـدی بالیسـان دایـە دەسـت ئەرسـەلان بایز ئیسـماعیل بەرپرسـی ئەوکاتـی ڕاگەیانـدن و ئێسـتگەی دەنگـی گەلـی کوردسـتان، تـا لـە دەرفەتێکـدا لـە یەکـێ لـە گۆڤـارەکان، وەرزنامـەکان یـان لـە بەشـی دووەمـی

نامیلکـەی (چەنـد نامەیـەک لـە زیندانـی فاشیسـتەکانەوە) بڵاویـان کاتـەوە تـا نەفەوتێـن و پارێـزراو بـن، کەچـی لـەدوای ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)دا پرسـیاری نامەکانـم لـە ئەرسـەلان بایـز کـرد، وەڵامـی ئەوەبـوو نـە بـڵاوی کردۆتـەوە و نـە توانیوێتـی بیانپارێزێـت، بەڵکـو لەکاتـی هێرشـی ئەنفالـی یەکـەم بـۆ سـەر گوندەکانـی دۆڵـی جافایەتـی و (مەڵبەنـدی دوو و ڕاگەیاندن) لەگـەڵ جانتاکـەی خـۆی تیاچـوون و بـزر بـوون!

دوا دیدەنـی جەمیـل ئەحمـەد مەحمـود لـە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٠) و دوادیدەنـی تەحسـین لـە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٥)دا، ئـەم هەڵبەسـتانەی خوارەوە خوێنرانـەوە. جەمیـل، بـە ورەیەکـی پۆڵاییـنەوە هەڵبەسـتی زۆری خوێندەوەو قسـەی بەسـوودی بـۆ خزمـان و میوانـەکان کـرد، لـە یەکێـک لـە قسـەکانیدا گوتـی: (ماوەیەکـە بـە شـەو و ڕۆژ، بـەردەوام قسـە بـۆ زیندانییەکانـی هـەر دوو ژووری سـێدارە دەکـەم، باسـی بابەتـی ئایدیۆلـۆژی، فەرهەنگـی و سیاسـییان بـۆ دەکـەم، بۆیـە بەدڵنیایـی دەتوانـم بڵێـم هـەر یەکەیـان پڵینگێکن لـە بەرانبـەر بـە دوژمنـی ڕەگەزپەرسـت، بەدڵنیاییـش هـەر هەمووـمـان بێباکیـن لـە ئاسـت سـێدارە و مـردن).

پێشـتر تەحسـین داوای چەنـد پارچـە هەڵبەسـتێکی لێکـردم کـە بـۆی بنووسـمەوە، بـەو مەرجـەی نـوێ بـن و لـەو نامانـەی خۆیـی و جەمیـل کـە لای خـۆم پارێـزراون نەنووسـرابن، چونکـە ژمارەیـەک نامـەی ئەوانـم لابـوو، کـە ژمارەیـەک هەڵبەسـتی شۆڕشـگێڕییان تێدا نووسـرابوو. لـە یەکێ لـە دیدەنییەکانـدا چەنـد پارچـە هەڵبەسـتێکم بـە نووسـراوی بـۆی بـردە ژوورەوە. دیـارە دوو هەڵبەسـتی یەکەمـی زۆر بـەدڵ بـوو، بۆیـە بەتایبـەت هـی یەکەمـی لـەو ڕۆژەیـەدا دەیـان جـار دووبـارە کـردەوە و هـی دووەمیش چەنـد جارێـک. دواتریـش بەدەسـتی شـەتەک دراو بـە کەلەپچـەوە، هێمنـی تەمـەن نزیـک دوو سـاڵ و نیـوی کـوڕی بەرزکـردەوەو گوتـی: (جەلـلادەکان، بەعسـییە فاشـییەکان، سـەدامییە داگیرکـەرەکان، دڵنیابـن بـە لـە سـێدارەدانی

ئێمە ناتوانن کۆتایی بە خەبات و شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێنن، چونکە هەموو منداڵێکی ئاوا ساوای کورد پێشمەرگەیەکە بۆ بەرگری کردن لە کوردو کوردستان لەدژی چەوسانەوە و ستەمی ئێوە).

باروت و قورقوشم و پۆلا
گوللەی زۆرداری ناقۆلا
زنجیری سەد بەندیخانە
ڕەشاشی دەستی بێگانە
یەک زەڕە کارمان تێ ناکا
تەرکی ڕێگامان پێ ناکا
گەر مردین لەم ڕێگاو بانە
نابین بە پیاوی بێگانە
ناوی ترساندن نازانین
چونکە خاوەنی بیروباوەڕو ئیمانین (فایەق بێکەس).

بەگیانی فەهد (ئارام) و خوێنی شەهیدان
ناوەستین لەڕێی سەربەستی ژیان (کوردستان)
بەتێکۆشان و شۆڕشی خوێنین
بەرنادەین ڕێگای مارکس و لینین (ئەحمەد دڵزار).

ئەو هەڵبەستەی ئەحمەد دڵزار-م بەمشێوەیە لە گۆڤارێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەرگرتبوو، دواتر لەدوای بڵاوکردنەوەی (هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ)، ئینجا زانیم هی ناوبراوە و دوو وشە گۆڕدراوە کە ئارام و کوردستان لە شوێنی فەهد و ژیان دانراون.

جەللادەکان خوێنمژەکان
ئەی بەعسییە ڕووتاڵەکان
مەڵێن ئەمانە دیل و ئەسیرن
دەست بە کەلەپچە و کۆت و زنجیرن
شەرت بێ نەیەڵم چاوم ببەستنەوە
پەت بێنن بۆ مل .... مل بکەم پێوە

بێباک لەبەردەم سێدارەی دوژمن
پەتی قەنارە ئەخەمە گەردن
کرێکارێکی هەژاری کوردم
هیچ پەشیمان نیم لەوەی کە کردم (فاروق ئەحمەد عەبدوڵلا «هەڵگورد»).

مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم
کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم
بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم (ئەحمەد ڕەشوانی).

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی لە مردن سڵ نەکا
هەر بڕووخێ بەس نییە تاکو نەسەنرێ نادرێ (فایەق بێکەس).
دوای لەسێدارەدانی جەمیل-ی ئامۆزازام و گوللە باران کردنی تەحسین-ی برام، بەهۆی نزیکی مێژووی لەسێدارە دانیان و دیدەنی ئایینده کە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١) بوو، کە خزم، دۆست و هاوڕێیان ڕۆژانە

و بەش بەش بۆ پرسەی نهێنی لەسێدارە دراوەکان بە ڕۆژ بە شەو دەهاتن، هەروەها فشاری بەرپرسی فرقەی مەخموری حزبی بەعس موحسین موهەنا ناسراو بە ئەبو ئەکرەم یان ئەبو هەناء، کە بە هەر دوو ناو بانگیان دەکرد، دوای ئەوەی زانیبووی ئامۆزا و برام لە زیندانی موسڵ لەسێدارە دراون، داوای لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەم لە مەخمور (محەمەد شاکر مەحمود جومعە) کردبوو کە مادۆنی (٢) هەفتەییم کۆتایی پێ بهێنێ، ئەویش لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/٢٨)دا عومەری شۆفێری بەدوادا ناردم و ئاگاداری کردمەوە کە بۆ ڕۆژی شەممەی داهاتوو بگەڕێمەوە سەر کار کە ئەبو ئەکرەم فشاری خستۆتە سەری، بۆیە بۆ ڕۆژی شەممە بەناچاری گەڕامەوە سەر کارەکەم، کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانم لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١)دا سەردانی هاوڕێیانی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ بکەم، کە هەم وەکو نەریتێک یەکێک لە نزیکترین کەسی لە سێدارەدراو دیدەنی دواتر دەچووە زیندانی موسڵ نەوەک لە سێدارە دراوەکە نامەیەک، ڕاسپاردەیەک یان شتێکی لای هاوڕێکانی جێهێشتبێ، هەم نیازم وابوو بۆ هەوڵی شکاندنی زیندانەکە دەچوومە لای بارزانی عومەر عەلی و عومەر میرزا شاموراد، چونکە عومەر میرزا ڕۆژی دوای لەسێدارەدانی براکەم لەسێدارە درابوو، بەڵام ئەوکات نەمدەزانی عومەر میرزا لەسێدارە دراوە. ئەگەر ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە نەبوایە بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١)دا لەدوا دیدەنی پێش جێبەجێکردنی نەبەردییەکە لە زیندانی موسڵ ئامادە دەبووم و بەهۆی بەرزان عومەر عەلی کە هاوڕێیەتیمان باشبوو، زانیارییم لەسەر کات و مێژووی شکاندنەکە دەبوو. هەرچەندە ماوەیەک دواتر لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١٥)دا چووم بۆ موسڵ و لەکاتی دیدەنی لە زیندان نزیک بوومەوە کەس لەبەر دەرگا نەبوو، ماوەی نیو کاتژمێرێک لەم نزیکە هاتوچۆم کرد و وەستام، هیچ پرسیارم نەکرد، نەچوومە بەردەم

زیندانەکـە بـۆ ئـەوەی لـە پۆلیسـەکان بپرسـم، چونکـە پێشـتر بیسـتبووم دیدەنـی قەدەغەکـراوە. ئەوەبـوو تاکسـییەکم گـرت و بـەرەو گۆڕسـتانی لـە سـێدارە دراوەکان لـە (وادي العقـاب) کـە دەکەوتـە نزیـک بازگـەی موسـڵ – تەلەعفـەر ڕۆیشـتم و لەسـەر جادەکـە دابەزیـم، لـەو کاتـەدا ئەمبولانـس (ئیسـعاف)ێک لـە گۆڕسـتانەکە دەردەچـوو کـە دوو تـا سـێ سـەربازی چەکـداری کڵاوسـووری تیابـوو. چومـە سـەر ئـەو گۆڕانـەی کـە باوکـم، مـام ئەحمـەدی باوکـی جەمیل، شـوێنەکەیان بۆ بـاس کردبووم، کێلەکانیـان ڕەنـگ کردبـوو. نزیکـەی (٣٠-٤٠) مەترێـک لـە باشـووری ڕۆژئـاوای گۆڕەکانـی ئـەوان، (٤) گـۆڕی نـوێ هەبـوو کـە بەگوێـرەی خۆڵـی سـەر گـۆڕەکان و دەرچوونـی ئەمبولانسـەکە لـە تـەک گۆڕەکانـەوە، بەدڵنیاییـ دەبـێ هـەر ئـەو ڕۆژە نێژرابـن. نزیکـەی (٢-٣) خولەکێـک دەبـوو لەسـەر گۆڕەکانی تەحسین و جەمیل بووم، بیرم لە ئەمبولانس و گۆڕە نوێیەکان دەکردەوە، لەپڕ بینیم ئەمبولانسـەکە لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری بازگەکە بـەرەو ڕووم هاتـن. کڵاوسـوورەکان دابەزیـن و هـۆکاری بوونـی منیـان لـەو گۆڕسـتانە پرسـی، لـە وەڵامـدا پێـم گوتـن کـە هاتـووم بـۆ سـەردانی گۆڕی کەسـوکارم. ئەوان پێیـان وابـوو خزموکەسـی ئەو چـوار لەسـێدارە دراوە نوێیـەی ئـەو ڕۆژەم، کـە تـازە لـە سـێدارە درابـوون و ئـەوان تـازە تەرمەکانیـان ناشـتبوون. پێناسـەکەیان وەرگرتـم و پێیـان ڕاگەیانـدم کـە گیـراوم، هۆکارەکـەم پرسـی؟ ئـەوان دەسـتیان کـرد بـە لێکۆڵینـەوە، نـاوی ئـەو لـە سـێدارە دراوەیان پرسـی کە بۆ سـەر گۆڕەکـەی هاتـووم. وەڵامـم دانـەوە و ئـەوان ناوەکانـی (تەحسین و جەمیل)یان بـرد و لەگەڵ لیسـتێکی نـاو ئەمبولانسـەکە بەراوردیـان کـردن، چونکـە سـەیری فایلێکیـان کـرد کـە لەنـاو ئەمبولانسـەکە دەریـان هێنـا و بەدەسـت یەکێکیانـەوە بـوو، کـە پێـم وایـە نـاوی ئـەو (٤) لەسـێدارە دراوە نوێیـەی ئـەو ڕۆژە لـە فایلەکـەدا بـوو کـە ئـەو ڕۆژە لـە سـێدارە درابـوون و تـازە نێژرابـوون. پرسـیاری ڕۆژی


مەردان یوسف شێخ ئەلیاس (١٩٥٠/ موسڵ/ شەنگال/ تەل قەسەب). دۆستی یەکێتی، هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووە بۆ شکاندنی زیندانەکە و هەوڵی ڕاکردنیان لە شەوی (١٩٨١/٦/٢)دا، دوای نزیکەی نۆ مانگ و بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (١٤٦)ی ڕێکەوتی (١٩٨٢/٣/١١)دا لە ڕۆژی (١٩٨٢/١١/١٣)دا لە هەمان ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ کە زیندانییەکان هەوڵی شکاندن و ڕاکردنیان لەم زیندانە دابوو لە سێدارە درا، بێ ئەوەی لێبووردنی

گشتی ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٦)، ئەو، هاوڕێیانی کۆمیتەی ئاگری کەرکوک و کۆمیتەی ڕاپەڕینی هەولێر بگرێتەوە. پێشم وایە کە مەردان تاکە کورد و دوا کورد بێ کە لە ساڵی (١٩٨٢)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درابێ، چونکە لەدوای لە سێدارەدانی ئەو کەسێکی دیکە لەو زیندانە لە سێدارە نەدراوەو هەموو لە سێدارە دانێکی زیندانییانی سیاسیی کورد گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، پێشتریش ئەو زیندانییانەی کاتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری سێدارە بووینە تا کۆتایی مانگی دوازدەی ساڵی (١٩٨١)، هەر لە موسڵ لە سێدارە دراون.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس (١٩٤٧/ تەلقەسەب/ شەنگال)، لێبووردنە گشتییەکەی ڕۆژی (١٩٨٢/٧/١٦) نەیگرتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی زیندانییە سیاسییەکانی کورد ئازاد کران، دواتریش فازڵ لەم بەشە گواسترایەوە بۆ بەشی سزا ماوە درێژەکانی زیندانی ئەبوغرێب، پاشان هەر لێبووردنێکی گشتی بۆ کورد دەردەچوو ئەوی نەدەگرتەوە، تەنانەت لێبووردنی ڕۆژی (١٩٨٦/٤/٢٨) کە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی سەدام دەرچوو، ئەوی نەگرتەوە، بۆیە ئەو داوایەک بە نامە بۆ سەدام دەنێرێ، ئەویش وەڵامی نامەکەی دایەوەو بە بڕیارێک لە ڕۆژی (١٩٨٦/٥/٢١) دا ئازادی کرد. واتە شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس، لەنێوان (١٩٨١/٦/٥-١٩٨٦/٥/٢١)دا کە دەکاتە نزیکەی (٥) ساڵ بەهۆی هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە زیندانی بەعس ماوەتەوە. بەڵام لەدوای ڕووخانی ڕژێم تا ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی فازڵ یوسف ئەلیاس لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٦)دا، هیچ کام لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق پشتڕاستی داواکاری فازڵ-یان نەکردەوە بۆ ئەوەی مووچەی زیندانی سیاسیی بۆ ببڕنەوە.

المادة ـ ٢٧١ ـ كل موظف او مكلف بخدمة عامة كلف بالقبض على شخص او بحراسة مقبوض عليه او محجوز أو موقوف أو محبوس او بمرافقة اي منهم او نقله تمكنه من الهرب أو تغافل عنه او تراخى في الاجراءات اللازمة للقبض عليه قاصدا معاونته على الهرب يعاقب بالسجن اذا كان الهارب محكوما عليه بالاعدام ويعاقب بالسجن مدة لاتزيد على عشر سنين اذا كان الهارب محكوما عليه بالسجن المؤبد او الموقت أو كان متهما بجناية عقوبتها الاعدام ٠

وتكون العقوبة الحبس في الاحوال الاخرى ٠



0164011

١

تسلسل سجل الأساس

رقم صفحات دفتر الخدمة العسكرية ١١

اسم التجنيد

الاسم الثلاثي

اسم الأم الكامل

تاريخ الولادة ١٩٥٠

اسم المحلة

رقم الدار

رقم الصحيفة والسجل المدني

المهنة


المستوى الثقافي

فصيلة الدم

وزارة الدفاع

مديرية التجنيد العامة

مديرية تجنيد منطقة




0164011

٢

الأوصاف

الطول ١٦٥

الوزن ٦٥




[illegible]

اصلاح الكبار لمحكام الطويلة

(قسم [illegible])

العدد: [illegible]

التاريخ: ١٧ / ٥ / ١٩٨٦

الى / [illegible]

الموضوع / تأييـــد

نؤيد لكم بأن النزيل (فاضل يوسف الياسي) محكوم لمدة (٢٠) سنة وفق المادة (٤٤٣ ق.ع) في الدعوى المرقمة (١٨٨ / ج / ٨١) بتاريخ ٢٠ / ٣ / ١٩٨٢ من قبل (محكمة جنايات [illegible]) ولازال يقضي مدة محكوميته في قسمنا بناءً على طلبه زود بهذا التأييد للتفضل.

[illegible]

جمعه علي خلف

مدير قسم الاحكام الخاصة

نسخة منه الى /

التسجيـــل

ز / ٢/٦

جمهورية العراق
وزارة الصحة
دائرة التخطيط والتعليم
قسم الاحصاء الصحي والحياتي

№ 1652920

**صورة قيد وفاة ط ٤**

رقم الشهادة الاصلية ١٧/٧٩٢٢
تاريخ تنظيمها / ١٩٨٢/١١/١٢

الى / محكمة الاحوال الشخصية / الشمال
كتابكم المرقم ٥٢ / ح ٢٠٠٦ في ٢٦ / ٢ / ٢٠٠٦
نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها ادناه قد سجلت لدينا في سجل الوفيات
تحت تسلسل ٢٤٦٠٠ لسنة ١٩٨٢

اسم المتوفي مرادات الجنس ذكر جنسية عراقي العمر ٢٢ الديانة ايزيدي
اسم الاب يوسف الياس
اسم الام كاترينا ساحد
تاريخ الوفاة رقماً ١٢ / ١١ / ١٩٨٢
تاريخ الوفاة كتابة الثاني عشر من شهر تشرين الثاني لعام الف وتسعمائة واثنان وثمانون
محل وقوع الوفاة سنجار / شيخان
سبب الوفاة اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم الجمهوري
اسم المخبر عن الوفاة المرقم ١٤٦ في ١١ / ٢ / ١٩٨٢
جهة الاصدار سنجار شيخان

اسم المنظم
التوقيع
التاريخ ١١ / ١٠ / ٢٠٠٦

اسم الدكتور د. زياد شريف كمال
التوقيع

ختم المؤسسة

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة المالية

الدائرة: القانونية
القسم: المصادرة
العدد: ٨٠١/م/عامة ٢٠١٠
التاريخ الهجري
التاريخ الميلادي

**إلى / دائرة عقارات الدولة**

**م / مقتبس حكم**

كتابكم المرقم ١٩٨٣ في ٢٠١٠/١/٢٧
سبق وأعلمتنا رئاسة المحكمة الخاصة في التأميم (المنحلة) بكتابها المرقم ٢٧٥ في ١٩٨٢/٢/٢٨ بصدور قرارها على (فاضل يوسف الياس) بالسجن المؤبد وفق المادة (٢٧١) من ق.ع ومصادرة أمواله المنقولة وغير المنقولة استناداً لقرار مجلس قيادة الثورة (المنحل) المرقم ٤١١ في ١٩٦٩/٩/٧ بالقضية المرقمة ١٨٨/ج/١٩٨١ وتم تعميمه بالاضبارة المرقمة (٢٣٥٥).

**مع التقدير**

**جبار وحيد حسن**
**مدير عام الدائرة القانونية**
**٢٠١٠/١/**

**نسخة منه إلى/**
**وزارة العمل والشؤون الاجتماعية لجنة المفصولين السياسيين كتابكم ٦٣٢٩ في ٢٣ ٦ ٢٠٠٩**
**للعلم ... مع التقدير**

احمد ١/٢٧



کۆسرەت رەحمان فەرحان - ئەنوەر قادر عەلی - فازڵ یوسف ئەلیاس (هەولێر
٢٠١٤/٢/١٨



شەهید دەستەچەپ: شەهید شێروان ڕەشید ئیسماعیل (شێرۆ جومناستیک)



شەهید فازڵ محەمەد غەریب سەعید (کاکەسوور)



شەهید ئەسکەندەر حەیدەر رۆستەم
(گیڤارای گەرمیان)




شەهید ئەمین حوسێن حەسەن شین غولام



شەهید سەباح مەجید سەعید ئەمین (ئومێد)



شەهید عەدنان سابیر



شەهید موحسین ئەحمەد عەبدولڕەحمان



شەهید بابان ئەحمەد عەبدولڕەحمان



شەهید جەبار ئەحمەد موراد

## ئەو زیندانییانەی دوای شکستی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لەسێدارە دران:

یەکەم: لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/١٣)، ئەندامێکی یەکێتی لەسێدارە درا:

شاکر تەها یاسین حەمەد یونس گەردی (١٩٦٣/ هەولێر/ تەیراوە)، ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە مانگی یازدەی ساڵی (١٩٨٠) لەکاتی هەوڵی کوشتنی پارێزگاری هەولێر یەحیا جاف (یەحیا محەمەد ڕەشید جاف) لەناو تەلاری پارێزگای هەولێر دەستگیر کرا، لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/١)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە و هەمان ڕۆژ گواستراوەتەوە بۆ زیندانی موسڵ.

دووەم: لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/١٤)دا چوار پێشمەرگە و ئەندامی یەکێتی لەسێدارە دران:

١. حەسەن ئیسماعیل حەمەد عەبدوڵڵا (١٩٥٣/ هەولێر/ کۆیە/ گۆمەشین)، کە پێشتر لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٠)دا لە گەڕەکی باداوەی هەولێر گیرابوو.

٢. عەلی محەمەد حەسەن عەزیز (١٩٥٨/١/١/ کەرکوک/ کفری)، ئەندامی یەکێتی.

٣. کامەران جەلال عەزیز حوسێن (کەرکوک/ ئیمام قاسم – پێشمەرگەی کەرتی قەرەداغی هەرێمی ٥ی یەکێتی)، لە ڕۆژی (١٩٨١/٣/١٠)دا گیرا، دواتر لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/٢٣)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە.

٤. حامید عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ناسراو بە حامید هەڵەدنی (١٩٥٧/ سلێمانی/ سورداش/ هەڵەدن). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (١٩٨١)

لـە زیندانـی موسـڵ لـە سـێدارە دراوە.
سـێیەم: لـە ڕۆژی (١٩٨١/٧/١)دا دوو پێشـمـەرگەی یەکێتـی لەسـێدارە دران:
١. شـێروان ڕەشـید ئیسـماعیل ئیبراهیـم گـەردی ناسـراو بـە شـێرو جومناسـتیک (١٩٦٠/١/١/ هەولێـر). پێشـمـەرگەی یەکێتـی، گەنجێکـی گەڕەکـی سـەیداوەی شـاری هەولێـر بـوو، چەنـد مانگێـک بـوو چووبـووە ڕیزەکانـی هێـزی پێشـمـەرگە و بـۆ ئەنجامدانـی چالاکییـەک لـە کۆتایـی ساڵی (١٩٨٠)دا هاتبووە نـاو شـارو گیرابـوو، دواتـر لـە ڕۆژی (١٩٨١/٣/٧) لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو.
٢. فـازڵ محەمـەد غەریـب سـەعید ناسـراو بـە کاکەسـوور (١٩٥٤/ سلێمانی)، پێشـمـەرگەی یەکێتی و جێگری فەرماندەی هەرێمـی (٩)، کـە لـە ڕۆژی (١٩٨٠/٩/٧)دا بەهـۆی سـیخوڕی بەعـس (ع، م، خ) لەلایـەن ئەمنـی سـلێمانی گیرابـوو.
چـوارەم: لـە ڕۆژی (١٩٨١/٧/١٠)دا دوو ئەندامـی یەکێتـی لـە سـێدارە دراون.
١. هیوا شـەمسـەدین وەلـی مەولـود ناسـراو بـە هەڵـۆ (١٩٦٤/ سلێمانی)، ئەندامـی یەکێتی.
٢. یوسـف مەجیـد حوسـێن کەرکوکـی، کـە لـە ڕۆژی (١٩٨١/٣/١٧)دا بڕیـاری لـە سـێدارە دانـی لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک دراوە.
پێنجەم: لە ڕۆژی (١٩٨١/٧/١٢)دا ئەندامێکی یەکێتی لەسێدارە درا:
محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس سەیدسادقی ناسراو بە ئامانج شاتری، ئەندامـی (کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان/ یەکێتـی)، کـە لـە ڕێکەوتـی (١٩٨٠/١٠/١)دا دەسـتگیر کرابـوو، هەروەهـا لـە ڕۆژی (١٩٨١/٥/١٨)دا لـە هەیئـە خاسـەی کەرکـوک بڕیـاری لـە سـێدارە دانـی دەدرێ.
شەشەم: لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٨/١٦)دا دوو زیندانی لەسێدارە دران:

١. بەرزان عومەر عەلی محەمەد ناسراو بە کاوە (١٩٥٨/ سلێمانی)، پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی قەرەداخی یەکێتی، کە پێشتر لە ڕۆژی (١٩٨٠/٧/٧) لەکاتی گەڕەوانەوەی لە سلێمانی بۆ ناو هێزی پێشمەرگە لە ئەزمڕ بەدیل گیرابوو. دوو ساڵ پێشتریش ئەڵوەند عومەر عەلی برا بچووکی کە پێشمەرگەی دیل بوو، لە شەوی (١٩٧٩/٧/٢٣)دا لە هەمان زیندان لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

٢. ئەحمەد عەنچە، عەرەبێکی موسڵ بوو لەسەر کوشتن و ڕێگری گیرابوو، کە بۆ پارە چەندان کەسی کوشتبوو، یان خنکاندبوونی.

حەوتەم: لە شەوی (١٩٨١/٩/٢٠)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی لە سێدارە دران:

١. ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد جاف ناسراو بە گیڤارای گەرمیان (١٩٦٠/ کەرکوک/ کفری). لە ڕێکەوتی (١٩٨١/١/١٢)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشەکانی تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (٥٠)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە گوندی (کۆشک/ قادرکەرەم/ کەرکوک)دا لەگەڵ سەید برایم بەدیل گیرابوون، لە ڕۆژی (١٩٨١/٣/٢٨) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەردەچێ، دواتر بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (١٩٨)ی ڕێکەوتی (١٩٨١/٤/٢٦)، پێکەوە لە مێژووی سەرەوەدا لە سێدارە دران.

٢. ئیبراهیم ئەحمەد جەبار ناسراو بە سەید برایم گەرمکی (١٩٥٧/ کەرکوک/ کفری/ نەوجول)، پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی یەکێتی)، بە برینداری لەگەڵ گیڤارای گەرمیان لەلایەن جاشەکانی تەحسین شاوەیس بەدیل گیرابوو.

هەشتەم: لە ڕۆژی (١٩٨١/١٢/٢)دا (١٠) ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی) لە سێدارە دران، کە پێشتر لە ڕۆژی (١٩٨١/٥/١٨)

دا لـه هەیئـە بڕیـاری لـە سـێدارە دانیـان درابـوو، دواتریـش بەگوێـرەی فەرمانـی کۆمـاری ژمـارە (٣٠١)ی ڕێکەوتـی (١٩٨١/٦/١١)، لـە مێـژووی سـەرەوە لـە سـێدارە دراون:

١. ئەمیـن حوسـێن حەسـەن شـین غـولام (١٩٥٣/ خانەقیـن/ مەیـدان/ کانـی کرمانـج). ئەندامـی یەکێتـی، لـە ڕێکەوتـی (١٩٨١/٢/٣)دا لـە تەینـاڵ گیـراوە.

٢. ئیحسـان محەمـەد سـاڵح ئەحمـەد بـەگ ناسـراو بـە فائیـق (١٩٥٠/ خانەقین/ مەیدان/ شـاوازی). ئەندامـی یەکێتی، لە ڕێکەوتـی (١٩٨١/٢/٣)دا لـە تەینـاڵ گیـراوە.

٣. بابـان ئەحمـەد محەمـەد عەبدولڕەحمـان (١٩٦٥/٧/١/ خانەقیـن/ مەیدان/ هۆرین). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (١٩٨١/٢/٢) لە تەیناڵ گیراوە.

٤. جەبـار ئەحمـەد مـوراد ڕەزا ناسـراو بـە جەبـار ئەحمـەد زەریفـە (١٩٥٦/ خانەقیـن/ مەیـدان/ کانـی کرمانـج)، لـە ڕێکەوتـی (١٩٨١/٢/٢)دا گیـراوە. برایەکی جەبـار بـە نـاوی عەلـی، کـە پێشـمەرگەی یەکێتـی بـووە، دواتـر لـە سـاڵی (١٩٩٦) لـە شـەڕی ناوخـۆ کـوژراوە.

٥. سـەباح مەجیـد سـەعید ئەمیـن ناسـراو بـە ئومێـد دەربەندیخانـی (١٩٦٦/ خانەقیـن/ مەیـدان/ باخـە هەنـارە)، لـە ڕێکەوتـی (١٩٨١/٢/٣)دا لـە عەربـەت گیـراوە.

٦. عەبدولسـەمیع ئەحمـەد مسـتەفا (١٩٦٣/ کەرکـوک/ چەمچەمـاڵ)، لـە ڕۆژی (١٩٨١/٢/٣)دا لـە چەمچەمـاڵ گیـراوە.

٧. عەدنـان سـابیر خـدر ناسـراو بـە خەبـات (١٩٦٣/ کەرکـوک/ چەمچەمـاڵ)، لـە ڕێکەوتـی (١٩٨١/٢/٣)دا لـە چەمچەمـاڵ گیـراوە.

٨. محەمـەد عەلی محەمـەد مسـتەفا ناسـراو بە مامـە (١٩٦٥/ خانەقین/ مەیدان)، لـە ڕێکەوتی (١٩٨١/٢/٢)دا لە بازیـان گیراوە.

٩. مەحمـود ڕەشـید مەجید محەمـەد (١٩٦٣/ خانەقیـن/ مەیـدان/ باخـە


هەنارە)، لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٢/٢)دا لە بازیان گیراوە.

١٠. موحسین ئەحمەد عەبدولڕەحمان (١٩٥٦/ خانەقین/ مەیدان/ باخە هەنارە)، لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٢/٢)دا لە تەیناڵ گیراوە.

هێزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرپەرشتی (ش. م.)، لە تۆڵەی دەستگیرکردنی ئەو پۆلە ڕێکخستنەی بازیان و دەربەندیخان، کەسێکی کوشت بەناوی (ف، ع) سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی بوو لە بازیان. کوژرانی (ف)، بووە هۆکاری ئەوەی کە دەزگاکانی بەعس هەوڵی زووتر لەناوبردنی ئەو هاوڕێیانەی بازیان بدەن.

نۆیەم: لە ڕۆژی (١٩٨١/١٢/٤)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە سێدارە درا:

محەمەد ڕەفیق محەمەد نوری ئیسماعیل (١٩٥٤/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی لە هەرێمی (٥)ی قەرەداغ، لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٢/٤)دا لەناو سلێمانی بەدیل گیرابوو.


الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء
صورة قيد وفاة
اسم المتوفى
اسم الأب
اسم الأم
الجنس
الديانة
الجنسية
العمر
تاريخ الوفاة
سبب الوفاة
اسم الدكتور

الجمهورية العراقية

**وزارة الصحة**

مديرية الإحصاء الحياتي والصحي

رقم ٣١ مجموعة المجلد ط/١٩

٢١٣٧

# شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ١/٧/١٩٨١

**المتوفي**

١ – اسم المتوفي ولقبه فاضل [illegible]

٢ – عمره ٢٧ سنة

٣ – جنسه

٤ – جنسيته عراقي

٥ – دينه او معتقده مسلم

٦ – حرفته (مهنته) [illegible]

٧ – الحالة الزوجية للمتوفي : اعزب ...... متزوج X ...... ارمل ...... مطلق ......

٨ – اسم والد المتوفي [illegible]

٩ – اسم والدة المتوفي [illegible]

١٠ – تاريخ الوفاة

| الساعة | اليوم | الشهر | السنة |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٢ | ١ | ٧ | ١٩٨١ |

١١ – محل الوفاة

| المحلة او القرية | الناحية | القضاء | المحافظة |
| --- | --- | --- | --- |
| [illegible] | | | |

١٢ – اسم المبلغ عن الوفاة [illegible]

١٣ – صلته بالمتوفي [illegible]

١٤ – عنوان المبلغ [illegible]

١٥ – شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفاة

١ – الاسباب المباشرة للوفاة

أ – ...... نتيجة (او نتيجة لما يليها) [illegible]

ب – ...... (او نتيجة لما يليها) [illegible]

ج – [illegible]

الحالة المرضية – ان وجدت التي ادت للسبب المذكور سابقا مع ذكر السبب

٢ – احوال مرضية اخرى هامة (ان وجدت) ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة .

المدة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

شعبة الوفيات

العدد / ٤٠٢٨

التاريخ ١٩٨١/٧/١٢

اسم الطبيب [illegible]

توقيع الطبيب

وختم المؤسسة الصحية

التاريخ / / ١٩

١٦ – اشهد بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه

عنوان اشتغال الطبيب [illegible]

١٦ – ١ – حدثت الوفاة :

في البيت ☐ في المستشفى ☐ مع ذكر الاسم ( ...... ) في محل آخر ☐

١٧ – شهادة طبية عدلية (تملأ من قبل الطبيب العدلي)

...... المرقم ...... والمؤرخة في / / ...... والمرسلة من قبل ...... الطبيب ...... تمت بتشريح جثة المتوفي ...... ووجدت سبب الوفاة ...... حسب الاستمارة ......

بتاريخ / / في الساعة


توقيع الطبيب : وختم المؤسسة الصحية

١٨ – معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية العامة (تملأ من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر نفوس المتوفي او من هوية الاحوال المدنية )

صحيفة الاسرة العراقية في السجل العام : رقم السجل ...... رقم الصحيفة ...... المحافظة

رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي ...... (وترفق بالشهادة)

نسخة دائرة الاحوال المدنية



الجمهورية العراقية

وزارة الصحة

مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم ٣٧ رقم الجلد ط/١ ٢١٢٢

# شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ١٩٨٧/٩/٢٠

المتوفى

١ ـ اسم المتوفى ولقبه: اسكندر

٢ ـ عمره: ٢١ سنة

٣ ـ جنسه: ذكر

٤ ـ جنسيته: عراقي

٥ ـ دينه أو معتقده: مسلم

٦ ـ حرفته (مهنته): طالب اعدادية زراعة

٧ ـ الحالة الزوجية للمتوفى: اعزب X متزوج ...... ارمل ...... مطلق ......

٨ ـ اسم والد المتوفى

٩ ـ اسم والدة المتوفى

١٠ ـ تاريخ الوفاة: الساعة اليوم الشهر السنة — ١٩٨١-٩-٢٠

١١ ـ محل الوفاة: المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة

١٢ ـ اسم المبلغ عن الوفاة

١٣ ـ صلته بالمتوفي

١٤ ـ عنوانه الكامل

١٥ ـ شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفاة

١ ـ المرض او الحالة التي ادت مباشرة للوفاة اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة. الحالة المرضية ـ ان وجدت التي ادت للسبب المذكور سابقا مع ذكر السبب الاصلي في النهاية

أ ـ تسبب عن (أو نتيجة لما يليها)

ب ـ تسبب عن (أو نتيجة لما يليها)

جـ ـ

٢ ـ احوال مرضية اخرى هامة (ان وجدت) ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة.

المدة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

١٦ ـ أشهد بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المبينة اعلاه

عنوان اشتغال الطبيب ..........

اسم الطبيب:

توقيع الطبيب: ..........

وختم المؤسسة الصحية

١٦ ـ أ ـ حدثت الوفاة:

في البيت ☐ في المستشفى ☐ مع ذكر اسم المستشفى. في محل آخر ☐ ( )

١٧ ـ شهادة طبية عدلية (تملأ من قبل الطبيب العدلي)

اني الموقع ادناه الدكتور .......... الطبيب في .......... والمرسلة من قبل .......... قمت بتشريح الجثة .......... والمؤرخة في / / وذلك

بتاريخ / / وفي الساعة .......... وجدت سبب الوفاة ..........

توقيع الطبيب: ..........

وختم المؤسسة الصحية


١٨ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية العامة (تملأ من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر نفوس المتوفى او من هوية الاحوال المدنية).

صحيفة الاسرة العراقية في السجل المدني: رقم السجل .......... رقم الصحيفة .......... المحافظة

رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفى .......... (وترفق بالشهادة)

(٣)

نسخة دائرة الاحوال المدنية



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد / ٢١٢٧
التاريخ / ١٩٨١/٧/١


الى / من يهمه الأمر

نؤيد لكم بأن الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ٤٠

اسم المتوفي غازي — الجنس ذكر — الجنسية
اسم الاب محمد عويد شنو سعيد — الديانة مسلم — الجنسية
اسم الام فاطمة مسلم — الديانة — الجنسية
تاريخ الوفاة ١٩٨١/٧/١
محل الوفاة سجن نينوى
سبب الوفاة اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم الجمهوري المرقم ٢٠٥
اسم المخبر عن الوفاة طبابة سجن نينوى

اسم الدكتور
التوقيع
ختم المؤسسة

عبد الله احمد الرهو



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد /
التاريخ /


الى / من يهمه الأمر

نؤيد لكم بأن الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ٤٠٢٩

اسم المتوفي أمين — الجنس ذكر — الجنسية عراقي
اسم الاب حسين شين غلام — الديانة مسلم — الجنسية عراقي — العمر ٢٨
اسم الام ياسة رشيد — الديانة مسلمة — الجنسية عراقية
تاريخ الوفاة ٧ /١٢/ ١٩٨١
محل الوفاة سجن نينوى
سبب الوفاة اعدام شنقاً حتى الموت حسب المرسوم الجمهوري المرقم ٢٠١ في ١١/٦/١٩٨١
اسم المخبر عن الوفاة طبابة سجن نينوى

اسم الدكتور
التوقيع
ختم المؤسسة

عبد الله احمد الرهو ١٩٨١/١٢/٧



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد / ٢١٠٧ س ٢٥
التاريخ / ٥ - ١٢ - ٩٨١


الى / من يهمه الامر

نؤيد لكم بأن الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ٢٠٠٧ السنة ٩٨١

اسم المتوفى بابان — الجنس ذكر — الجنسية عراقي
اسم الاب احمد محمد عبد الرحمن — الديانة مسلم — الجنسية ١
اسم الام امنية رسول عبد الله — الديانة مسلمة — الجنسية ١ — العمر ٢١ سنة
تاريخ الوفاة ٤ - ١٢ - ٩٨١
محل الوفاة معسكر سجن نينوى
سبب الوفاة اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم الجمهوري المرقم ٢٠١ في ١١ [illegible]
اسم المخبر عن الوفاة مدير سجن نينوى

طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد
التاريخ ختم المؤسسة ١٩٨

اسم الدكتور [illegible]
التوقيع
٥ - ١٢ - ٩٨١



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد / ٢١٠٧ س ٢٦
التاريخ / ٥ - [illegible] - ٩٨١

الى / من يهمه الامر

نؤيد لكم بأن الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ٢٠١٢ سنة ٩٨١

اسم المتوفى مهاجر — الجنس ذكر — الجنسية عراقي
اسم الاب مجيد سعيد — الديانة مسلم — الجنسية ١
اسم الام أنيسة محمود محمد — الديانة مسلمة — الجنسية ١ — العمر ٤٦
تاريخ الوفاة [illegible] - ٩٨١
محل الوفاة معسكر سجن نينوى
سبب الوفاة اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم الجمهوري المرقم ٢٠١ في ١١ [illegible]
اسم المخبر عن الوفاة [illegible]

طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد /
التاريخ ختم المؤسسة

اسم الدكتور [illegible]
التوقيع
٦ - ١٢ - ٩٨١

نموذج رقم (٦)

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
**وزارة العدل**
محكمة الاحوال الشخصية في السماوة

العدد / ٩١٥ / وفاة ١٩٩٠
التاريخ ٩/٦/١٩٩٠

اصلاح النظام القانوني دعم لمسيرة الثورة
والتحقيق مجتمع الوحدة والحرية والاشتراكية

## حجة وفاة

انا قاضي محكمة الاحوال الشخصية في السماوة السيد صباح عبد الله ............

اثبت ما يأتي :

للطلب الواقع والبينة المستمعة المؤيدة لوفاة المرحوم صبار احمد مراد ............

بتاريخ ١٢/٢/١٩٨١ وعدم تسجيله لدى المراجع المختصة ، عليه قررت تسجيل الوفاة واصدار

هذه الحجة بذلك وفق المادة (١٠٦) ............ من قانون تسجيل الولادات والوفيات رقم ١١٨ لسنة ١٩٧١

وسجلت بتاريخ ٩/٦/١٩٩٠ ............

الموظف المختص

القاضي
صباح عبد الله

| اسم المتوفى | اسم الاب والجد | اسم الام والجد | الجنس / الدين | تاريخ الوفاة ومحلها |
|---|---|---|---|---|
| صبار | احمد مراد | شوكت مراد | ذكر مسلم | ١٢/٢/١٩٨١ يارتيان |

٢٠٠ م
١٦٠

مطبعة وزارة العدل – بغداد ١٩٨٦/٥/

الجمهورية العراقية

**وزارة الصحة**

مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

٣١٣٧ — رقم ٣٦

**شهادة وفاة**

تاريخ التسجيل ١٩٨٧/١٢/

| | | |
|---|---|---|
| المتوفي | ١ ـ اسم المتوفي واسم ابيه ... | ٢ ـ العمر ... ٣ ـ جنسه ذكر |
| | ٤ ـ جنسيته عراقي ... ٥ ـ ديانته او معتقده مسلم | ٦ ـ حرفته (مهنته) طالب |
| | ٧ ـ الحالة الزوجية للمتوفي : اعزب X ... متزوج ... ارمل ... مطلق ... | |

٨ ـ اسم والد المتوفي ... ٩ ـ اسم والدة المتوفي ...

١٠ ـ تاريخ الوفاة ... ١١ ـ محل الوفاة

الساعة ... اليوم ... الشهر ... السنة ... المحلة او القرية ... الناحية ... القضاء ... المحافظة

١٢ ـ اسم المبلغ عن الوفاة ... ١٣ ـ صلته بالمتوفي ...

١٤ ـ عنوانه الكامل ...

١٥ ـ شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفاة

المدة التقريبية بين ظهور الامراض والوفاة

١ ـ المرض او الحالة التي ادت مباشرة للوفاة
اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة
الحالة المرضية ـ ان وجدت التي ادت للسبب المذكور سابقا مع ذكر السبب الاصلي في النهاية .

ا ـ بسبب من ( او نتيجة لما يليهما )

ب ـ بسبب من ( او نتيجة لما يليهما )

٢ ـ احوال مرضية اخرى هامة ( ان وجدت ) ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة .

١٦ ـ اشهد بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المبينة اعلاه
عنوان اشتغال الطبيب ...

اسم الطبيب ...
توقيع الطبيب ...
وختم المؤسسة الصحية
١٩ / /

١٦ ـ ا ـ حدثت الوفاة :
في البيت ( ) في المستشفى ( ) مع ذكر اسم المستشفى ... في محل الحادث ( )


١٧ ـ شهادة طبية عدلية ( ... من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور ... الطبيب في ...
والمرسلة من قبل ... حسب الاستشارة المرقمة ...
بتاريخ / / وفي الساعة ... ووجدت سبب الوفاة ...
توقيع الطبيب ...
وختم المؤسسة الصحية

دائرة صحة ... الموصل
شعبة الوفيات
... والاحوال ...
التاريخ ١٩٨٧/١٢/

١٨ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية ... من دفتر نفوس المتوفي او من هوية الاحوال المدنية ) :
صحيفة الاسرة ... المحلة ... المحافظة
رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي ... ( وترفق بالشهادة )

نسخة دائرة الاحوال المدنية ( ٤ )



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد /
التاريخ /

الى /


نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة ارسالها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل

اسم المتوفي
اسم الاب
اسم الام
تاريخ الوفاة
محل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة

الجنس ذكر
الديانة
الديانة
الجنسية
الجنسية
الجنسية
العمر

اسم الدكتور
التوقيع

ختم المؤسسة
التاريخ



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد /
التاريخ / ١٩٨١/١٢/٢

الى / صحة نينوى الاعمر

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة ارسالها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل لسنة ١٩٨١

اسم المتوفي محسن
اسم الاب احمد عبد الرحمن
اسم الام التون محمد
تاريخ الوفاة ١٩٨١/١٢/٢
محل الوفاة سجن نينوى
سبب الوفاة / اعدم استحقاقه للموت حسب المرسوم الجمهوري المرقم (٢٠١١) ١٩٨١
اسم المخبر عن الوفاة طبابة سجن نينوى

الجنس ذكر
الديانة مسلم
الديانة مسلم
الجنسية عراقي
الجنسية عراقي
الجنسية
العمر

اسم الدكتور
التوقيع

طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد /
وختم المؤسسة
التاريخ

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
**وزارة العـدل**
محكمة الاحوال الشخصية في السليمانية

نموذج رقم (٦)
٩٩٤
العدد / ١٨٠٥ / وفاة
التاريخ ٢٠ / ٢ / ١٩٩٤

اصلاح النظام القانوني دعم لمسيرة الثورة
ولتطبيق مجتمع الوحدة والحرية والاشتراكية

## حجـــة وفـــاة

الى قاضي محكمة الاحوال الشخصية في السليمانية السيد لطيف سعيد معروف

اثبت ما يأتي :-

للطلب الواقـــع والبينـــة المستمعة المؤيـــدة لوفـــاة المرحـــوم [illegible]

بتاريـــخ ٤ / ١٢ / ١٩٩١ ويصم تسجيله لـــدى المراجع المختصة ، عليه قررت تسجيل الوفاة واصـــدار

هذه الحجة بذلك وفق المادة ........................... من قانون تسجيل الولادات والوفيات رقم ١١٨ لسنة ١٩٧١

وسجلت بتاريخ ٢٠ / ٢ / ١٩٩٤ ...........

القاضي — الموظف المختص

لطيف سعيد معروف

| اسم المتوفى ولقبه | جنسه | اسم الاب والجد | اسم الام والجد | الجنسية الدين | عنوان المتوفى | تاريخ الوفاة ومحلها | رقم الصحيفة والسجل والحافظة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | ذكر | [illegible] | [illegible] | مسلم | سليمانية [illegible] | ٤ / ١٢ / ١٩٩١ | سجل ٢٤ ص ١٧٢٢ سنة [illegible] |

١

(بسم الله الرحمن الرحيم)

بۆ فەدی خێزانی بەوەفای خۆم سەعدیە.

یەکەم جار زۆر سڵاوت لێ ئەکەم و ئەحواڵت ئەپرسم وە
داوا ئەکەم لە یەزدان هەمیشە لە ئەوپەڕی خۆشیدا بیت
وە ئومێدەوارم لە دوای من لە ژیانی تەنگ و چەڵەمەی دوور بیت
هەتا هەتایە لە ژینتا جاوێ هیچ ناڕەحەتیەک نەبینێت.
بەوەفا ئومێدەوارم لە دوای من بە هیچ شێوەیەک لە ئازادی
خەبات و ژیانت دوانەکەوێت.
ئەم ڕێگایە کە من گرتبوومە بەر و لە پێناویدا خۆم بەخت کرد،
ئەم ڕێگایە هەر ڕێگای من نیە هەر پێویستی بە من نیە
بەڵکو ئەوە بزانە پێویستی بە تۆ هەیە چونکە تۆ دایکی
تۆ خاوەنی ئەوەی دوا ڕۆژی.
تۆ ئەوەیت گەورەترین دەسەڵات چۆکت بۆ دانەنەوێنێت.
تۆ خاوەنی ئاڵام و ئازەیتی.
من بە خەباتی خۆمەوە هەڵسام و خەباتی حەقیقیە ناو
بەندیخانەی تەنگ و تاریک.
یا ساڵی گیان تۆ ئەمری خنکانم بە سەردا سەپاردم.
بەڵام تۆش هەروەکو من وا ئەبیت.
تۆ ئەو ئەوانە بەخێو ئەکەیت چونکە ئەوە خەباتە بۆ تۆ
ئەوە سەربەرزیە بۆ من.
ئەبێت تۆ ئەو جووتە ساوا فێر بکەیت چۆن پێوشتە بەن

٢

لەگەڵ دوو تفی بابەکی تۆدا؟

گیان بە زمانی منا ئەجای بۆ وەڵام دانەوەمت

بەڵام ئارام گیان

تۆ بە منداڵی کوژرایت لەدەستی ناو پیاسیفی تەوە بەگەورەیی ئێستا

ئەو کۆیەی تۆیان لە دەستم سەند، بێشەو تابەیانی بەگەوتووە

خەو نەدەچووە چاوم.

ئارام گیانە

تۆ تاوانت ئەوەبوو ئەگریایت. خۆ من تاوانم نەبوو

من نەدەگریام، کەسیشم نەیدەگریان

بەڵام ئایا ئەزانیان ئەوەت بزانیت لە تاوانی من چی بگوترێت

من هیچ تاوانێکم نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کورد بووم

دوای دەرکردنم لە ماڵ و ئاوارە بوونم چەند ساڵێک

دوژمنا بەزۆر تاوانی بەسەرمدا سەپاند خەر بەو تاوانە وە من

درامە بەر سێدارە بە ناهەقی، بەڵام نامەوێت تۆ بێ ئاگا بیت لەم

تاوانە کە لە بەینی کراوە.

وامن ئەکەوم وەسیەت کردن بۆ تۆی خۆشەویست ئەوەش ئەوەیە:

یەکەم ڕێزی دایکت و نازەنینی خوشکت و مامەکانت و

خاوماڵەکانت. وە ئەبێت هەرگیز لانەدەی لە ڕێگای

تاعەت کردنی خودای مەزنت، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ئەبێت

نوێژ بکەیت، ڕۆژوو بگریت. ئەوە ڕەوشتی ئیسلامە

پەیڕەوی بکەیت. ئەوجا بۆ نیشتمانەکەت هەموو شت بدەیت

هەرگیز لانەدەی لە ڕێگەی ڕاستەوە لە تەمەن هەتا پەشیمان نەبیتەوە

چۆن بێ بەخاوەن بووبیاوەڕی؟ چۆن ڕێگە بۆ داهاتووی
خۆیان دابنێن. چۆن بێ بەنەوەی دوا ڕۆژی
من ناماوێت شێوەمان و لە خۆدان وچاک بمێنم بۆ بلاوێت
بەمن ئەو دلەکاویەم هەمیە بۆتۆ لەپێشەوە بۆم کردی
گەردم ئازادبکەی لای هەموو خزمو بێگانە
ئادەی کوڕ خودای مەزن ئیمان خۆش بێت

ئێستی سوید
دلسۆزت / ئەمین حسین
٢٢/٥/١٩٨١
لە ئێلادەی مەعدلە

* * *

بسم الله الرحمن الرحیم ......

بۆ خوشکی زۆر خۆشەویستم خوشکی عەزیزم بەیان گیان . بە کەم جار زۆر سەلامەت لێت دەکەم

وە ئەحواڵ سەلامەتیت لە خودای گەورە داواکارم . ئومێدەوارم کە هەمیشە ساخ و سەلامەت

بیت و هیچ جۆرە ناڕەحەتییەک ...... ئەگەر تۆش ئەحواڵی براکەت ئاوارەی دوورە

وڵات دەپرسیت بابان هەر تەنیا پرسیار دەکەیت شوکر بۆ خودای گەورە و سیحەتیان باشە

زۆر باشە وە هیچ ناڕەحەتییەکم نییە تەنها ئەوە نەبێت خەفەتی ئێوەم هەیە کە

ئێوەم خەفەت بار کردووە بەڵام خوشکە گیان لەگەڵ ئەوەشا کە من فەرمانی لە سێدارەم

دراوە نابێت ئێوە خەفەت بخۆن . چونکە ...... خەفەت ئێوەش لە زیان پێتر دەکا

بێ سەنگیشە بە دوانا کە نەبووبێت بە ... هەم شتێکی ناعیلاجە بە هەر زیندووە مردوو

دەبێ ... نابێت بۆ ئەوە هیچ وەتەن شیوەن و گریان

بەڵێ بەیان گیان شیوەنیان بۆ ئەو هیچی وەتەن نەگرتووە چونکە نەمردووە تاکو

ئێوە شیوەنی بۆ بکەن ئەوە هیچ هەمیشە زیندووە وە هەر زیندوو دەبێ وە هەر نەمرێ و نەمردووە

بەیان گیان ئەگەر ئێوە منتان خۆش دەوێ دەبێ بەو وەسیەتانەی من بکەن

-- شیوەن کردن و زاری لە ماڵدا نابێ بکەن

-- خۆ لە خۆشی دوور کردنەوە نابێ بکەن

-- جلی ڕەش لەبەر کردن نابێ بکەن


خوشکە گیان هەروەها خۆت و بنەماڵە دڵنیا بکە وە سەرەتایەکی ... کاتم بکە

لەگەڵ هاوڕێتیا بفەوا ...... وە خوشکە گیان من کە ئێستا لە زۆرەوە ... سێدارە

نیوەی بە زیانێکی سەربەرزانە لە ژیانم زۆر زۆر خۆشە جاران کە مو...

بە زیندانێ ... خۆم بە سەربەرزانە دانیشتم چونکە ئەم ... ناوی کوردستانم بە

ئازادی بڵێم بەڵام ئێستا ژیانم سەربەرز و ئازادە دەبێ



... بەرسێدارەی دوژمن باحەلال کا گەردنم ...
نامەوێ لەم ژینە تاڵە یا کوردستان یا مردنم

دە ... ها ڕۆژی هەزاران کەس لەم دونیایە دەمرن وە دەچنە گۆڕستان جانیش
وەکو یەکێ لەو هەزار کەسە با بچمە گۆڕستان لە جێی ئازادی ڕزگاری خاکی پیرۆزمدا!

یادگاری یادی [illegible] دوور و [illegible]
یادی [illegible] ...

یادی من بێ بەش لە خۆشی و شادی
یادی [illegible] و [illegible] ئازادی


پێشتر لە دوا ئاخری ووتە [illegible] ئەمە وێ [illegible] بۆ دەرخەم کە من [illegible] کرد

کە من [illegible] هیچ [illegible] پەشیمان نیم و [illegible]
[illegible] سێدارە دانیم [illegible]
[illegible]
کە [illegible] کوردم ... هیچ پەشیمان نیم لەوەی کە کردم
[illegible] ... هەرچیم کوردم بە ملیۆنەها کار

[illegible]

[illegible] ... [illegible]

خوێناوی [illegible] بە [illegible] ڕەنگین [illegible]
هەرکەسێ [illegible] بەش [illegible] شین [illegible]



**گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندێکی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ:**

١. ناوی تەواوت؟
فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس عەبدی.
٢. ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟
ساڵی (١٩٤٧) لە گوندی تەلقەسەب-ی سەر بە شارۆچکەی شەنگال-ی سەر بە پارێزگای موسڵ لەدایک بووم.
٣. پیشەت چی بوو، لە کوێ کارت دەکرد؟
پاسەوانی زیندان بووم، بە پیشەی پاسەوانی چاکسازی (حارس الإصلاحیة)، لە زیندانی موسڵ بەشی سێدارە. لە ساڵی (١٩٦٧) لەوێ دامەزرام.
٤. لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨١)دا کێت دێتەوە یاد، یاخود پێشتر ناوی کێت دێتەوە بیر؟
ئەوەی بێتەوە بیرم کەسێک بەناوی جەمال خۆشناو کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨)دا لە ژووری سێدارەی موسڵ بوو، دواتر سزاکەی بۆ گۆڕدراو ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کراو تا لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٧٩)، کە سەدام حوسێن دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو بە لێبووردنی گشتیی ئازاد کرا. هەروەها بەرزان عومەر عەلی، کە لە سەرەتای ساڵی (١٩٨١) سەبارەت بە شکاندنی زیندانی موسڵ قسەی لەگەڵ کردم و پێکهاتین لەسەر ئەوەی کە خۆم و مەردانی برام هاوکارییان بکەین لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە و ڕزگار کردنیان.
٥. ئایە هیچ هەوڵێکی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لەم ساڵەدا (١٩٨١) هەبووە، ئەگەر هەبووە چۆن بوو؟

بەڵێ هەوڵێک هەبوو، هەوڵەکە درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە سەرەتای ساڵی (١٩٨١)دا بەتەواوی بیرم نایەت، بەس نزیکەی چوار مانگێک بەر لە شکاندنی زیندانەکە، مانگی یەک یان دوو بوو کە قسەمان کرد، هەوڵی شکاندنەکەش لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە بوو، کەسێک بەناوی بەرزان عومەر عەلی قسەی لەگەڵ کردم بۆ ئەوەی هاوکاریان بم بۆ هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ. پێم وایە بەرزان سەرپەرشتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەی دەکرد، بەڵام ئەو بەتەنیا نەبوو، ئەوان لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتبوون و بیرم نایە کێی دیکەی لەگەڵ بوو. من ئەوکات سۆرانی باش تێنەدەگەیشتم، باش بوو بەرزان بە عەرەبی و کەمێک بادینی قسەی بۆ کردم. منیش دواتر قسەم لەگەڵ مەردانی برام کرد و ئەویش قایل بوو. دواتر قسەم لەگەڵ بەرزان کردەوەو ئامادەیی خۆم و مەردانی برامم دەربڕی بۆ ئەم کارە.

هەروەکو گوتم تەنیا بەرزان قسەی لەگەڵ من کرد، دیاربوو ئەوان پێشتر پلانی خۆیان دانابوو بۆ شکاندنی زیندانەکە و نەخشەی ڕاکردن و خۆ دەربازکردنیان لە سێدارە داڕشتبوو. ئێمە وا پێکهاتین و ئەوانمان سوێند دا کە ئەگەر هاتوو هەوڵەکە بەر لە ئەنجامدانی شکستی هێنا، کەسیان ناوی من و مەردان نەهێنن کە هاوکاریان بووینە. خۆ ئەگەر دوای دەربازبوونیان و گیرانەوەیان بێ کە ئێمەش دەبوو لەگەڵیان بچین، هەموویان هەوڵی ڕزگارکردنی هەردووکمان بدەن و بڵێن بەزۆر و لەژێر هەڕەشەی چەقۆ ئەوانمان گرتووەو لەگەڵ خۆمانمان بردوون بۆ ئەوەی هەوڵەکەمان سەرکەوێ. ئەوانیش شەوێک یەکە یەکە سوێندیان خوارد، کە لەکاتی شکستی هەوڵەکە قسە لەسەر خۆم و مەردانی برام نەکەن. ئێمەش گفتمان پێدان کە گوریس، کێرد (چەقۆ) و مشاری ئاسن بڕیان بۆ ببەینە ژوورەوە، کەلوپەل و پێویستیەکان هەمووی مەردان بۆی کڕین و هەر خۆیشی بۆی بردنە ژوورەوە، بەڵام دەزانم دوازدە

مشاری ئاسن بڕ واتە دەستەیەک مشاری بۆ کڕین، نزیکەی دە دوازدە چەقۆی باش و نزیکەی بیست بۆ بیست و پێنج مەتر گوریسی بۆ کڕین و هەمووی وەکو پشتێنی کوردی لەناوقەدی خۆی لەژێر جلە سەربازییەکەی پێچا و بەجارێک بۆی بردنە ژووری.

٦. تۆ و مەردانی برات بڕیارتان دابوو لەگەڵ زیندانییەکان بڕۆن و ببن بە پێشمەرگە، یان دەتانویست بەرەو سوریا بڕۆن و لە ئێراق دەرچن؟

ئێمە هەردووکمان بڕیارمان دابوو لەگەڵ زیندانییەکان بچینە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ببین بە پێشمەرگە، بەڵام مەردان کەمێک حەزی لەوەبوو بچێتە سوریا و دواتریش بۆ دەرەوەی وڵات. مەردانی برام دەیویست سەرەتا ببێ بە پێشمەرگە، ئەگەر ئاسوودەبێ لە پێشمەرگایەتی بمێنێتەوە، ئەگەریش بەدڵی نەبێ، ئەوکاتە بڕواتە دەرەوە، بەهەرحاڵ ئەو دەیویست سەرەتا چەکی پێشمەرگایەتی بکاتە شان.

٧. هەر وەکو کاتی خۆی بۆم باسکراوە تەنیا لەکاتی ئێشکگرتنی تۆ و مەردانی برات زیندانییەکان خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان دەبوون و دواتر بە سابونی ڕەقی شوێنەکانیان دادەپۆشی؟

بەڵێ وایە، بەس لەکاتی ئێشکگری من و مەردانی برام خەریکی بڕینەوەی شیشە ئەستورەکانی دەرگاکانیان دەبوون و دواتریش هەروەکو باستکرد سابونی ڕەقیان لێ دەدا تا شوێنی بڕینەوەکان دیارنەبێ و هیچ کام لە پاسەوانەکانی دیکەی زیندان هەستی پێ نەکەن و نەیبینن نەوەک کارەکەیان شکست بێنێ. هەروەها نەدەتوانرا لەکاتەکانی دیکەدا ئەم کارە بکەن، چونکە دەبووە هۆی ئاشکرا بوونیان.

٨. هەروەها بیستبووم ئەو ڕۆژانەی کە چەند کەسێک خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان دەبوون، زیندانییەکانی دیکە هەموویان

خەریکی گۆرانی گوتن و هەڵپەڕکێ دەبوون بۆ ئەوەی دەنگی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان کەسی دیکە لە ئێشکگران و کارمەندانی ناو زیندان هۆشیار نەکاتەوە، ئەوە ڕاستی تیایە؟

بەڵێ زۆر ڕاستە، زۆربەیان خەریکی هەڵپەرکێ و گۆرانی دەبوون لەکاتێکا کە یەک دوو یان سێ کەس لە نزیک دەرگاکە دەبوون و خەریکی بڕینەوەی شیشەکان دەبوون. ئێمەش خەریکی چاودێری کردنی سەربان و ڕێڕەوەکان دەبووین نەوەک ئەفسەری ئێشکگر یان پاسەوانی تاوەرەکان لەناکاو دەرکەون و کارەکەمان ئاشکرا بێت.

٩. هەر چەند شەوێک جارێک تۆ یان مەردانی برات، نۆرەی پاسەوانی کردنی ژووری سێدارەتان بەردەکەوت؟

لە هەفتەی سێ جار بەرمان دەکەوت و هەر جارەی دوو بە دوو کاتژمێر بوو. هەردەمیش ئێشکگری من و مەردانی برام بەیەکەوە بوو.

١٠. ئایە خۆت و مەردانی برات دەتانزانی ئەگەر ئاشکرا بن، مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانتان؟

بەڵێ زۆر باش دەمانزانی، بەڵام ئێمە بۆ کوردایەتی کردمان و کوردایەتیش قوربانیدان و خوێنی دەوێ، ئێمە هەر لە سەرەتا ئەوانمان سوێند دابوو کە لەکاتی ئاشکرابوون ناوی ئێمە نەهێنن و ئێمەش باوەڕمان بە سوێندەکانیان کرد، ئەوان گفتیان داینێ ئەگەر پلانەکە بەر لە ئەنجامدانی ئاشکرابێ ناوی ئێمە نەهێنن، گەر دوای شکاندن و ڕاکردنیش گیرانەوە بەهیچ شێوەیەک قسە لەسەر ئێمە نەکەن و بڵێن ئەوانمان بەزۆر لەگەڵ خۆمان بردووە، بەڵام ئەشکەنجەی دڕندانەی بەعس سوێندەکانی ئەوانی سڕییەوە.

١١. بۆچی کارەکان زۆر درێژەی کێشا؟ ئایە مشارەکانیان بەکارهێنا بۆ بڕینەوەی شیشی دەرگاکان؟

بەهۆی بڕینەوەی شیشەکانی هەردوو ژوورەکە کە شیشی

ئەستوور بوون و کارەکە ئاسان نەبوو و کاتی زۆری دەویست. دواتر مەرج نەبوو هەموو جارێک لەکاتی پاسەوانی ئێمەدا بتوانن شیشەکان ببڕنەوە، چونکە جاری وا هەبوو خەڵکیان لە سێدارە دەدا، کە نەدەکرا لەم شەوانەدا خەریکی بڕینەوەی شیشەکان بن.

١٢. ئایە هیچ پاسەوانێک لەم شەوەدا کوژرا؟

بەڵێ کوژران، کوشتنی عەتۆ شەنگالی و ڕەشۆ کە خەڵکی شێخان بوو، پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان ئێمە و بەرزانی عومەر عەلی و هاوڕێکانی بوو، چونکە مەرجی ئێمە ئەوە بوو کە کەس نەکوژن بەتایبەت کە زۆربەی پاسەوانەکان کوردی ئێزیدی و ناسیاومان بوون، بۆ ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ ئێمە دروست نەبێ، بەڵام ئەوان پەیوەست نەبوون بەم ڕێککەوتنە و ئەم دوو مرۆڤەیان بێتاوانەیان کوشت، کە خەڵکی زۆر هەژار و بێ زەڕ بوون.

١٣. خۆت و مەردان چۆن و لە کوێ گیران؟

پێکەوە بەرەو سنووری سوریا ڕۆیشتین دوو شەو لەو دەشتە ماینەوە و دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٨١/٦/٥)دا لە نزیک ڕەبیعە لەلایەن هێزێکی سوپای میللی (الجیش الشعبي)، کە بۆ ئەو مەبەستە و دەستگیرکردنی ئێمە بڵاوکرابوونەوە، گیراینەوە.

١٤. بۆ بەرەو سنووری سوریا ڕاتانکرد و بەرەو کوردستان نەڕۆیشتن تا خۆتان بگەیەننە ناو هێزی پێشمەرگە، یان خەڵکی باش هاوکاریتان بکات لە شاردنەوەو دەرباز کردنتان؟

لەبەرئەوەی تەواوی ناو شاری موسڵ و دەرەوەی ئەو شارە بەئاراستەی شارەکانی دیکەی کوردستان بە هێزەکانی سوپا، بەعس، سوپای میللی، ئەمن، ئیستخبارات و موخابەراتی ڕژێم گیرابوو، دەیان و سەدان بازگەیان لەناو شارو دەرەوەی شار دانابوو، کە پێمان وابوو بەرەو ئەو ناوچانە بڕۆین دەگیرێینەوە، بە بۆچوونی خۆمان ئەگەر

بەرەو سوریا بڕۆین کەمتر هێزی حکومەتی بەعس لەپێناو گرتنەوەمان بڵاوکراوەتەوە، هەر بۆیە ئەو ئاراستەیەمان هەڵبژارد.

١٥. دوای دەستگیر کردنەوەتان ئێوەیان بەرەو کوێ بردو ڕەفتاریان چۆن بوو بەرانبەرتان؟

سەرەتا ئێمەیان بۆ ئەمنی موسڵ برد و دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانمان. هەر یەکەیان بەجیا دانایـن، هەر بەجیا ئەشکەنجەیان دەدایـن. دیاربوو زیندانییەکانی ژووری سێدارە، سێ چوار کەس لەوانە قسەیان لەسەر من و مەردانی برام کردبوو، کە ئێمە هاوکاریان بووینە و مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسمان بۆ بردوونەتە ژوورەوە. من و مەردان لە ئەمنی موسڵ بۆ ماوەی دوو هەفتە ماینەوە. لەم ماوەیەدا ئەشکەنجەی دڕندانەیان داین و دواتر ئێمەیان برد بۆ پۆلیسی هەولێرو بۆ هەفتەیەک لەوێ ماینەوەو پێمان وابوو ئازاد دەکرێین، چونکە ئەشکەنجەیان نەداین و ڕەفتاریان لەگەڵمان زۆر باش بوو. دواتر لە ڕۆژی (١٩٨١/٦/٢٨)دا ئێمەیان برد بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک، کە لەوێ زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵ کردین و ئەشکەنجەی سەختیان داین.

١٦. جۆری ئەشکەنجەدانتان چی بوو؟

فەلاقە، پانکە، هەڵواسین، نینۆک دەرهێنان، نایلۆن تواندنەوە لەسەر پشت، سنگ و سک، سووتاندنی سمت و ڕان، کارەبا لێدان و چەند شێوازێکی دیکەی ئەشکەنجە.

١٧. ئایە لەکاتی ئەشکەنجەدان تووشی هیچ شکستێک بووی؟

ئێستاکەش شوێنەواری کەلەپچە، هەڵواسین و سووتانەکانی پشتم، سنگم و سکم هەر ماون.

١٨. کەی دادگایی کران و جۆری سزاکەتان چی بوو؟

لە ڕۆژی (١٩٨٢/٢/٢٠) لە هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراین، بەداخەوە مەردانی برام بەگوێرەی مادەی (١٥٨) سزای سێدارەی بۆ

دەرچـوو، ڕەوانـەی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ کـرا، خۆیشـم بەگوێرەی مـادەی (٢٧١) سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایە درام و ڕەوانـەی زیندانـی ئەبوغرێـب بەشـی سـزا تایبەتییـەکان (الأحـكام الخاصـة) کـرام.

١٩. مـەردان کـەی و لـە کویێ لـە سـێدارە درا؟ هەروەهـا تۆ چەنـد لـە زینـدان و لـە کویێ مایتـەوە؟

مەردانـی بـرام، لـە ڕۆژی (١٩٨٢/١١/١٣)دا لـە ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ لـە سـێدارە درا، هەرچەنـدە ئـەو پۆلیسـی پاسـەوان و لـە سـلکی سـەربازی بـوو، دەبوایـە گوللـە بـاران بکـرێ، چونکـە بەگوێـرەی یاسـا ئەوانـەی سـەرباز، پۆلیس، ئەمـن یـان بەرگری میللی بوونایە گوللـە بـاران دەکـران و تەنیـا ئەوانـەی سـیڤیل بوونایـە لـە سـێدارە دەدران.

خۆیشـم چەنـد ڕۆژێـک دوای دادگاییکردنەکە بـەرەو زیندانـی ئەبوغرێـب بەشـی سـزا تایبەتییـەکان بردرام و تـا ڕۆژی (١٩٨٦/٥/٢١) لـەوێ مامـەوە، کـە بەهـۆی لێبووردنـی تایبەتـی ڕۆژی (١٩٨٦/٤/٢٨)، بەبۆنـەی سـاڵیادی لەدایکبوونـی سـەدام حوسـێن، ئـازاد کـرام.

٢٠. ئایـە ئەوانـەی هەوڵـی شـکاندنی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ-یـان دا سـەر بـە چ نەتـەوە و لایەنێـک بـوون؟ ئایـە ئـەو لایەنـە چـی بۆ تۆ و مەردانـی بـرات کـرد، ئایـە مـەردان کـە بەهـۆی ئـەو چالاکییـە لـە سـێدارە درا، مووچـەی بۆ دەرچـووە لەلایـەن یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە؟

هەموویـان کـورد بـوون و زۆربەیـان ئەنـدام و پێشـمەرگەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوون.

نەخێر هیـچ شـتێکیان بۆ مەردانـی بـرام و خۆیشـم نەکـردووە. تەنانـەت مووچەشـیان بـۆ مـەردان یاخـود خـوم نەبڕیوەتـەوە، بەڵکـو حکومەتـی ئێـراق تەنیـا مووچەیەکـی بەنـاوی مـەردان بڕیوەتـەوە.

٢١. ئایـە هیـچ نامەیەکـت هەیـە کـە بتـەوێ بـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، یـان حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی بگەیەنیـت؟

بەڵێ نامەیەکی تایبەتم بۆ سکرتێری گشتیی، جێگرەکانی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیە، ئەگەر گوێ لە نامەکە و داواکەم بگرن، کە داوایەکی ڕەواو مافی خۆمە. لە تەمەنی (٣٤)ساڵیدا ئەو چالاکییەم لەگەڵ پێشمەرگە و ئەندامانی یەکێتی ئەنجام داوە، لە ساڵی (١٩٩١) کە ڕاپەڕین لە کوردستان بەرپا بوو تەمەنم (٤٤) ساڵ بوو، بەڵام شەنگال ئازاد نەکرابوو بۆیە نەمدەتوانی بێمە کوردستانی ئازاد و داوای مافی خۆم و مەردانی برام بکەم، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (٢٠٠٣)دا کە تەمەنم (٥٦) ساڵ بوو، ئێستاکە کە ساڵی (٢٠١٦)ە تەمەنم گەیشتۆتە (٦٩) ساڵ و بەدرێژایی ئەو (١٣) ساڵەی دوای ڕوخانی ڕژێم بە دەیان جار هاتوومەتە هەولێر، سلێمانی و کەرکوک، کەچی هیچتان بۆ نەکردم!

باشە منێک کە قوربانیم بە برام، خۆم و منداڵەکانم دا لەپێناوی کورد و کوردستان، ئایە بە ئەرکی سەرشانی خۆتانی نازانن وەکو زیندانییەکی سیاسیی کوردستان مووچەیەکم بۆ دابین بکەن، لەگەڵ مووچەی شەهیدانە و زیندانیی سیاسیی بەناوی مەردانی برام؟ ئایە ویژدانتان ئاسوودەیە بەم زوڵمەی تا ئێستا لە خۆم و برام کراوە و بێبەش کراوین لە تەواوی مافەکانمان؟ ئەی ئێوە نوێنەری ئەم میللەتە نین و بۆ مافی ئەم میللەتە ڕێگای شۆڕشتان نەگرتە بەر و حزب و حکوتتان دامەزراند؟ ئایە چی بەخۆتان دەڵێن کە بە شایەتی سەدان کەس و زیندانیی سیاسیی خۆم و مەردانی برام لەپێناوی کورد و ڕزگارکردنی ژیانی نزیکەی (٤٠) پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ئێوە، قوربانیمان بە ژیان و سامانی خۆمان دا، کەچی نەگەییشتووین بە مافەکانمان وەکو زیندانیی سیاسیی و شەهید.

ئێستاکە تەمەنم (٦٩) ساڵە و با چەند ساڵێکی دیکە بژیم، ئایە کە بە بریندارى و خەمەوە سەرم نایەوە، چی بەخۆتان دەڵێن و دەبێ

هەڵوێستی منداڵەکانم بەرانبەر بە ئێوە چی بێت کە مافی خۆمم پێ بەڕەوا نابینن؟ هیوادارم بە ویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەی خۆم و مەردانی برام بکەن، لەمە زیاتر برینەکانم قوڵتر نەکەن و ئازارم نەدەن!

دەرسیم

دانمارک

چوارشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٦/١١/١٦).

## گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ:

١. ناوی تەواوت، ناوی نهێنی و هۆکاری گیرانت؟

محەمەد حەسەن خورشید محیّدین، دوو ناوی نهێنیم هەبوو (قوتابی) و (عوسمان)، ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ئاگر بووم لەناو شاری کەرکوک.

٢. ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟

لە ساڵی (١٩٥٦)، لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوک لە دایک بوو.

٣. پیشە و شوێنی کار کردنت؟

مامۆستا بووم لە گوندی (دۆڵ مازەلە)ی سەر بە شارۆچکەی دوکان.

٤. کەی دەستگیرکرایت و بۆ بڕیاری لە سێدارە دانت درا، هەروەها کەی گواسترایتەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ؟

لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٠) لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی کەرکوک دەستگیرکرام، بۆ ماوەی نزیکەی (٣) هەفتە لەوێ بووم، دواتر گواسترامەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک، نزیکەی پێنج مانگ لە هەیئەی خاسەی کەرکووک مامەوە، پاشانیش هەر لەوێ لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٠/٢٥) لەگەڵ شێرکۆ حەمید پێکەوە بڕیاری لە سێدارە دانمان دەرچوو. دوای دوو شەو گواسترانەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ.

٥. دەتوانی کەمێک باسی شێوەی ژوورەکانی سێدارەی موسڵ بکەیت لەگەڵ ژوورەکانی لە سێدارە دان؟

ئەو ژوورانەی کە ئێمەی تێدا بووین، دوو ژوور بوون. ژووری یەکەم ژوورێکی گەورە بوو لەتەنیشت دەرگای هاتنە ژوورەوە،

ژوورێکی بچووکش لە بەرامبەر دەرگای هاتنە ژوورەوە هەبوو کە پڕ بوو لە فلینەی پڕ لە بەفر بۆ پاراستن و هەڵگرتنی ئەو خواردنانەی کە لە دیدارەکان کەسوکارمان بۆیان دەهێنایـن و خواردنیشمان لەم ژوورەدا دروست دەکردو کردبوومان بە چێشتخانە، هەروەها لەتەنیشتیدا ئاودەستێک هەبوو کە هەم وەکو تەوالێت و هەم وەکو گەرماو بەکارمان دەهێنا. هەر لە ڕیزی ئەوانیشەوە ژوورێکی دیکەی بچووکتر هەبوو کە ژووری خەوتن بوو، خۆم لەگەڵ بادینییەکانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی و چەند کەسێکی دیکە لەم ژوورە دەخەوتین. بۆ ژوورەکەی ئێمە بە دوو قادرمە دەچووینە ناوی و ژوورە گەورەکەی ئەوسەریش بەیەک قادرمە.

لە نزیک ئەم ژوورە بچووکەی ئێمەدا ژووری هەڵواسین و لە سێدارەدان هەبوو کە دەرگاکەی بەرانبەر دەرگای ژوورە گەورەکە بوو. حەوشێکی بچووکیش هەبوو بە درێژایی ئەم سێ ژوورەو بە پانی نزیکەی دوو مەترێک.

٦. ئایە ڕەفتاری کارمەند و پاسەوانەکانی ئەوێ چۆن بوو لەگەڵتان، هەروەها ئایە خواردنیان دەدانێ یان خۆتان دروستتان دەکرد؟

بەشێوەیەکی گشتیی ڕەفتاری پاسەوانەکان باش بوو لەگەڵمان، چونکە زۆربەیان کوردی ئێزیدی بوون، هەروەها ئێمەش هەموومان پارەمان دەدانێ و یارمەتیمان دەدان.

زۆربەی ژەمەکان خۆمان خواردنمان دروست دەکرد، چونکە لە دیدەنییەکان خواردنی زۆرمان بۆ دەهات. هەروەها جار جاریش بەتایبەت برنجەکەمان وەردەگرت، شلە و گۆشت خۆمان هەمانبوو، گەرممان دەکردەوە. یان ئەو خواردنە کولاوەی کەسوکارمان بۆیان دەهێنایـن، ڕۆژ بە ڕۆژ گەرممان دەکردنەوە بۆ خواردن.

٧. ئایە ئاوی گەرمتان هەبوو بۆ خۆشۆرین، هەروەها بۆ خۆپاراستن

لـه سـەرمای زسـتان و گەرمـای هاویـن هۆکارەکانـی گـەرم کردنـەوەو فێنک کردنەوەیـان بـۆ دانابـوون؟ ئەگـەر نەخـۆش بوونایـە، چارەسـەریان دەکـردن؟

ئـاوی گەرممـان نەبـوو لـە زیندانەکـە، بـەڵام بـۆ خۆشـۆرین خۆمـان ئاومـان بـە نـەوت و پریمـز گـەرم دەکـرد و ئـەو شەسـت کەسـە لەنـاو ئاودەستەکە خۆمـان دەشـۆری، هەروەهـا خواردنیشـمان بە پریمـز و تەبـاخ ئامـادە دەکـرد.

نەخێـر بـۆ خـۆ گـەرم کردنـەوەو خـۆ فێنـک کردنـەوە هیـچ سـۆپە یـان فێنککەرەوەیەکیـان بـۆ دانەنابوویـن، لەبەرئـەوە بـە زسـتان بـە بەتانـی خۆمـان گـەرم دەکردەوە، بـۆ هاوینانیش هیچمـان نەبـوو کـە خۆمانـی پـێ فێنـک بکەینـەوە لـەم گەرمـای هاوینـە.

زۆر بـە دەگمـەن کەسـێکی نەخۆشـیان دەبـرد بـۆ چارەسـەرکردن و دەرمـان و چارەسـەری پێویسـتی بدەنـێ، مەگـەر تەنیـا بیـان بردبـا بـۆ ئۆفیسـی زیندانەکـە، لـەوێ دکتۆرێـک دەهـات، سـەیری دەکـرد، چەنـد حەبێک یـان مەرهەمێکـی دەدایـەی و دەیانگێڕایـەوە بـۆ ژووری لـە سـێدارەدان. خۆم برینێـک لـە قاچـم هەبـوو بۆگەنیشـی کردبـوو، بردمیـان بـۆ لای دکتـۆر لـە ئۆفیسـەکە، مەرهەمێکـی دامـێ و ڕەوانـەی ژوورەوەی کردمـەوە.

٨. ئایـە ڕۆژانـە دەرگایـان لـێ دەکردنـەوە بـۆ ئـەوەی بێنـە نـاو حەوشـە بچووکەکـە و هـەوای پـاک هەڵمـژن، ئەگـەر بەڵـێ بـۆ ماوەی چەنـد دەرگاکان دەکرانەوە؟

بەڵـێ هەمـوو ڕۆژێـک لـە کاتژمێـری (٨)ی بەیانییـەوە تاوەکـو (٨)ی ئێـوارە دەرگای هـەردوو ژووریـان لـێ دەکردینـەوەو دەهاتینـە حەوشـەکە، لـەم ماوەیـەدا دەچووینـە ئاودەسـت، خۆمـان هـەر لـە ئاودەسـتەکە دەشـۆری بـەڵام خۆمـان ئاومـان گـەرم دەکـرد، چونکـە ئـاوی گـەرم نەبـوو، خواردنمـان ئامـادە دەکـرد و سـەردانی یەکترمـان دەکـرد لـە هـەردوو

ژوورەکـە. بـەڵام لـە ڕۆژانـی لـە سـێدارە دان ئەگـەر کەسـێک یـان چەنـد کەسـێکیان لـە سـێدارە بدابایـە، ئـەو ڕۆژە لـە کاتژمێـری (٩)ی بەیانییـەوە ناوەکانیـان دەخوێندرایـەوەو کەلەپچـە دەکرایە دەسـتیان، دەیانکردنە ژووره بچووکەکـەی ئێمـە، ئێمەیـان دەبـردە ژووره گەورەکـە و دەرگایـان لەسـەر دادەخسـتین. بـەڵام دوای ئـەوەی ئەوانیـان جیـا دەکـردەوەو مەرسـومی کۆمارییـان سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی بڕیـاری لـە سـێدارە دانەکەیـان بـۆ دەخوێندنـەوە، دەرگای ئێمەیـان دەکـردەوە و دووبـارە دەهاتینـەوە دەرەوە. ئێمـەش دەچوویـن لـە دەرگاوە قسـەمان لەگـەڵ دەکـردن و گفتوگۆمـان لەگـەڵ دەکـردن.

بـەڵام دوای ئـەوەی شـەوانە لـە کاتژمێـری (٨) ئێـوارە دەکراینـەوە ژوورەکانمـان، ئاودەسـت و خۆشـۆرین نەبـوو تـا کاتژمێـری (٨)ی بەیانـی ڕۆژی دواتـر، تەنانـەت ئەگـەر کەسـێک نەخۆشـیش بوایـە و بمردایـە دەرگاکانیـان نەدەکـردەوە.

بـا باسـی ئـەوەش بکـەم هەمـوو جارێـک لـە کاتـی جێبەجێکردنـی لـە سـێدارە دان واتـە کاتژمێـر (١٢)ی شـەو، بەڕێوەبـەری زیندانـی موسـڵ، پارێـزگار، بەڕێوەبـەری ئەمـن، بەڕێوەبـەری پۆلیـس و دکتۆرێـک ئامـادە دەبـوون، خـۆ ئەگـەر هـەر یەکێک لەمانـەی سـەرەوە خـۆی پێـی نەکرابایـە ئامادەبـێ، جێگرەکـەی یـان یارمەتیدەرەکـەی ئامـادە دەبـوو. دکتۆرەکـە لـەدوای لـە سـێدارە دانیـان، یەکـە یەکـە پشـکنینی بـۆ دەکـردن بـۆ ئـەوەی دڵنیابـێ لـە مردنیـان.

٩. ئایە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنتان هەبوو، هەروەها ڕۆژنامەتان بۆ دەهات؟

نەخێر، هیچ کام لـەم ئامێرانە و ڕۆژنامـە نەبوون و نەدەهاتـن، چونکە هەمـوو شـتێکمان لـێ قەدەغـە کرابـوو. تەنیـا چەنـد قورئانێـک لـە ژوورەوە هەبـوو، کـە بـۆ خوێندنـەوە هێنرابـوون.

١٠. ئەگـەر بیـرت بـێ دیدەنـی کەسـوکارتان چ ڕۆژێـک و بـۆ مـاوەی

چەند کاتژمێر بوو؟

لەوانەیە خۆت باشترت لەبیربێ کە کەی ڕۆژانی دیدەنی بوون چونکە، دەهاتی بۆ دیدەنیەکان. ئەوەندەی بیرم بێ لە ڕۆژانی (١+١٥)ی هەموو مانگێک، هەروەها لەگەڵ ڕۆژانی جەژن ئەگەر کەسێک لەکاتی جەژنەکاندا لە ژووری سێدارە بوایە.

لە کاتژمێری هەشت یان نۆی بەیانی دەستی پێ دەکرد تا کاتژمێری (١-٢)ی نیوەڕۆ بەردەوام دەبوو.

١١. کاتەکانی ژووری سێدارەتان چۆن بەڕێ دەکرد؟

هیچ بەرنامەیەکی دیاری داڕێژراومان نەبوو، مرۆڤ لە چاوەڕوانی مەرگدا بێ دەبێ چ بەرنامەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی هەبێ؟ وەکو دائیرەی ئەمن، مەنزومەی ئیستیخبارات یان هەیئە خاسەی کەرکوک نەبوو، کە هیوایەکت بە ژیان هەبێ و خەریکی خۆپەروەردەکردن، کۆڕو سیمینار بین! بەتایبەت هەر جارەی چەند هاوڕێیەکیان دەبردو لە نزیک ئێمەو بەرانبەرمان لە سێدارەیان دەدا، کە ئەوانیش و ئێمەش دەستمان دەکرد بە دروشم گوتنەوەو سرودی شۆڕشگێڕی. جار جار چەند هاوڕێیەک بۆ خۆمان دادەنیشتین، باسی بارودۆخی کوردستان، ئێراق و دواڕۆژی جەنگی ئێراق - ئێران مان دەکرد، لەگەڵ کاریگەری ئەم جەنگە، دواڕۆژی باشووری کوردستان و چارەنووسی خۆمان.

کاتی زۆریشمان بۆ نامەنووسین بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، سەرکردەکان، کادیرەکان، هاوڕێکانمان، خزم و کەسوکارمان بەکارە دەهێنا.

لەڕاستیدا سەدا نەوەدی ئەوانەی ژووری سێدارە خەریکی قورئان خوێندنەوە، نوێژ کردن و خواپەرستی بوون. خۆم چەند جارێک لە بێئیشی و بەمەبەستی زۆرتر تێگەییشتن و شرۆڤەکردن قورئانم خوێندنەوە.

١٢. ئەوانەی بیرت بێ و لە سێدارە دران لەو ماوەیەی کە تۆ لە ژووری سێدارەی موسڵ بوویت، ئەگەر ناوەکانم پێ بڵێیت؟

ئەوانەی بیرم بێن و بەداخەوە کە لە سێدارە دران (لەتیف سەنگەسەری، ئەکرەمی حەپسە، مام عوسمان و ئەکرەمی ئاسەنگەر کە لە حیزبی شیوعی بوون، عومەر میرزا، دکتۆر ڕێباز، حەمە کەریم قیادە واحیدە، بەهرام، مام سەعیدی شیوعی، بەکر سوسەیی، یونس خۆشناو، جەلال سورداشی، ڕەحیم عوەید حیزبی شیوعی، بەرزانی عومەر عەلی، بادینیەکانی ڕێکخراوی پێشکەڤتنی پارتی، قەڵادزەییەکان کە (ع، ب) بەدیلی گرتبوون و ژمارەیان دە کەس بوو، سیامەند، حەمە بایز، شێرکۆ حەمید کەرکوکی، بارام هەولێری، جەمیل ئەحمەد، تەحسین و چەندانی تر).

١٣. کێ بوون ئەوانەی کە زۆر لێتەوە نزیک بوون لە ژووری سێدارەی موسڵ و شەو و ڕۆژتان چۆن بەڕێ دەکرد؟

لەتیف سەنگەسەری، ئەکرەمی حەپسە، دکتۆر ڕێباز، ڕەحیم عوەید، جەمیل ئەحمەد مەحمود، عەلی ژاراوەیی و ساڵح بادینی.

١٤. ئایە کەسێک لە جەللادەکان هەبوو کە کورد بێ و پەتی سێدارە بخاتە ملی زیندانیی سیاسیی هاوخوێنی خۆی، ئەگەر هەبوو ناوەکەیی و خەڵکی کوێ بوو؟

من کەسم نەبینی لەوانە، بەڵام کوردێک هەبوو بەناوی (ع، ع) و خەڵکی سلێمانی بوو، دەیانگوت ئەو یەکێکە لەو جەللادانەی پەت دەکاتە ملی زیندانیەکان کاتێ بریاری جێبەجێکردنی حوکمەکانیان دەهاتەوە، تەنانەت لەدوای ئازادبوونم لە زیندان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی بەعسی سەدامی لەناو سلێمانی بینیم.

١٥. لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨١)دا

چەند مایتەوە؟

نزیکەی سێ مانگ و نیو مامەوە، چونکە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٨٠) گواسترامەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ و تا ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی دواتر لەوێ مامەوە. دواتر لە ژووری سێدارە گواسترامەوە بۆ مەحجەر و بۆ ماوەی نزیکەی زۆرتر لە مانگێکیش لەوێ مامەوە، ئینجا گواسترامەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان. کە لە ژووری سێدارە دابەزیم و گواسترامەوە بۆ مەحجەر، لەوێ کەسێکم لەگەڵ بوو کە ئەویش لە سێدارە دابەزیبوو بەناوی تەیب سیدەکانی، بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک بەیەکەوە لە مەحجەر بووین، دواتر تەیب سیدەکانی پاش گواستنەوەم بۆ زیندانی ئەبوغرێب بیستم کە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان لەوێ ئازادککراوە بەڵام من دڵنیانیم ئازاد کرابێت. هەر لە مەحجەری زیندانی موسڵ بووم، هێشتا نەگوازرابوومەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، ڕۆژێک نزیک بە کۆتایی مانگی ئادار بوو (ع، ع) جەللاد بەدوامدا هات و گوتی وەرە بۆ ژووری سێدارەو هاوڕێیەکت دەیەوێ بتبینێ، لەڕاستیدا ترسام کە پەشیمان بووبنەوەو دووبارە بمگەڕێننەوە بۆ ژووری سێدارە، (ع، ع) هەستی بە ترسەکەم کرد بۆیە گوتی: (کەسێک لەوێ هاوڕێتەو داوای کردووی کە بتبینێت بەر لەوەی بتگوازنەوە بۆ بەغدا)، بەڵام تا گەیشتمە ئەوێ هەر دەترسام و باوەڕم پێی نەکرد. کە گەیشتمە ژووری سێدارە، بینیم عومەر میرزا داوای بینینی کردبووم، کە پێشتر لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٠) تا ڕۆژی دادگاییکردنم لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ و سزادانم بە لە سێدارە دان، دواتریش ڕۆژی گواستنەوەم بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، لە هەیئە خاسەی کەرکوک لەگەڵ عومەر میرزا لە ژوورێک پێکەوە بووین. تا ئێوارە لای عومەر میرزا و هاوڕێیانی ژووری سێدارە مامەوە، دوای ئەوەی (ع، ع) گەڕاندمیەوە بۆ مەحجەر (٥) دینارم

وەکو بەخشیش پێیدا، چونکە ئەوان تەواوی پاسەوان و جەللادەکان بۆ هەموو شتێک بەخشیشیان دەویست.

١٦. ئایە ئەشکەنجەو ئازاری جەستەیی دەدران لە ژووری سێدارە، یان تەنیا ئەشکەنجەی دەروونیتان لەسەر بوو؟

نەخێر هیچ ئەشکەنجەیەکی جەستەییمان لەسەر نەبوو، بەلاّم هەر چرکەیەکی ژووری سێدارە خۆی لەخۆیدا بە دەیان و سەدان فەلەقە، هەڵواسین، کارەبا و نینۆک دەرکێشان بوو، بەلاّم دەبێ چی ئازار بەخشتر بێت لە چاوەڕوانی مردنی مسۆگەر.

١٧. ئایە خۆی لەخۆیدا ئەشکەنجەیەکی دەروونی نەبوو، کە ژووری خەوتنتان لە بەرانبەر ژوورەکانی هەڵواسین بوو؟

بەڵێ، بەدڵنیاییی، ئێمە بە بەردەوامی لەژێر ئەشکەنجەی دەروونیدا بووین. ئەی ئەگەر مرۆڤ بە بەردەوامی ژووری لە سێدارە دان و پەتی سێدارەی لەبەرچاوان و لە بەرانبەردا بێ، دەبێ چ ئازارێکی دەروونی هەبێ؟ هەموو چرکەیەک، هەموو خولەکێک، هەموو کاتژمێرێک، هەموو ڕۆژێک و هەموو شەوێک بۆ ئێمە سەدان لە سێدارە دان بوو، ئازارێک بوو بێکۆتایی، دونیایەک بوو لە هیچ نەدەچوو، بۆنی مەرگ لە دیوار، دەرگا، ژورەکان، کەسەکان، تەنانەت لە نان و ئاویش دەهات. ئازارێک بوو تەنیا ئەوانە تێیدەگەیشتن کە لەوێدا چاوەڕوانی لەسێدارەدان و گوللەباران کردنیان دەکرد، کە تۆ بە بەردەوامی ژووری سێدارە، پەتەکانی لە سێدارەدانت بەڕیز لێ دیاربێ، بشزانی کە هەرکاتێ ناوت بخوێننەوەو بانگت بکەن، ملی خۆتیش بە یەکێ لەم پەتانەوە دەکرێ، دەبێ چ ئازارێکی سەختی دەروونیت هەبێ!

١٨. ئایە کەسێک هەبوو لە ژووری سێدارەی موسڵ، کە زانیاری نوێی لەسەر هاتبێ و گەڕاندبێتیانەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و دووبارە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابێ و ئەشکەنجە درابێ؟

ئەوەندەی خۆم لەوێ بووم هیچ شتێکی وام نەبینی، ئەگەر شتێکی وا لەم زیندانە هەبووبێ و ڕوویدابێ نایزانم یان نەمبیستووە.

١٩. ئایە هیچ هەوڵێکی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە سالانی (١٩٨٠-١٩٨١)دا هەبوو، ئەگەر هەبووە چۆن بوو؟ چۆن ئاگادار کرایتەوەو کێ قسەی لەگەڵ تۆدا کرد؟

بەڵێ پلانێک هەبوو، من چەند ڕۆژێک بوو گەیشتبومە زیندانی سێداری موسڵ لەتیف خۆی پێناساندم و گوتی: (ئەبو شەهابی خاڵت دەناسم و ئەو لەدوادیدەنی لە ڕێی کەسوکارمەوە هەواڵی تۆی پرسیبوو)، لەهەمانکاتدا ئەکرەمی حەپسەی پێناساندم کە پورزای مستەفا چاورەشە. بەلی ڕۆژێک ئەکرەم پێی گوتم: (دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم دەربارەی بابەتێک)، ئیتر بۆی باسکردم کە پلانی شکاندنی زیندانیان هەیە. ئەو زیاتر مەبەستی بوو بۆچوون و پێشنیاری منیش وەرگرێ سەبارەت بە چۆنێتیی پلان دانان و ئەنجام دانی پرۆسەکە.

بەگوێرەی پلانەکە ئەکرەمی حەپسە داوای دەمانچەیەکی بێدەنگی لە مستەفا چاوڕەش کردبوو، دەبوایە دەمانچەکە لەناو مەنجەڵی دۆڵمە بشاردرێتەوە، بهێنرێتە ناو زیندان و ژووری سێدارەی موسڵ. دوای گەیشتنی دەمانچەکە دەبوایە بەر لە گۆڕینی پاسەوانەکان بە کاتژمێرێک پاسەوانی ناو حەوشی ژووری سێدارە، کە هەردەم لە نێوان شیشی دەرگاکانەوە قسەیان لەگەڵ دەکردین بکوژرێ، ئینجا بە دەمانچەکە قوفلەکانیش بشکێنرێ، دواتریش پاسەوانە کوژراوەکە بگوازرێتەوە بۆ ناو ژوری فلینەکان و جلەکانی لەبەربکرێتەوە، کەسێکی بەهێز و چاپوک لەناو خۆمان دیاری بکەین، جلوبەرگی پاسەوانەکە لەبەربکات، لەسەر کورسی پاسەوانەکە بەتانیەک لەخۆی لول بدات و دەمانچەکە بەدەستەوە بگرێ، هەرکاتێ پاسەوانی دووەم کە دێت بۆ ئەوەی ئێشگ لەوەی ژوورەوە وەربگرێ ئەویش بکوژرێ و کلیلی دەرگاکانی دەرەوە

لە دەستی دەربێنێ. دوای بەدەستهێنانی کلیلەکان هەموو زیندانییەکانی هەردوو ژوورەکە بێینە دەرەوەو لە یەک کاتدا هێرش بکرێتە سەر پاسەوانی هەرسێ تاوەرەکە (تاوەری گۆشەی مەحجەر، تاوەری سەر چێشتخانە و تاوەری سەر ژووری سێدارە)، کە هەموویان لەنێوان کاتژمێر (١-٣)ی بەیانی ئیتر دەخەوتن. هەرسێ پاسەوانەکە چەکیان لابوو، چەکەکان بکەوتنایە دەستمان ئیتر بەرەو دەرگاکان دەڕۆیشتین، دوای کردنەوەی دەرگاکان پەلاماری ژووری ئەفسەری ئێشکگرمان دەداو دواتریش دەرگای دەرەوە، لە دەرەوەش برادەرانی بادینی کە قسەیان لەگەڵ کرابوو گفتی دابین کردنی ئۆتۆمۆبێل، گواستنەوە و دەربازکردنی هەموو زیندانییەکانیان دابوو بۆ دەرەوەی شاری موسڵ و ناوچە ئازادکراوەکان. بۆ ئەم مەبەستەش نیاز وابوو لەگەڵ گەیشتی دەمانچە بێدەنگەکە لە هەمان دیدەنیدا برادەرانی بادینی کەسانی باوەرپێکراوی خۆیان ئاگادار بکەنەوە لە ئامادەکردنی ئۆتۆمبیل لە گەرەکەکانی پشتەوەی زیندان بۆ دەربازکردنمان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان.

ئەگەر دەمانچەکەش نەگەیشت، ئەوە پلانێکیتر جێبەجێ دەکەین، ئەوکاتە بەهێزترین کەس لەناو زیندانیەکان دیاری دەکەین بۆ ئەوەی پلانی دووەم جێبەجێ بکەین، ئەویش ئەو کەسەی دیاریکراوە و بەهێزو ئیرادەیە دەبوایە بەر لەوەی کاتژمێری (٨)ی ئێوارە لە ژوورەکان بکرێینەوە ئەو لەناو ژوری فلینەکان خۆی بشارێتەوە تا دوای درەنگانێکی شەو کە پاسەوانەکە خەوی لێدەکەێت، دواتر بێتە دەرەوە بەهۆی چەقۆ کە چەندان چەقۆ لە ژوورەوە هەبوون، یان بەهۆی پەتێکەوە کە بیکاتە ملی پاسەوانەکە، پاسەوانەکە بکوژێ، ڕایکێشێ بۆ ژووری چێشتخانەو دوای لەبەرکردنەوەی جلەکانی، ئەو جلەکانی پاسەوانەکە بکاتە بەر خۆیی و بێتەوە لەسەر کورسی پاسەوانەکە بەتانییەک لەخۆی لول بدات و دابنیشێ، دوای ئەوەی پاسەوانی دیکە دەرگاکە دەکاتەوە بەمەبەستی

گۆڕینی ئێشکگرتن ئەویش بکوژێ و کلیلەکان لە دەستی دەرکات. دواتریش قوفلی دەرگای هەردوو ژوورەکە بشکێنین، زیندانییەکان دەرچین، پەلاماری بورجەکان و ژووری ئەفسەری ئێشکگر بدەین، بەرەو دەرەوە هەنگاو بنێین لەپێناوی ڕاکردن و ڕزگار بوونمان، بەڵام ئەم پلانە زۆر جێگای باوەڕمان نەبوو چونکە زەحمەت بوو بە تاکە کەسێک بکرێت، دوو کەسیش زۆر زەحمەت بوو بتوانن لەناو فلینەکانی چێشتخانەکە خۆیان بشارنەوە جگە لەوەی کە پاسەوانەکان کلیلی ژورەکانی ئێمەیان لانەبوو، هەروەها شکاندنی قفلەکانی ژورەکانیش ئاسان نەبوو.

٢٠. کێ بوون ئەوانەی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ-یان دارِشت؟

ئەکرەمی حەپسە خاوەنی بیرۆکەی پلانەکە، نەخشە دانەر بوو بە هاوکاری زۆربەی هاورێیانی زیندانی سێدارەی موسڵ، هەر لە ڕێگای ئەویشەوە بوو کە مستەفا چاوڕەش دەمانچەیەکی بێدەنگی ناردبوو بۆ ماڵەوەیان، بەڵام دەمانچەکە نەگەیشتە ناو زیندان. ئەکرەمی حەپسە پوررزای مستەفا چاوڕەش بوو.

٢١. ئایە تۆ هیچ تێبینی و سەرنجێکت هەبوو لەسەر نەخشەو پلانەکەی شکاندنی ژووری سێدارە؟

ئەکرەمی حەپسە باسی پلانەکە، چۆنێتی جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکەی بۆ کردم. ئەوەی بیرم مابێ پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر پلانەکە کرد، منیش لەسەر تەواوی پلانەکە هاو بۆچوون بووم، بەس بەهیوای گەیشتنی دەمانچە بێدەنگەکە بۆ ژووری سێدارە و جێبەجێکردنی پلانەکە بووم بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و ڕێکوپێک بۆ ئەوەی سەدا سەد سەرکەوتن بەدەست بهێنین. بیرم نایە هیچ سەرنج و تێبینییەکی وام هەبووبێ، تەنها ئەوە نەبێت کە گوتم: (دەبێت وردتر بیربکرێتەوە لە پلانی دووەم، ئەگەر دەمانچە کاتمەکە نەگەیشت).

٢٢. ئایـە نەدەترسـان کەسـێک لەترسـی ڕزگارکردنـی گیانـی خـۆی پلانەکەتـان ئاشـکرا بکات، خـۆ ئـەوکات بەدڵنیایـی ئـەو کەسـە لـە سـێدارە نـەدەدراو ئـازاد دەکـرا؟

نەخێر هیـچ ترسـێکمان نەبـوو، کـە خۆمـان لـە ژووری سـێدارە بیـن و چاوەڕێـی مـردن بیـن لەچـی بترسـین؟ بـەڵام مـاوە مـاوە دوو سـێ کەسـی دیـاری کراویـان بانـگ دەکـرد، تەنانـەت ڕۆژێـک بانگـی منیشـیان کـردو ئـەم پرسـیارەیان لێکـردم کـە ئایـە هیـچ هەوڵێکـی شـکاندنی زیندانەکـە هەیـە، منیـش وەڵامـم دانـەوە کـە هیـچ شـتێکی وا لەگـەڵ مـن بـاس نەکـراوەو لـەو باوەڕەشـدا نیـم شـتی وا بوونـی هەبـێ. بـە منیـان گـوت: (تـۆ خزمـی شـێخ عەبدولسـتاری کۆنـە وەزیـری و واسـتەیەکی گـەورەت هەیـە، ئەگـەری سـوککردنی حوکمەکـەت هەیـە، بیسـتومانە کـە پـلان و هەوڵێـک هەیـە بـۆ شـکاندنی ژووری سـێدارە، ئایـە هیـچ ڕاسـتییەکی تێدایـە؟ جـا وەرە قسـەمان بـۆ بکـە و ڕاسـتییەکەمان پێبڵـێ). لـە وەڵامـدا گوتـم: (نەخێر بەهیـچ شـێوەیەک شـتی وا نییـە، سـەرەتا کـەس لەگـەڵ مـن باسـی هیچـی نەکـردووە، هەروەکـو خۆشـتان دەزانـن کـە مـن خزمـی شـێخ سـتارم، ئەوانیـش دەیزانـن و ناوێـرن شـتێکی وا لەگـەڵ مـن بـاس بکـەن، دواتریـش هەسـتم بەهیـچ جموجۆڵێـک نەکـردووە لـە ژوورەوە، خـۆ ئەگـەر شـتێکی وا هەبـێ هەسـتی پـێ دەکـەم). کـە گەڕامـەوە لەگـەڵ ئەکرەمـی حەپسـە، لەتیـف سـەنگەسـەری و ڕەحیـم عوەیـد ئەمـەم باسـکرد و هەمووییـم بـۆ گێڕانـەوە.

٢٣. ئایـە کارمەنـد و بەرپرسـانی زینـدان هەسـتیان بـەم نەخشـەو پلانـە نەکـرد، کـە دەتانویسـت زیندانەکـە بشـکێنن؟

هەروەکـو باسـم کـرد کـە چەنـد جارێـک چەنـد کەسـێکیان بانگکـرد، گومانمـان خسـتە سـەریان کـە زانیـاری دەگەیەنـن، ئیتـر ئەوانمـان گۆشـەگیر کـرد. پێشـمان وابـوو ئـەو چەنـد کەسـە سـەرە داوێکیـان سـەبارەت بـە پلانـی شـکاندنی زیندانـی ژووری سـێدارە دابـووە دەسـتیان، بۆیـە ڕۆژێـک ئەمنـی

زیندان هاتن و هەموو ژوورەكان گەڕان، بەڵام ئێمە گشت چەقۆكانمان باش شاردبووەوەو هیچیان نەدۆزییەوە.

٢٤. بە بۆچوون و بەگوێرەی زانیارییەكانی تۆ بۆ نەخشەو پلانی یەكەمی شكاندنی ژووری سێدارە سەركەوتوو نەبوو، یان نەخرایە بواری جێبەجێ كردنەوە؟

یەكەم: لەبەرئەوەی ئەكرەمی حەپسە بەر لە گەیشتنی دەمانچە بێدەنگەكە لە سێدارە درا.

دووەم: بیستنەوەی بەڕێوەبەرێتیی و ئەمنی زیندان بە هەبوونی پلانێك بۆ شكاندنی زیندانەكە و هەوڵی ڕاكردنی زیندانییەكان، كە بووە هۆی چاودێری كردنمان لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی زیندان.

سێیەم: هاتنی ئەمنی زیندان لە ڕۆژێكدا، گەڕان و پشكنینی هەر سێ ژوورەكەی بەشی سێدارەی موسڵ، كە بووە هۆی ئەوەی بڕیاری هێوربوونەوەو دواخستنی پلانەكە بدەین بۆ كاتێكی تری گونجاو.

چوارەم: كەمی كات، هەستیاری پلان و جێبەجێكردنی ئۆپراسیۆنەكە، كە هەر هەڵەیەك زیانی زۆری لێ دەكەوتەوە، دوورنەبوو ئەگەر چەقۆكان بگیرێن كەسوكاری زیندانییەكان تووشی زیان ببن و بێبەش بكرێن لە دیدەنی كردنی ڕۆڵەكانیان لە ژووری سێدارە.

٢٥. سەبارەت بە پلانی دووەمی شكاندنی ژووری سێدارەی موسڵ هیچ دەزانی؟ ئایە تۆ فازڵ شێخ یوسف ئەلیاس و مەردانی برایت دەناسی، كە ئەوەی دووەمیان لە سێدارە درا، ئەوان هەردووكیان هاوكاری زیندانییەكان بوون لەپێناوی هەوڵی شكاندنی زیندانەكە و دەربازبوونی ئەوانەی بڕیاری لە سێدارە دانیان هەبووەو لە چاوەڕوانی مەرگدا بوون؟

بەڵێ لە زیندانی ئەبوغرێب سەرەتا بەهۆی سێ كەسی بازیانی، كە خزموكەسی سەرۆكجاشێك بوون و بەهۆی ئەوەوە سزاكەیان بۆ

سووککرابوو، دواتریش هێنایانن بۆ لای ئێمە لە بەشی سزا تایبەتییەکان، ئـەم هەوڵـەم بیست. دواتریش کە شێخ فازڵ یوسف ئەلیاسی ئێزیدیان هێنا ئـەم پلانـە و هەوڵـەم بیست، بـەڵام شـێخ فـازڵ زۆر کـەم قسـەی دەکرد، خۆی دەپاراست لـە قسـەکردن و زانیـاری دان.

بازیانییـەکان، کـە ناوەکانیانـم بیـر نەمابـوو، بـەڵام تـۆ ناوەکانـت بیرهێنامـەوە (تۆفیـق، حەمەڕەشـید و شـۆڕش)، بەتایبـەت شـۆڕش بـۆی باسـکردم کـە هەوڵەکـە دراوە بـەڵام کەسـیان نەیانتوانیـوە لـە حەوشـی زیندانەکـە دەربچـن و هەموویـان گیراونەتـەوە، تەنانـەت هیـچ کـەس لـە زیندانییـەکان نەکـوژراون یـان بریـندار نەکـراون.

شـێخ فـازڵ، کـە پێشـتر لـە ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ بـووم، خۆیـی و مەردانـی براییـم دەناسـی کـە پاسـەوانی زیـندان بـوون. لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٨١) دەنگوباسـی هەوڵـی شـکاندنی ئـەو زیندانـەم بیسـت، دوای حوکـم بـوون و هاتنـی شـێخ فـازڵ بـۆ زیندانـی ئەبوغرێـب لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٨٢)، ئـەوم بینییـەوەو تـا مانگـی تەمـوزی سـاڵی (١٩٨٢) و لێبووردنـە گشـتییەکە پێکـەوە لـەم زیندانـە بوویـن.

٢٦. دوو لـە پاسـەوانەکانی ژووری سـێدارەی موسـڵ بەنـاوی عەتـۆ خەڵـەف عەلـی شـەنگالی و ڕەشـۆ حەیـدەر بیبـۆ شـێخانی بـوون، کـە لـە شـەوی شـکاندنی زیندانەکـە لـە (١٩٨١/٦/٢)دا کـوژران، ئایـە تـۆ ئەوانـت دەناسـی، ئایە بەڕاسـتی ئـەوان جەلـلاد بوون و زیندانییەکانیـان لە سـێدارە دەدا؟

بەڵێ عەتۆ شـەنگالی و ڕەشـۆ شـێخان-یم دەناسـی، پاسـەوانی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ بـوون، خۆتیـش دەزانـی کـە بـۆ مـاوەی سـێ تـا سـێ مانـگ و نیوێـک لـە ژووری سـێدارەی ئـەوێ بوومـە و لـەوێ عەتـۆ و ڕەشـۆ-م ناسـیووە. زۆربـەی پاسـەوانەکان ئێزیـدی بـوون، کارمەنـدی زیـندان و مرۆڤـی بـاش بـوون. لەکاتـی ئێشـکگرتنەکانیان لـە

ژووری سێدارە، زۆربەیان دەستیان دەکرد بە خواردنەوەو دەگریان، کە دەگریـان دەیانگـوت کـە ئـەوان بـۆ ئێمـە دەگریـن.

٢٧. ئەگەر یادگارییەکی خۆش یان ناخۆشی هەر هاوڕێیەکی زیندانت لـە موسڵ لەبیرەو دەتـەوێ باسی بکـەی؟

- هەرچەندە شوێنەکە تابلێی شـوێنێکی ناخۆش، تۆقێنـەر، مەرگهێنـەر بـوو کـە هەمیشـە بۆنـی مەرگی لێدەهـات، بـەڵام خاڵـی نەبـوو لـە یـادگاری خـۆش و ناخـۆش، کـە هەندێکیـان دەکـرێ بگێڕدرێنـەوەو هەندێکیـان بـۆ گێڕانـەوە ناشـێن. بیرمـە ئەوکاتـەی ئەکرەم-یـان بـەرەو پەتـی سـێدارە برد و گوتیـان دوا وەسـیەتت چییـە؟ لـە وەڵامـدا گوتـی بمبەنـەوە بـەر دەرگای زینـدان و جۆڕکـی سـەر دەموچـاوم لادەن، کـە هێنایـان و جۆڕکەکەیـان لادا، بانگـی منـی کـرد و گوتـی: (مامۆسـتا محەمـەد، ئێسـتاکە تەنیـا ڕیشـی مارکسـم لـێ دیـارە و هیـچ شـتێکی دیکـە نابینـم).

- هـەر ئەکرەم، هەڵبەستی (هـەی ڕێوی ڕێوی هێی ڕێوی بێ ئیمان) ی، بەشـێوەیەکی دیکـە گـۆڕی بـوو بـۆ هەڵبەسـتێکی مەنەلۆجـی چینایەتـی و ملمڵانێـی نێـوان کرێـکار و سـەرمایەدار. ئـەو گۆرانییەکـەی دەگـوت و ئێمـەش هەمووم‌ـان بەیـەک دەنـگ دەمانگـوت: (هێـی)!

- لەتیف سەنگەسـەری، کـە بەیانیەکـەی ناویـان خوێنـدەوە لەتەنیشـت مـن دانیشـتبوو، پێـش نـاو خوێندنـەوەی پێیگوتـم: (وا هەسـت دەکـەم ئـەم وەجبـەی تەنفیـزە نـاوی منـی تێدایـە). هەرگیـز بیـرم ناچێتـەوە، کـە چـۆن بـە هەڵبەزیـن و وتـاف لێـدان چـووە دەرەوەو پـڕ بـە گـەروی بـە کـوردی و عەرەبـی هـاواری کـرد: (بـژی گـەل و بڕوخـێ جەلـلاد/ یحیـا الشـعب ویسـقط الجـلاد).

- ڕەحیـم عوەیـد هـەردەم دەیگـوت: (پـڕ بـەدڵ و لەناخـەوە حـەزم بـە گریانـە، بـەڵام ئێسـتاکە بگریـم وا تێدەگـەن کە لە ترسـان دەگریم و ڕوخاوم، بـۆ ئـەوەی وا تـێ نەگـەن، نامـەوێ بگریـم)، بـەڵام ئـەو ڕۆژەی کەلەپچەیـان

کردە دەستی ئەو و هاوڕێکانی کە بۆ شەو دەبوایە لە سێدارە بدرێن، لە ئێمەیان جیا کردنەوە و دەرگای ژوورەکەیان لەسەر داخستن. دوای ئەوەی دەرگای ئێمەیان کردەوە، چوومە لای ئەم ژوورەی کە تەرخان کرابوو بۆ ئەوانەی ئەم ڕۆژە دوارۆژیان بوو، شەو دەبوایە لە سێدارە بدرێن، ڕەحیم هات و گوتی: (خۆت دەزانی دەمێکە حەزم بە گریانێکە و دەترسام بگریم، بەڵام ئێستاکە دەگریم و چی دەڵێن با بیڵێن). ئەو دەستی کرد بەگریان و منیش لەگەڵی گریام. ئەم گریانەم هەرگیز بیرناچێتەوە.

– یەکێک لە زیندانییەکان کە کەسێکی قەڵەو بوو، بەڵام دوای ئەوەی کەلەپچەیان کردە دەستی، جیایان کردەوە لەگەڵ ئەوانەی دەبوایە بۆ شەو لە سێدارە بدرێ و خستیانە ژوورەکەی ئەم سەر (واتە ژوورەکەی ئێمە)، لە بەیانی تا شەو نزیک کاتی لە سێدارەدانی زۆر لاواز بوو، هەر دەتگوت بەفرەو دەتوێتەوە، هەرگیز شتی وام نەدیبوو! ئەم دیمەنە زۆر کاری تێکردم و هەردەم دێتەوە بیرم.

– زیندانی (س)، کە پەڕۆکەکەیان خستە سەری، گوتی: (یەک دەقە پەڕۆکەکە لادەن). پەڕۆکەیان لابرد، ملی لارەوە بوو، کەوت و مرد، بەڵام بە مردووییش هەر کردیان بە پەتی سێدارەکەوە.

– محەمەد هەمزە، کاتێ کە لێیان پرسی ژنت هێناوە، ئەو لە وەڵامدا گوتی: (جا ئێوە هێشتتان ژن بێنم، دەستگیرانم هەبوو، بەڵام ئێوە منتان گرت، نەتانهێشت بیگوازمەوە، خوا بتانگرێ وا دەمکوژن).

– یەکێکی دیکە کە بۆ یەکێک لە دیدەنییەکان چووبووە دەرەوە، کەچی لەپڕ گەڕایەوەو منیش بە بێدەنگی لێم پرسی کە بۆ وا زوو گەڕایەوە، لە وەڵامدا گوتی: (لە ڕقی خزم و کەسی سەگباوک گەڕامەوە، وا من لە سێدارە دەدرێم، کەچی بێ شەرمانە لێم دەپرسن دوای لە سێدارە دانت، ژنەکەت بدەین بە کێ و شوو بە کێ بکاتەوە).

- ڕۆژێک لەکاتی دیدەنیدا کوڕێکی گەنج کە بۆ سەردانی زیندان هاتبوو، بەڵام نازانم برا یان خزمی کام زیندانی بوو، لە دەرگای ئەم ژوورەی کە زیندانییەکانی لێ لە سێدارە دەدرا لە درز و کەلێنی دەرگاکە تەماشای ناوەوەی دەکرد، هەر ئەوەندەم زانی بەپشتا کەوت و ڕەنگی تەواو زەرد هەڵگەڕا. ژووری لە سێدارەدان شەش ئەڵقەی پێوەبوو بۆ لەسێدارەدان، هەروەها دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەک لە ناوەوە کە زیندانییەکانیان بەم دەرگایە دەبردە ژوورەوەو لە سێدارە دەدران، دواتریش کە لە سێدارە دەدران لە دەرگای دووەم کە دەکەوتە سەر کۆڵانی دیدەنی، تەرمەکانیان دەبردە دەرەوە. دەرگاکەی سەر کۆڵانی دیدەنی، درزو کەلێنی گەورەی تیابوو، کە بەئاسانی ژوورەوە و پەتی سێدارە دەبینرا. پاسەوانەکان نەیاندەهێشت کەس لەم دەرگایە نزیک بێتەوە، بەڵام لەم کاتەدا کەسیان دیار نەبوون ئەم گەنجە دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبوو لە درزی ئەم دەرگایەوە سەیری ناوەوەی دەکرد. دوای کەوتنی گەنجەکە، بەپەلە چووم و هەڵمگرتەوە، لێم پرسی: (چی بوو، بۆ کەوتی)؟

بە هەناسە سواری و دەنگێکی پڕ لە نوزانەوە گوتی: (وەڵڵا پەتەکانم بینی)!

یارمەتیم دا تا بەتەواوی هەڵسایەوەو بەڕێم کرد.

٢٨. تۆ هاوکاری خۆت دەربڕی بۆ هاوکاری کردن و هەوڵی یەکەمی شکاندنی زیندانی موسڵ؟

بەڵێ بەدڵنیایی هاوکاری تەواوی خۆم لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردن دەربڕی.

٢٩. پێت وانییە ئەگەر ئەکرەمی حەپسە هەر یەک مانگی دیکە لە سێدارەدانی دواکەوتبایە، دەمانچە بێدەنگەکە بگەیشتایە ناو ژووری سێدارە، هەوڵی یەکەم جێبەجێ دەکرا؟

ئەگەر تەنیا بۆ دیدەنی داهاتوو لە سێدارە نەدرابوایە شتێک دەکرا، ڕادەی ئەنجامی سەرکەوتنی دیار نەبوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە هەوڵی شکاندنی دووەم باشتر دەبوو.

٣٠. ئەوانەی بڕیاری جێبەجێکردنی لە سێدارە دانەکەیان دەهات، چۆن ئاگادار دەکرانەوە و چ ڕێوشوێنێک لە بەرانبەریاندا دەگیرایە بەر؟

پێشتر لە چوارچێوەی پرسیارێکی دیکە سەبارەت بە کردنەوەی دەرگاکان، هاتنە دەرەوە و ناو حەوشەوە وەڵامی ئەو پرسیارەم دایتەوە. بەڵێ لە ڕۆژانی لە سێدارەدان، ئەوانەی بڕیاری سێدارەیان لەدژ جێبەجێ دەکرا، لە دەوروبەری کاتژمێری (٩)ی بەیانی ناوەکانیان دەخوێندرایەوە، کەلەپچە دەکرایە دەستیان، دەیانکردنە ژوورەکەی ئەم سەرەوە (واتە ژوورە بچووکەکەی ئێمە)، ئێمەیان دەبردە ژوورە گەورەکە و دەرگایان لەسەر دادەخستین، بەڵام دوای ئەوەی مەرسومی کۆمارییان سەبارەت بە بڕیاری لە سێدارە دانیان دەخوێندرایەوە، دەرگای ئێمەیان دەکردەوە و دەچووین لە دەرگاوە قسەمان لەگەڵ دەکردن یان هەر شتێکیان بویستبایە لە تواناماندا بوایە بۆمان جێبەجێ دەکردن.

٣١. بەشێوەیەکی گشتیی ورەی ئەوانەی لە سێدارە دەدران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

زۆربەی زۆریان ورەیان زۆر باش بوو، تا دوا چرکەی پەت خستنە ملیان، گێڕ ڕاکێشانەکە و کردنەوەی دەرگای سەر زەوییەکە بۆ ئەوەی پێیان نەگاتە سەر زەوی و بخنکێن، بە بەردەوامی و پڕ بەدەنگیان هاواریان دەکرد و دروشمیان دەگوتەوە.

٣٢. تۆ کە لە پلانی یەکەمی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ ئاگادار کرایتەوە، کەسێکی خۆت یان هاوڕێیەکت لێی ئاگادار کردەوە؟

نەخێر هیچ کەس لە خزموکەس یان هاوڕێیانم ئاگادار نەکردەوە.

٣٣. بۆ کەست لەم پلانە ئاگادار نەکردەوە؟

ئەوە کارێکی نهێنی و تایبەتە بەوانەی لە ژووری سێدارە پلانێکیان داناوە بۆ خۆ ڕزگارکردن، چۆن دەکرێ کەسانی دەرەوە ئاگادار بکرێنەوە، ئێمە زۆربەی زۆرمان لە ڕێکخستنی نهێنی کارمان دەکرد پێش دەستگیرکردنمان، دەمانزانی کارێکی لەو بابەتە چەند نهێنیە، چۆن دەبێت بیپارێزین و تەنیا دەبێت کەسانی تایبەت بەو کارە ئاگاداری ئەو نهینیە بن.

دەرسیم

دانمارک

پێنجشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٦/١١/١٧).



محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، ساڵی ٢٠١١، بەردەم مۆزەخانەی

**گفتوگۆ لەگەڵ ئاواز حەمەدەمینی هاوسەری لەسێدارەدراو ئەکرەمی حەپسە:**

١: ناوی تەواوت؟
ئاواز حەمەدئەمین حوسێن.
٢: ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟
لە ساڵی (١٩٦١)دا لە سلێمانی لە دایک بووم.
٣: ئایە کەسێکت لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨١) لە سێدارە دراوە؟
بەڵێ هاوسەرەکەم.
٤: ناوی تەواو، ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی ئەو کەسە و نازناو یان ناوی نهێنی؟
ئەکرەم حەمەدئەمین قادر، ساڵی (١٩٤٥) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، نازناوی (ئەکرەمی حەپسە)یە، ناوی نهێنی پێش ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٣) حوسێن بوو، پاشان (ئەکرەم حەداد).
٥: کەی هاوسەرگیریتان کرد و چەند منداڵتان هەیە؟ ناوەکانیان و ساڵی لەدایکبوونیان؟
لە ساڵی (١٩٧٧)دا لە سلێمانی هاوسەرگیریمان کردووە، کوڕێک و کچێک بەناوەکانی سەنگەر (١٩٧٨/٩/٢٩)، لە سلێمانی لە دایک بووەو ڕۆزا لە (١٩٨٠/٤/٢٢)، ئەویش هەر لە سلێمانی لە دایک بووە.
٦: ڕێکخستن یان پێشمەرگەی چ لایەنێک بوو؟
هەر لە سەرەتای (١٩٦٠)دا لە قووتابخانە لەگەڵ لاوانی حزبی شیوعی

ئێراقی دەستی کرد بە خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کرێکاران. بەهۆی تێکۆشان و چالاکییەکانیەوە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قووتابخانە دوورخرایەوە. ئەکرەم بەردەوامی بە خەبات دا.

ساڵی (١٩٦٧) حزبی شیوعی ئێراقی (الحزب الشيوعي العراقي) ئەبێت بە دوو بەشەوە:

١. حزب الشيوعي العراقي القيادة المركزية (چەپڕەوەکان)، باوەڕیان بە یەکێتی سۆڤیەت نەما، پاش بێدەنگی، بێهەڵوێستی و هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقدا، وە بە وڵاتێکی لادەریان پێناسە کرد.

٢. حزب الشيوعي العراقي اللجنة المركزية (ڕاستڕەوەکان)، بە بەردەوامی پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت بوون و بە وڵاتێکی کۆمۆنیستیان پێناسە دەکرد.

ئەکرەم، تا ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٤) لە ڕیزی چەپڕەوەکان ئەندام، پێشمەرگە و کادیرێکی چالاکی دیار بوو. هەر لە ساڵانی دوای (١٩٧٣) ەوە بنکەکانی حزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی لە گەڵاڵە و چۆمان جێدێڵێت، بەرەو شاری سلێمانی و لەوێوە بۆ بەغدای پایتەخت دەچێت.

هەر لێرەوە ئەکرەم بەردەوامی دەدا بە خەباتی نهێنی و کارەکانی، بە بەردەوامی لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ هەموو توێژەکانی کۆمەڵ و گروپە مارکسی و لینینییەکاندا. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی خەبات و تێکۆشانی زەمینە خۆشکردن بوو بۆ بیناکردنی پارتێکی پێشڕەو بە بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای مارکس و لینینزم. نامەکانی زیندانی شاهێد حاڵن.

باوەڕی تەواوی بە شۆڕش بوو بۆ ڕزگار بوون لە هەموو ستەمێک و چەوساندنەوە، ئەویش تەنیا لە ڕێگای شۆڕشی جەماوەری و کرێکارانە.

٧: کەی و لە کوێ دەستگیرکراو کێ هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بوو؟

له ڕۆژی (١٩٨٠/٤/٢٨) له سلێمانی له ماڵەوه دەستگیر کرا.
نامەیەکی پشتگیری و ئەم نامرۆڤانه بوونه هۆی گرتنی:
١. (ح، خ).
٢. (ع).
٣. (ع، م).
نامـەی پشـتگیری بـۆ بـوون بـه پێشـمەرگه لـه ئەکرەم-ەوه بـۆ (ح) و لـه (ح) یشـەوه بـۆ مسـتەفا چـاوڕەش، بـەڵام (ع) بـه فێـڵ نامەکـه لـه (ح) وەردەگرێـت و دەیـدات بـه (ع). (ع)یـش نامەکـه ڕادەسـتی دەزگای ئەمنـی بەعـس دەکات لـه سـلێمانی.
ڕوونکردنەوە:
أ. به پێشـمەرگه بـوون لـه سـاڵانی (١٩٧٦)ەوه لای یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان - کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان بـەم شـێوازه بـوو:
١. له ڕێگەی ڕێکخستنی شارەوه یان خودی خۆی لەناو ڕێکخستنەکاندا بێت.
٢. نامـەی پشـتگیری کەسـایەتی، ئـەو نامەیـه کـه پێناسـه، کەسـایەتی، پاکی و باشـی ئەو کەسـەیه پێناسـه دەکات کـه دەبێتـه پێشـمەرگه، لەلایـەن کەسـێکی ناسـراو، هـاوڕێ، خـزم، ناسـیاو یـان ئەندامـی ئـەو ڕێکخسـتنه دەنووسـرێت.
ب. مسـتەفا چـاوڕەش: کـوڕی پـوری ئەکرەمـی حەپسـەیه، فەرماندەیەکی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان - کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان و فەرمانـدەی هەرێمـی (٥)ی قەرەداغـی ئـەوکات بـوو.
ج. (ع، م): خۆفـرۆش و تاوانبـاره بـه ڕادەسـتکردنی (جەمالـه ڕەش) لـه سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨)دا لـه سـلێمانی. جەمالـه ڕەش پێشـمەرگەی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان بـوو لـه سـێداره درا.
ڕوونکردنـەوە: (جەمـال شـێخ عەلـی شـێخ مـارف ئەحمـەد، کادیـری

پێشکەوتووی کۆمەڵـە، لـە ڕۆژی (١٠/٨/١٩٧٧) لـە ماڵەکـەی (ع، م) بەدیل گیرا، لـە ڕۆژی (٤/١٠/١٩٧٧) لـە دادگای هەیئە خاسـەی کەرکوک بڕیاری لـە سـێدارە دانـی دراو و پاشـان لـە ڕێکەوتـی (٢٩/١/١٩٧٨) لـە زیندانـی موسـڵ لـە سـێدارە درا - دەرسـیم).

د. (ح، ح): لاوێکـی سـەربازی هەڵاتـوو بـوو، دەیویسـت ببێـت بـە پێشـمەرگە، کەسوکاری (ح) پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ئەکرەم حەپسـە و هاوڕێکانی هەبوو، هـەر ئـەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بـوو کـە ئـەو نامـە پشـتگیرییە نووسـرا.

هـاء. ئەکـرەم بەهیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ بیـرو بۆچـوون و جوڵانـەوەی چەکداری یەکێتـی و کۆمەڵـەدا نەبـوو.

٨: لەلایـەن چ دەزگایەکـەوە گیـرا؟ ئایـە بەتەنیـا گیـرا، یـان کەسـی دیکـەی لەگـەڵ بوو؟

لەلایەن دەزگای ئاسایشی بەعسەوە لە سلێمانی و بەتەنیا گیرا.

٩: کەی و لە کوێ دادگایی کرا، لەگەڵ جۆری سزاکەی؟

لە هەیئەی کەرکوک، سزای لە سێدارە دان.

١٠: کـەی هاتـە بەشـی سـێدارەی زینـدانـی موسـڵ؟ ئەگـەر ڕۆژی دروسـتی نازانـی، مانـگ و سـاڵەکەی؟

لە مانگی (١٠)ی ساڵی (١٩٨٠).

١١: ئەوانـەی لەگەڵـی بـوون لـە بەشـی سـێدارەی زینـدانـی موسـڵ، کەسـیانت بیرمـاوە؟ سـەر بـە چ لایەنێـک بـوون؟ خەڵکـی کـوێ بـوون؟

نەخێر، نازانم و لەبیرم نەماوە.

١٢: بۆ مـاوەی چەنـد لـەو زیندانە مایـەوە تـا لـە سـێدارە درا؟ یـان چەنـد دیدەنیتـان کرد؟

مـاوەی (٥٧) ڕۆژ مایـەوە و تەنیـا پێنـج جار بەدوا دیدەنییەوە، دیدەنیمان کرد.

١٣: ئایە ئاگاداری هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بووی لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١؟

بەڵێ.

١٤: کێ لەم هەوڵە ئاگاداری کردیەوە؟

ئەکرەم.

١٥: بیرت دێت کەی بوو ئاگاداری کردیتەوە؟

لە دووەم دیدەنیدا ئاگاداری کردمەوە، لە کۆتایی مانگی (١٠)ی ساڵی (١٩٨٠).

١٦: چەند بەر لە سێدارەدانی ئەکرەم، ئاگادار کرایتەوە؟ واتە ماوەی ئاگادارکردنەوە و لە سێدارەدانی ئەو چەند بوو؟

ماوەکە (٤٠-٤٢) ڕۆژ دەبوو.

١٧: چۆن ئاگادارکرایتەوەو داوای چ جۆرە هاوکارییەکی لێت کرد؟

لە حەوشەی زیندان پێی ڕاگەیاندم، داواکەی لە ئێمە تەنیا بردنی دەمانچەیەکی بێدەنگ بوو بۆ ناو زیندان.

١٨: ئایە پارەتدا بۆ جێبەجێکردنی هەوڵەکە یان پێویستی بە پارە نەبوو؟ ئەگەر پارەتاندا، چەندتاندا، ئەگەر بیرت مابێت؟

نەخێر.

١٩: تۆ ئامادەیی خۆت دەربڕێ بۆ هاوکاری کردنیان؟ هاوکارییەکەت بەچ شێوەیەک بوو، ئەگەر بە کورتی باسی بکەیت؟

بێگومان من ئامادەیی هەموو یارمەتیەک بووم، بەڵام بۆ شکاندنی زیندانەکە تەنیا بردنی دەمانچەکەی بە ئێمە سپارد. کارەکەش بە حەپسە (دایکی ئەکرەم) سپێردرا. بەهۆی ئەزمونی ژیانی چەند ساڵەی حەپسە، بەگواستنەوەی چەندان جار لە دەمانچە و بڵاوکراوەکان بۆ ئەکرەم و هاوڕێکانی.

٢٠: دەتوانی بە کورتی باسی ئەوەمان بۆ بکەی کە نەخشە و پلانی

شکاندنی زیندانەکەیان چۆن دارِشتبوو، هەروەها چۆن کارەکانیان دەکرد لەپێناو سەرکەوتنی نەخشەکەیان، ئەگەر وەردەکارییەکانی بۆ بەرِێزتان باس کردبێ؟

نەخشەی شکاندنی زیندانی موسڵ، ئەوەی لەبیرم ماوە، لە یەکەم هەنگاودا دابینکردنی ئۆتۆمۆبێل، بۆ ئەوەی لەدوای سەرکەوتنیان بەسەر پاسەوانەکاندا و لەسەر دیواری زیندانەکە خۆیان فرِێ دەرەوەو بچنە ناو ئۆتۆمۆبێلەکان و لە موسڵ رِزگاریان بکەن.

٢١: کەی لە سێدارە درا؟

لە رِێکەوتی (١٩٨٠/١٢/١١) لە سێدارە درا.

٢٢: بەتەنیا لە سێدارە درا یان کەسی دیکەی لەگەڵ بوو؟

لەگەڵ پێنج هاورِێی زیندانیدا.

٢٣: دوا دیدەنیتان کرد؟

بەڵێ.

٢٤: پێت وانییە ماوەی کەمی مانەوەی ئەکرەم لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، یەکێک بێ لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی جێبەجێ نەکردنی پلانەکە؟

بەڵێ، با چاوێک بەم فاکتەرانە بخشێنین ...

بۆ شکاندنی زیندان، ئەکرەم داوای دەمانچەی بێدەنگ ئەکات، بەدەستهێنانی دەمانچەی بێدەنگ تەنیا لەلایەن مستەفا چاورِەش ئەبێت. بریار بوو حەپسەی دایکی دەمانچەکە بخاتە ناو لەشیەوە و بۆ ئەوەی لەکاتی دیدەنیدا لە زیندان بیداتە ئەکرەم.

١. کەسانێک شەش بۆ هەشت مانەوە تا لەسێدارە دران، بەڵام ئەکرەم ماوەی چاوەرِوانی لە زیندان لە بەشی لە سێدارەدان تەنیا (٤٥–٥٠) شەو بوو!!!

٢. کارمەندانی زیندانەکە ئاگاداری کەسوکاری زیندانییەکان بە بروسکە

بە ڕۆژێک پێش لە سێدارەدانی زیندانییەکان دەکردنەوە. بروسکە لە زیندانەوە بۆ دەزگای ئاسایشی ئەو شارەی زیندانییەکان تێیدا ژیابوون، لەوێشەوە بۆ ماڵی کەسوکاریان، تا ڕۆژی جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی زیندانییەکان کاتژمێری (٤)ی دوای نیوەڕۆ هەموو کەسوکاریان لەناو زیندانەکە دوا دیدەنی و دوا ماڵئاواییان لێ بکەن.

بەڵام ئێمە (کەسوکاری ئەکرەم)، کاتژمێری (٤)ی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی لە سێدارە دانەکەی ئاگادار کراینەوە!!!

ئەوەش کاتێک کە بەڕێوەبەری زیندان، ئەکرەمی لە حەوشەی زیندان بەتەنیا و بێ کەسوکار ئەبینێت، ئەکەوێتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەو، ئەزانێت کە بروسکەکە لای دەزگای ئاسایشی بەعس لە سلێمانی بەئەنقەست نەدراوە بە کەسوکاری ئەکرەم. هەر ئەوکاتە بەڕێوەبەری زیندان تەلەفۆن بۆ دراوسێ و کەسمان ماڵی (حاجی کەریم چاوشین) دەکات و هەواڵەکە ڕادەگەیەنێ. بەڵێ، ئێمەی کەسوکاری ئەکرەم دوای کاتژمێری (٤)ی دوای نیوەڕۆ لە سلێمانییەوە کەوتینە ڕێگا، لە دەوروبەری کاتژمێری (١٠)ی شەو گەیشتینە لای ئەکرەم.

ئەگەرچی خۆم ئامادەبووم بۆ بردنی دەمانچەکە لەدوا دیدەنیدا، بەڵام ڕێگایان نەدام.

دەمانچەکە لەکاتی دیاریکراودا ئامادە بوو ئەشگەیشتە دەست ئەکرەم، بەڵام ئەبوایە پێش جێبەجێکردنی بەشێکی تری نەخشەی شکاندنی زیندانەکە دەمانچەکە بگەیشتایە دەستیان. ماوە و کاتەکە زۆر کورت بوو!!

ئایە بەگرتن و کوشتنی حەپسەی دایکی ئەکرەم و خۆیشم چ خزمەتێک بە جەلادەکانی بەعس ئەکات، بە بەراورد لەگەڵ مانەوەی ئەو پیاو خراپانەی کە سیخوڕی بەسەر ئەکرەم و دەیان تێکۆشەری ترەوە ئەکەن و بەرەو پەتی سێدارەیان ڕاپێچ ئەکەن؟

ئیتر ئەم بابەتە پێویست بەوە ئەکات کە گومان لەناو کۆمەڵگا، گروپ و پارتەکان دروست بێت!! بێگومان، ئەوەی مەبەستە ئەویش ئەکرەمە، ئەو لەبەردەستدایە تازە، و لە سێدارەدانیشی مسۆگەرە، حەپسە و منیش دوو کەسی ئاساییین و مەترسیدار نین لای بەعس.

٢٥: جگە لە خۆت کەسی دیکە لە بنەماڵەکەت یان هاوڕێیانی ئەکرەم ئاگاداری ئەو هەوڵ و نەخشەی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بوون؟

بەڵێ.

١. حەپسە حوسێن، دایکی ئەکرەم، دوا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

٢. ئەحمەد محێدین، زاوا و هاوڕێی ئەکرەم، دوا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

٣. محەمەد حەمەدئەمین، برای ئەکرەم، لە ژیان دایە.

٤. نەسرین حەمەدئەمین، خوشکی ئەکرەم، لە ژیان دایە.

٥. مستەفا چاوڕەش، پورزای ئەکرەم، لە ژیان دایە. بێگومان بەهۆی دابینکردنی دەمانچە بێدەنگەکەوە یەکێک یان دووان لە سەرکردایەتی یەکێتی-شەوە ئاگادارن!!

نازانم کە کەسێک لە ڕێگای متمانە و هاوڕێیەتیەوە ئاگادار بووبێت!

دەرسیم

دانمارک

سێشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٢/١٥).




ئاواز حەمە هاوسەری شەهید ئەکرەمی حەپسە لەسەر گۆڕی شەهید

## دەرئەنجام:

لـە مێـژووی حزبـی بەعسـی عەرەبـی و حکومەتـی سـەدام حوسـێن، جـاری یەکـەم بـوو هەوڵـی شـکاندنی ژووری سـێدارەی زیندانـی موسـڵ بدرێـت، کـە زیندانێکـی پتـەو، بـەرز، تەنـراو بـە هێـزی پۆلیـس و ئەمـن، هەروەهـا کەوتۆتـە نـاو سـەنتەری شـاری موسـڵ، کـە ئەمانـە هەمـووی هـۆکارن بـۆ سـەختی شـکاندنی زیندانەکـە، ڕاکـردن و دەربازبـوون لـە زیندانەکە، سەرەڕای ترسـی سەرنەکەوتن و گیرانەوەیان، کە ئاخۆ دەبێ زیندانییـەکان ڕووبـەڕووی چ جـۆرە ئەشـکەنجەیەکی دڕندانـە و ڕەفتـاری نامرۆڤانـە ببنـەوە، هەروەکـو ڕووبەڕووشـی بوونـەوە!

لـە مـاوەی نێـوان نێـوان حـەوت مانگێـک (١٩٨٠/١١/١-١٩٨١/٦/٢)، دوو هەوڵـی سـەرنەکەوتووی شـکاندنی زیندانەکـە لەلایـەن زیندانییانـی کـورد درا، کـە لـە چاوەڕوانـی مەرگـدا بـوون. هەوڵـی یەکـەم لەنێـوان (١١/١ -١٩٨٠/١٢/١١) و هەوڵـی دووەم لەنێـوان (٢/١-١٩٨١/٦/٢)دا بـوو. جێبەجێکردنـی هەوڵـی یەکـەم پەیوەسـت بـوو بـە گەیشـتنی دەمانچەیەکـی بێدەنگ بـوو بـە ژووری سـێدارە، کـە ئەکرەمـی حەپسـە داوای لـە مستەفا چاوڕەشـی پـورزای کردبـوو بـۆی بنێرێـت، تـا داوای دەمانچـە کـراو مسـتەفا چـاوەڕەش بـۆی نـارد، هەروەهـا مـاوەی دیدەنـی و دیدەنییەکـی دیکـەش پـازدە ڕۆژ بـوو، کـە تەنیـا دەتوانـرا لـە ڕۆژانـی دیدەنـی بەهـۆی کەسـوکاریان هەوڵـی بردنـە ژوورەوەی دەمانچەکـە بدرێـت، کـە ئەمـەش کارێکـی ئاسـان نەبوو، چونکـە ژن، پیاو و منداڵیشـیان دەپشـکنی، کەلوپـەل و خواردنیش بەبێ پشـکنین نەدەگەیشـتە ژوورەوە، بۆیە بردنە ژوورەوەی چـەک کارێکـی هـەرە سـەخت بـوو.

ئەکرەمی حەپسـە، دوای نزیکەی چل و پێنج ڕۆژ بڕیاری جێبەجێکردنی

لەسێدارەدانی هاتەوەو بەڵام لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/١٢/١١)دا لەسێدارە درا، ڕۆژی پێشتر دوا دیدەنی تایبەت بۆ ماوەیەکی کەم بە کەسوکارەکەی درا، ئەوان دەمانچە بێدەنگەکەیان بردە موسڵ، بەڵام نەیانتوانی بیبەن بۆ ناو زیندان، هەتا گەر سەرکەوتووش بوونایە لە بردنە ژوورەوەی، زیندانییەکان لە هەوڵی شکاندنی زیندانەکە سەرکەوتوو نەدەبوون، چونکە هەر لە بەیانی ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی زیندانییەکان کە بۆ شەو لەسێدارە دەدران و فەرمانی کۆمارییەکەیان دەخوێندەوە ئەوانە کەلەپچە دەکران و لە ژوورێک بەجیا دادەنران تا کاتی لەسێدارە دانیان پاسەوانیان بە دەورەوە بوو، هەروەها ئامادەکاری و ڕێوشوێنی پاراستنی ناو زیندان لەدوای نیوەڕۆوە دەستی پێ دەکرد، پاسەوانیان لە ناوەوەی زیندان بەچڕی بڵاودەکردەوە چونکە بەر لە کاتژمێری دوازدەی شەو کە زیندانییەکان لەدوای کاتژمێر دوازدە لەسێدارە دەدران، هەریەک لە (پارێزگار، بەڕێوەبەری زیندان، بەڕێوەبەری ئەمن، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی، بەڕێوەبەری پۆلیس، فەرماندەی فەیلەق، دکتۆری سەربازی و مەلای تەڵقینەدەر)، بە خۆیان و کاروانی پاسەوانەکانیان ڕوویان دەکردە زیندانەکە، هەندێکیان بە چەکەوە لە دەرەوە و هەندێکیشیان بە چەکەوە لەگەڵ بەرپرسەکانیان دەچوونە ناو زیندان، بۆیە بە دەمانچەیەک هیچ نەدەکرا لەم شەوەدا.

لە هەوڵی یەکەم باسی ئەوەش کرابوو، گەر دەمانچە بێدەنگەکە نەگەیشت، هەوڵ بدەن یەکێک لە زیندانییەکان لە ژووری فلینەکان خۆی بشارێتەوە تا ئەوکاتەی پاسەوانی دوای کاتژمێری دوازدەی شەو خەوی لێدەکەوێت، هەر لە خەو ئەو بکوژێت، پاسەوانی دووەمیش کە دێت ئەویش بکوژێت، بە تەنیا دوای کاتژمێری دووی شەو بەرەو ژووری ئەفسەری ئێشکگر بڕوات کە زیندانییەکان زانیاری ئەوەیان وەرگرتبوو ئەفسەرەکان دوای ئەم کاتە دەخەوتن، هەر لەخەو بەهۆی چەقۆکە

و هەڕەشـە کلیلـی هـەردوو ژووری سـێدارەو دوو دەرگاکـەی دەرەوەی لێوەرگرێـت، یـان بیکوژێـت و کلیلـەکان بدۆزێتـەوە کـە هـەر لـەو ژوورە بـوو، ئینجـا چەکـی ئەفسـەرەکە و چەنـد چەکـی دەسـت بکەوێـت لەگـەڵ خـۆی بیبـات بـۆ ژوورەکانـی سـێدارە، سـەرەتا دەرگاکانیـان بـۆ بکاتـەوە، ئینجـا گـەر چەکـی دەستکەوتبوو چەکـەکان بداتـە ئەوانـەی کـە ئەزموونـی شـەڕیان هەیـە و بـەرەو دەرگای دەرەوە بـڕۆن کـە کلیلـی دوو دەرگای دەرەوەشـیان لـە ئەفسـەری ئێشـکگر وەرگرتـووە، یـان دوای کوشـتنی پاسـەوانی دووەم بـە ئەسـپایی سـەرکەوێتە سـەر یەکێـک لـە تـاوەرەکان و لەکاتـی خـەودا پاسـەوانەکە چـەک بکات و بـە چـەک پاسـەوانەکە بگەڕێتـەوە خـوارەوە، پاسـەوانەکە لـە بەشـی سـێدارە ببەستێتەوە ئینجـا خـۆی بڕواتـە ژووری ئەفسـەری ئێشـکگر و بەزۆر کلیلی دوو دەرگاکەی ژووری سـێدارە و دوو دەرگاکـەی دەرەوەی لـێ وەرگرێـت و ئەفسـەرەکە پێـش خـۆی بـدات بـۆ ژووری سـێدارە و دوای کردنـەوەی هـەردوو دەرگاکـە لـە زیندانییـەکان دەسـت و قـاچ و دەمـی ئەفسـەرەکە ببەسـتن و لـەوێ جێیبهێڵـن، خۆیشـیان بـەرەو دەرەوە بـڕۆن کـە ئۆتۆمۆبێلـی کەسـوکاریان کـە پێشـتر لـە شـەوی شـکاندنی زیندانەکـە ئاگادارکراونەتـەوە و لـە کۆڵانەکانـی پشـت زینـدان لـە چاوەڕوانـی ئـەوان دان، تـا بـە گەیشـتنیان بـە کۆڵانـەکان دەسـتبەجێ و بـێ دواکەوتـن بـەرەو دەرەوەی شـاری موسـڵ و ناوچـە ئازادکراوەکانیـان ببـەن، بـەڵام ئەوەیـان کارێکـی زۆر سـەخت و شـیمانەی سـەرکەوتنی کـەم بـوو.

لـە هەوڵـی یەکـەم هیـچ کارمەنـد و پاسـەوانێکی زینـدان هاوکاریـان نەبـووە بـۆ هەوڵـی شـکاندنەکە تـا بـەلای کـەم ئـەو هێنانـە ژوورەوەی دەمانچـە بێدەنگەکـە بـە پەلـە و بەئاسـانی بگەیەنێتـە دەسـت زیندانییـەکان، کـە ئەمـە هـۆکاری هـەرە سـەرەکی شکسـتی هەوڵەکەیـان بـووە، چونکـە هێنانـە ژوورەوەی دەمانچـەی بێدەنـگ و کۆمەڵێـک فیشـەک هـەر بـەوان

دەکرا، ئەگینا لەناو خواردن و دۆڵمە نەدەگەیشت و دەگیرا، کە شیشیان لە هەموو جۆرە خواردنێکی وەکو (دۆڵمە، کفتە، سەروپێ، بریانی، شفتە، گۆشتی برژاو، شلە و ...هتد دەدا)، کە خۆیشم مەنجەڵی خواردنم بردۆتە ژوورەوە و شیشی لێدراوە.

هۆکاری شکستی هەوڵی یەکەم چەند خاڵێک بوون، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

یەکەم: دەمانچەکە لەکاتی خۆی نەگەیشت، بەر لەوەی بگات، ئەکرەمی حەپسە بڕیاری جێبەجێکردنی سزاکەی واتە لەسێدارەدانی هاتەوە، گەر لەدوادیداریش دەمانچەکە بگەیشتبا هیچ سوودێکی نەدەبوو، چونکە ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان دەهاتەوە، هەر لەدوای کاتژمێری هەشتی بەیانی ڕۆژی دوادیدەنی دەستی کەلەپچە دەکرا تا کاتژمێری دوازدەی شەو کە لەسێدارە دەدرا، ئەو ڕۆژە بەردەوام پاسەوانیان بە دەورەوە بوو، بۆیە پێم وایە هەم ئەکرەم و هەم کەسوکارەکەشی زانیویانە تازە بێهوودەیە لەدوادیدار و ڕۆژی جێبەجێکردنی لەسێدارەدان بتوانن هەوڵەکە بدەن، بۆیە دەمانچەکەیان نەبردۆتە ژوورەوە.

دووەم: بەر لەسێدارەدانی ئەکرەم-یش بەڕێوەبەرێتی زیندان هەستیان بە جموجۆڵێک کردبوو کە هەوڵێک لە ئارادایە بۆ شکاندنی زیندانەکە، کە ئەمەش وایکرد بێن و تەواوی بەشی ژووری سێدارە بپشکنن. پێش پشکنینەکەش چەند زیندانییەک بانگکراون، داوایان لێکراوە زانیارییان پێبدەن، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتووە بۆیە لە ناکاو چوونەتە بەشی سێدارەو تەواوی ژوورەکان بەدوای دەمانچە، چەقۆ و کەرەستەی شکاندنی دەرگاکانی زینداندا گەڕاون، کە ئەم ڕێکارەش بۆتە هۆکاری ساردبوونەوە و دواخستنی زیندانییەکان لە بەردەوام بوونیان بۆ هەوڵی شکاندن و ڕاکردن لە زیندان.

سێیەم: هەوڵەکە هەوڵێکی ڕێکخراوەیی نەبووە و هەوڵێکی تاکە

کەسی بووە، کە هیچ پارتێک لە پارتەکانی کوردستان لە هیچ کام لە هەوڵەکان ئاگادار نەبووینە، بەتایبەت کە هەوڵی یەکەم و پەیداکردنی دەمانچەکە لە ڕێگەی پەیوەندی خزمایەتی ئەکرەمی حەپسە و مستەفا چاوڕەش ڕەوان کراوە، بۆیە لەگەڵ لەسێدارە دانی ئەکرەمی حەپسە پلان و هەوڵەکە کۆتایی پێهاتووە و دوای ئەو شکستی هێناوە، کە دەبوایە دەمانچەی بێدەنگ بەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوا بکرابایە تا دوای نەمانی ئەکرەمی حەپسەش هەوڵی بردنە ژوورەوەی بدرابایە بۆ جێبەجێکردنی شکاندنی ژووری سێدارە و ڕاکردنی زیندانییەکان.

هەوڵی دووەمی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانەکە، ڕاستە دوو پاسەوانی زیندان هاوکاریان بووینە وەلێ کارەکان زۆر بە سستی ڕۆیشتوون، چوار مانگی خایاند نەتوانرا شیشی دوو دەرگای زیندان ببڕنەوە، چونکە تەنیا لەکاتی ئێشکگری شێخ فازڵ و شێخ مەردان دەیانتوانی شیشەکان ببڕنەوە، ئەویش گەر کاتی ئێشکگرییەکانیان درەنگانی شەو بوایە نەیاندەتوانی شیشەکان ببڕنەوە چونکە دەبوایە دوای کاتژمێری دەی شەو گلۆپەکان بکوژێننەوەو بخەون. هۆکارێکی دیکەی سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پشتیان بە دەمانچە و چەک نەبەستووە کە زۆر گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکەیان. شیمانەی بردنە ژوورەوەی نەک دەمانچەیەک بەڵکو چەند دانەیەک لە ڕێگەی شێخ فازڵ و شێخ مەردان بۆ ئەوان زۆر ئاسانتر بوو لە بردنە ژوورەوەی دەمانچەیەک لەلایەن کەسوکاری زیندانییەکان بەهۆی شاردنەوەی دەمانچە لەناو خواردن، کە (٩٩٪٩٩)دا دەگیرا و چەند کەسێکی دیکەش تیادەچوون.

پەلاماردان و دەستبەسەردا گرتنی هەر سێ تاوەری دەوروبەری ژووری سێدارەی زیندان زۆر گرنگ بوو، کە دەبوایە لە هەردوو

هەوڵەکـەدا بـە بایەخـەوە گرنگـی پێـی بدرایـە و هەنـگاوی بـۆ بنرابایـە، لـە هەوڵـی یەکـەم بڕیـار درابـوو کـە دەسـت بەسـەر تاوەرەکانـدا بگـرن، پاسـەوانەکان چـەک بکـەن بـۆ بەدەسـتهێنانی چـەک و سـەرکەوتنی سـەدا سـەدی هەوڵەکەیـان، بـەڵام لـە هەوڵـی دووەم هەرچەنـدە باسـی کـراوە، بـەڵام گرنگـی وای پـێ نـەدراوەو هەنـگاوی ڕاسـتەقینەی بـۆ نەنـراوە، کـە بەبێ گرتنی ئەم تاوەرانـە شیمانەی سـەرکەوتنی هەوڵەکە و دەربازبوونی زیندانییـەکان کـەم بـوو، بـۆ ئەمـەش بەتایبـەت لـە هەوڵـی دووەمـدا دەبوایـە ئەوکاتـە هەوڵەکەیـان جێبەجێ بکرایـە کـە فازڵ و مەردان ئێشـکگرن، چونکـە بـۆ ئـەوان ئاسـانتر بـوو بەهـۆی فیڵێـک یـان بیانوویـەک بـە دوو دەمانچـەی بێدەنـگ بچنـە سـەر تـاوەرەکان، پاسـەوانەکان یـەک لـەدوای یـەک چـەک بکـەن و بیانهێننـە خـوارەوە لـە ژوورەکان دەسـت، قـاچ و دەمیـان ببەسـتن، چونکـە بـۆ زیندانییـەکان کارێکـی مەحـاڵ بـوو کـە پاسـەوانی سـێ تـاوەر بـە چەقـۆ بگـرن یـان بکـوژن، کـە تەنیـا یەکێکیـان نەخـەوتبێ و یـەک فیشـەک بتەقێنـێ یـان هـاوارێ بـکات تـەواوی هەوڵەکەیـان هەڵدەوەشـێتەوە.

سـەرەڕای ئـەوەی کەموکـوڕی زۆر لـە هـەردوو هەوڵەکـەدا بـەدی دەکرێـت، بەتایبـەت هەوڵـی یەکـەم کـە تەنیـاو تەنیـا پشـتیان بـە گەیشـتنی دەمانچەیەکـی بێدەنـگ و هەوڵـی تاکەکەسـی ئەکرەمـی حەپسـە بەسـتبوو، کـە بـە نەگەیشـتنی دەمانچەکـە و لەسـێدارە دانـی ئەکرەم هەوڵەکـە بەتـەوای هەڵوەشـاوەتەوە، کـە دەبوایـە زیندانییەکانـی ژووری سـێدارە بیـر لـەوە بکەنـەوە و قسـە لەگـەڵ ئەکرەمـی حەپسـە بکـەن بـۆ ئـەوەی دەمانچـە بێدەنگەکـە بداتـە کەسـێک کـە ئـەوان دیـاری دەکـەن تـا بگەیەنرێتـە ژووری سـێدارە، باشـترین کەسـیش بـۆ گەیاندنـی دەمانچەکـە پاسـەوانەکانی هەوڵـی دووەمـی شـکاندنی زیندانەکـە (شـێخ فـازڵ و شـێخ مـەردان) بـوون، کـە بـە خزموکەسـی زیندانییـەکان نەدەکـرا دەمانچـە بگەیەننـە ژوورەوە.

وەلـێ سـەرەڕای هەمـوو کەموکـوڕی لـە پـلان و نەخشـەی هەوڵـی

شکاندنی زیندانەکە، دوو هەوڵی زۆر گەورە و گرنگن، چونکە زیندانییەکانی ژووری سێدارە تەنیا پشتیان بە خۆیان و بە کەسوکاریان بەستووە بۆ پیادەکردنی هەوڵەکانیان.

## بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
## لە ساڵی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)

| ژ | ناوی کتێب | نوسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ١ | الدولة الفاشلة | عدنان منصور | ٢٠٢٤ |
| ٢ | پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا | محمد فاتح | ٢٠٢٤ |
| ٣ | مواقف و آراء | جلال طالباني | ٢٠٢٤ |
| ٤ | شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا | جەلال تاڵەبانی | ٢٠٢٤ |
| ٥ | الهم الوطني | اعداد: محمد شيخ عثمان | ٢٠٢٤ |
| ٦ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٢٤ |
| ٧ | پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ڕێکەوت اسماعیل | ٢٠٢٤ |
| ٨ | بیرەوەرییەکانم | نەجمەدین گلی | ٢٠٢٤ |
| ٩ | دەرکەوتن لە میدیا ڕێنمایی سەرەتایی بۆ کاندید | بەهێز حسێن | ٢٠٢٤ |
| ١٠ | سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان | د. ئەکرەم میهرداد | ٢٠٢٤ |
| ١١ | بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان – بەرگی یەکەم | سامی قادر | ٢٠٢٤ |
| ١٢ | تۆماری سەروەری (٨) بەرگ | ئازاد سەراوی | ٢٠٢٤ |
| ١٣ | جەنگی سارد | ڕێکەوت ئیسماعیل | ٢٠٢٤ |
| ١٤ | ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی دووەم | گۆران سەلام محمد | ٢٠٢٥ |
| ١٥ | ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی سێهەم | گۆران سەلام | ٢٠٢٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | الشرارة – دوو بەرگ | پرۆژەی هاوبەش – بنکەی ژین | ٢٠٢٥ |
| ١٧ | ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا | عەباس عەبدولڕەزاق | ٢٠٢٥ |
| ١٨ | شۆڕەشەک ژ هەلەمورا شۆڕەشەکێ کاروانێ ٣٨ شۆڕەشگێڕان | ن: بلند شالی کوردیکرن: محسن عەبدلرەحمان | ٢٠٢٥ |
| ١٩ | پارتیزانەکانی دوای ئەنفال | محمد تەقی | ٢٠٢٥ |
| ٢٠ | فەرهەنگی سیاسی | برایم جەلال | ٢٠٢٥ |
| ٢١ | سەروەرانی زیندانیانی موسڵ | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٢٠٢٥ |
| ٢٢ | شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ | محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی | ٢٠٢٥ |
| ٢٣ | في ادبيات حركة الكردايتي | ن: ستران عبدالله ترجمە: علي شمدين | ٢٠٢٥ |
| ٢٤ | کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد | جەلال تاڵەبانی | ٢٠٢٥ |
| ٢٥ | یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا | دەقی عەرەبی:جەلال تاڵەبانی وەرگێڕان: شاسوار جەلال | ٢٠٢٥ |
| ٢٦ | سەنگەر و خوێن | :ئامادەکردنی ئەمیرە محەمەد | ٢٠٢٥ |
| ٢٧ | بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر | ئەمیرە محەمەد | ٢٠٢٥ |
| ٢٨ | گەشتێک بەناو فیکر و فەلسەفەی جیهاندا | ئەردەڵان عەندوڵڵا | ٢٠٢٥ |
| ٢٩ | كركوك الهدف الخفي و هوية المكان | لطيف فاتح فرج | ٢٠٢٥ |
| ٣٠ | ستران عەبدوڵڵا | مام جەلال – لەپەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە | ٢٠٢٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣١ | محەمەد مەنگوڕی | شەوێک لە شازدە مانگەی ئینفرادی ئەمنی هەولێر | ٢٠٢٥ |
| ٣٢ | محەمەد حەمە تەقی | چراکانی شاخ - چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ | ٢٠٢٥ |
| ٣٣ | د. هاشم زێباری | نەفرەتا زێڕێ رەش - ئەزمونا حوکلڕانی یا کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٤ | عەدالەت عەبدوڵڵا | مؤتمرات المعارضة العراقية و خطاب مام جلال الوحدوي - مؤتمر لندن نموذجا | ٢٠٢٥ |